١٩٠
لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

# گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٣٣)- (٧)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی

# ئامانجی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی تەنیا پەرەپێدانە، پەیوەندیی بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستورەوە نییە

حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بە مەبەستی سەرخستنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانیی ئەو ناوچانە، جێگۆڕکێیان بە قەزا و ناحیەکانی پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووك و دیالە کردووە

بەداخەوە پرسە سیاسییەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر هەوڵ و ئامادەکارییەکانی سەرژمێریی گشتی هەبووە، هەتا دەگەینە ئەو ساتەی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەو پرسانە بدەین، پرسی سیاسی کاریگەریی هەر دەمێنێت

پێش کارەساتەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، تەنیا ٦٠ خێزانی عەرەب لە ناو قەزای مەخموور هەبووە، لە ماوەی ئەم ٧ساڵەی دواییدا ژمارەی خێزانی عەرەب گەیشتووەتە ٧٥٠ خێزان و هیچ دوور نییە لەمەش زیاتر ببێت



**١٩٠**

**لیستی پارتی**
**دیموکراتی کوردستان**

# پارتی (خۆنەچەماندن)ی
# کردە وێردی سەر زمانی
# گەورە و بچووکی کوردستانییان













■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی سالح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

**Web: www.gulanmedia.com**

لیستا پارتی

دیموکراتی کوردستان

۱۹۰

# دگەل پارتی

# بەرەف ئەلندەکا گەشتر



١٩٠
لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

# پارتی لەکوێ بێت، ئاوەدانی لەوێیە



# گفتوگۆی پرسە نیشتمانییەکان لەناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا

لە ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ڕابردوو، بازنەی گفتوگۆ بیست و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ ئەوەی بە ئامادەبوونی پۆلێك لە پسپۆڕ و تایبەتمەند و دەستەبژێری عێراقی و کوردستانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر «پرسی سەرژمێری گشتی لە عێراق و ڕەهەندە سیاسیی و ئاکامەکانی» بەڕێوەببات، ئەو کات کە کۆبوونەوەکە بەرواری ٢٥ی ئەیلوولی دەستنیشانکرد، بڕیار بوو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠ی ئەیلوول دەست پێبکات، بەڵام بیست و یەکەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ هاوکات لەگەڵ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

لەم گفتوگۆیەدا چەند پسپۆڕێك و تایبەتمەند لە وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە لە بەغداوە بۆ ئەم گفتوگۆیە هاتبوون بۆ هەولێر، لە دەستپێکی گفتوگۆکە عەبدولزەهرە ئەلهینداوی وتەبێژی فەرمی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بە سەرسامییەوە پێی گوتین «ئەم ژینگەیەی ئێستا کە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیبینم هەمان ساتەوەختی ئاهەنگی ڕاگەیاندنی دەستپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام هەر لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ئەم پارتەوە، ئێمە لێرە کۆبووینەوە گفتوگۆی جددی لەسەر پرسێکی چارەنووسسازی تایبەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەین، سەرسامم، بەوەی ئەمە یەکەمجارە لە عێراقدا ئەوە دەبینم کە ڕووداو و ژاوەژاوی سیاسی پرسە نیشتمانییەکان دانەپۆشێت».

لەسەر ئاستی بەشداربووانی دیکە کە هەموویان کەسایەتی پسپۆڕی دیاری ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بوون، بەشی هەرە زۆریان دەبوو لە ڕێوڕەسمی ئاهەنگی دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەشداربن، بەڵام هاتبوون بۆ ئەم گفتوگۆیە و ئەم پرسەیان بەلاوە گرنگتر بوو، بۆیە ئەمەش میوانە عەرەبەکانی سەرسام کردبوو و ، ڕاشکاوانە پێیان گوتین «لەسەر ئاستی دەوڵەت و نیشتمانسازی لۆژیکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان لەسەرووی لایەنە سیاسییەکانی عێراقەوەیە».

هۆکاری سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی «پرسی سەرژمێری گشتی لە عێراق و ڕەهەندە سیاسیی و ئاکامەکانی» بۆ ئەوەی ببێتە تەوەرێکی سەرەکی گفتوگۆی ئەمجارە ، لەبەرچاوگرتن و بەهەند وەرگرتنی ئەم خاڵانە بوون:

١- کێشەی سەرەکی تەواوی شۆڕشەکانی کوردستان هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تا دەگاتە ئێستا، کێشەی داگیرکردنی خاکە و، یەکێك لەو میکانیزمانەی هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە پێشنیازکراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو خاکە داگیرکراوانە، ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی بووە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٢- لە ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ وەك بەندێکی ناو ئەو ڕێککەوتنە، پێداگیری کرابوو لەسەر ئەوەی یان بە ئاکامی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ کێشەی ئەو ناوچانە لە «شنگال تا دەگاتە مەندلی» چارەسەر بکرێت، یان سەرژمێرییەکی تازەی دادپەروەرانە بکرێت و بکرێتە بنەما بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە و سەلماندنی ناسنامەی کوردستانیبوونیان.

٣- لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ کە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان کرایە ماددەیەکی دەستوری کە ئەویش ماددەی ١٤٠ بوو، لەم ماددە دەستوورییەدا ، بە سێ قۆناخ چارەسەرکردنی کێشەی



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی دابەشکرد ئەو سێ قۆناخەش بریتی بوون لە « ئاساییکردنەوەی باردۆخی ئەو ناوچانە، ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە، ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ یەکلایکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە»، بەڵام بەداخەوە ئەم مادده دەستورییە بە ئەنقەست جێبەجێکردنی پشتگوێ خرا، بەڵام بە پێداگیری سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دانوستاندنەکانی ڕێککەوتنی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی حکوومەتەکەی محەمەد شیاع سۆدانی کرایە خاڵێك لە پرۆگرامی حکومەت و ، سەر لە نوێ لیژنەی بۆ دانرایەوە و کارەکانی ماددەی ١٤٠ کاراکرانەوە ، بۆیە ئەم پرسە» سەرژمێری گشتی دانیشتوان» پێش هەموولایەك خەمی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

لەگەڵ ئەوەی نوێنەری وەزارەتی پلاندانانی عێراق لەم گفتوگۆیە زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئامانج لە سەرژمێری گشتی دانیشتوانی ئەمساڵ « ٢٠٢٤»، تەنیا ئامانجی پەرەپێدانە، بەڵام تەوەری سەرەکی گفتوگۆکە و ئەوانەشی کە قسەیان بۆ ڕاپۆرتە مەیدانیەکەی بازنەی گفتوگۆ کردبوو، ئەو مەترسییانە بوون کە ئەگەری هەیە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان هەر « لە شنگال تادەگاتە خانەقین و مەندەلی» بە هۆکاری سیاسیی سەرهەڵبدەن، یان بەجۆرێکی دیکە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە بکرێتە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بەکارهێنانی دژی ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە.

لەم گفتوگۆیەدا جۆرێك لە گەشبینی بە هاریکاری و هەماهەنگی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوونی هەبوو، بەوەی دەتوانرێت بە سەرکەتوویی پڕۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە عێراقیش و هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەڵام هەندێك کێشەی تەکنیکیش وەك بریکاری وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسی بەشی ژمێریاری لە دەستەی ئاماری هەرێم پێیان ڕاگەیاندین هەتا ئێستا چارەسەر نەکراون و، هەتا ئێستا سەنتەری داتای هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی سەنتەری داتای فیدراڵی دانەمەزراوە، هەروەها پڕۆسەی «گەمارۆدان و ژمارەکردن» کە قۆناغی پێش کۆتایی پڕۆسەی سەرژمێرییەکەیە و ماوەی مانگێك زیاترە لە پارێزگاکانی عێراق دەستی پێکردوە، بەڵام هێشتا لە هەرێم دەستی پێنەکراوە، بۆیە ئەگەر پەلە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نەکرێت لەوانەیە نەتوانرێت لەبەرواری دیاریکراودا پڕۆسەکە بەسەرکەتوویی ئەنجام بدرێت.

ماوەتەوە بڵێم بەشی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پرسی سەرژمێری دانیشتوان بەگشتی و سەرژمێری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەك میکانیزمی سەرەکی کێشەی خاك و سەروەریی کوردستان سەیر دەکات و بە بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی دادەنێت، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژە دایە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەساڵی «١٩٤٦»ەوە کێشەی خاکی کردۆتە کێشەی سەرەکی و لەم پێناوەدا خەباتی کردووە و قوربانی بۆ داوە، ئەم ڕێبازە بەهەمان نەفەس و ئیرادەوە درێژەی دەبێت و ئەم بازنەی گفتوگۆیەش کە دەبێتە بابەتێکی گرنگ لەناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و، تەواوکاری ئەو دروشمەیە کە بەرزمان کردۆتەوە» ئارامی و ئاوەدانی، پێکەوەیی و خۆڕاگری .

بیست و یەکەمین بازنەی گفتوگۆ

# پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی



ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ بازنەی گفتوگۆ، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتۆگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و تایبەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵك، بیست و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە «شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حوسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد» ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ ئامادە بوون، زۆر بە چڕی و وردی چەندین پرسی هەستیاری نەتەوەیی و نیشتمانی و تایبەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵك تاوتوێ کران و، یەکێك لەو پرسە گەرمانەشی کە کۆبوونەوە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر کرد، «پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی» بوو. کۆبوونەوە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم هۆکارانە بڕیاری دا، ئەم پرسە ناونیشانی بیست و یەکەمین گفتوگۆی «بازنەی گفتوگۆ» بێت:

- لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، هەتا ئێستا هەشت پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا کراوە، بەڵام لە کۆی هەموو ڕاپرسییەکان بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسییەوە نەتوانراوە تەواوی دانیشتووانی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە لەو سەرژمێرییە تۆمار بکرێن و، نەتوانراوە داتای دروست لەسەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بە دروستی تۆمار بکرێت، بۆیە داتا و زانیارییە کۆکراوەکانی ئەو سەرژمێرییانە پشتیان پێ نابەسترێت.
- لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نەبوو، پرۆسەی سەرژمێری لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نەکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ٣٧ ساڵە سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان و لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش ماوەی ٢٧ ساڵە ئەنجام نەدراوە.
- پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ناسنامەی کوردستانیبوونی خاك و دانیشتووانەکەی وەك میکانیزمێکی یەکلاکەرەوە لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە.
- لە سەرژمێریی ئەمجارەشدا کە بڕیارە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت، وەزارەتی پلاندانانی هەرێم و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان چەندین تێبینییان هەیە و، هەتا ئێستا داتا سەنتەری هەرێم دانەمەزراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات و تیایدا ڕاوبۆچوونی پسپۆڕانی جیاواز وەربگرێت، ئەم بەڕێزانەش بانگهێشت بکرێن، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکەدا بەشداری بکەن:

١- عەبدولزەهرە ئەلهینداوی، وتەبێژی فەرمیی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی.
٢- سیروان محەمەد، بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٣- نیدا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی.
٤- د.ماجید شنگالی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
٥- د.ئەمین ئەلئیدریسی، مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین.
٦- د.حەسەن کاکی، ئەندامی بەشی دیراسات و پێگەیاندن لە پارتی دیموکراتی کوردستان.
٧- د.سامیە خالید، تایبەتمەند لە بواری ئاماری پراکتیکی.
٨- د.سەباح خۆشناو، مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین
٩- د.محەمەد شوانی، مامۆستا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
١٠- سوبحی مەندەلاوی، نووسەر و چاودێری سیاسی.
١١-گۆهەدار محەمەد، سەرۆکی کەرتی تەکنیکی و مەیدانی لە سەرژمێری لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
١٢- د.چنار موحسین، تایبەتمەند لە سەرژمێریی دانیشتووان - زانکۆی دهۆك.
١٣- د.سیروان مەخمووری، پسپۆڕ لە جوگرافیای سیاسی و ناوچە دابڕێندراوەکان.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ:

شڤان حەمدی، پ.نەزاکەت حوسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد.



## راپۆرتی مەیدانی بازنەی گفتوگۆ

# پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکانی

لە بیست و یەکەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا، بە ناونیشانی «پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاسایی و ئاکامەکانی»، بازنەی گفتوگۆ، ڕاپۆرتێکی مەیدانیی لە سەرانسەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە و، تیایدا دیدوبۆچوونی جیاوازی کۆمەڵێك دەستەبژێر و پسپۆڕی وەرگرتووە، بە ئامانجی ئەوەی پێش دەستپێکردنی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە، پیشانی ئامادەبووان بدرێت، بۆ ئەوەی وەك ڕایەڵەك بیروبۆچوونی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بە گفتۆگۆکەوە گرێ بدەینەوە، بۆ:

- بە ڕای بەڕێزتان ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) لە ئەمساڵدا، سوود، یان زیان بۆ پێگەی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت؟
- ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا تا چ ڕاددەیەك دەتوانێت کێشەکانی پەیوەست بە ناوچە کێشە لەسەرەکان لە نێوان هەرێم و بەغدا یەکلایی بکاتەوە؟
- چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیەی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا بە قازانجی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بشکێتەوە؟

بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپۆرتە مەیدانییەکەیان داوەتەوە:



### خەلیل عەبدولغەفار ئابووریناس:

# لەم سەرژمێرییەدا ڕێژە و پشکی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی گشتیی عێراقدا دەردەکەوێت

○○○

سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان داتا و ئاماری ورد دەخاتە بەردەستمان بۆ پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. سەرژمێری کە ئەنجام دەدرێت، بۆ دانانی پلانی دوارۆژ گرنگە، بۆ ئەوەی بزانین بارودۆخی ئێستا چۆنە و پلانمان بۆ دوارۆژ چۆن دەبێت. وەرگرتنی ئەو زانیارییانە بۆ ڕاست و دروستیی پلانەکانمان پێویستە. من لێرەدا وەکو ئابووریناسێك زیاتر قسە لەسەر گرنگی و ڕۆڵی سەرژمێرییەکە دەکەم، لە ڕوانگەی ئابووری و دەستکەوتنی زانیارییەکانی تایبەت بە تاکەکەسی و تەمەن و ڕێژەی بێکاری و هەژاری و کەرتەکانی دیکەی پەروەردە و تەندروستی، لەمەش گرنگتر ئەو زانیارییە وردانەیە کە بە هۆی داتا و زانیاریی ناو سەرژمێرییەکە دەتوانرێت، شیکاریی وردی بۆ بکرێت و بە دەستمان بکەوێت و لە ڕوانگەی سیاسی و ئابووریشەوە ڕۆڵی ورد و گرنگی لەسەر بڕیارەکان هەبێت. لەوانە بۆ نموونە، تا چەند پێویستمان بە بەرهەمی نێوخۆیی هەیە، تاوەکو پێداویستیی نێوخۆ پڕبکەینەوە، لەمەش گرنگتر ڕێژە و پشکی دروستی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی گشتیی عێراق دەردەکەوێت و پەسەند دەکرێت و کۆتایی بە کێشەیەکی هەڵپەسێردراو دێت، کە چەندین ساڵە پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی گشتی عێراقدا کەم دێتە دانان.

گرفتەکە لەوەدایە کاتێك بڕیارێکی ئابووری دەردەکرێت، زیاتر خەسڵەتی سیاسەتی پێوەیە و کاریگەریی توندی لەسەر بڕیارە ئابوورییەکە هەیە. کاتێك بڕیاری ئابووری دەردەکرێت، تا چەند دێتە جێبەجێکردن، زیاتر بۆ بڕیاری سیاسییانە دەگەڕێتەوە. هەرچۆنێك بێت لەم سەرژمێرییەدا پێویستە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی دروستی ژمارەی دانیشتووانی دەست بکەوێت، تاوەکو بەرگریی لە خۆی بکات و، ئاماژە بەو داتا و ڕێژەیەی ژمارەی دانیشتوان بکات، بەوەی ئێمە ئەم ژمارە ڕاستەقینەمان هەیە و پێویستە ڕێژەی ژمارەی دانیشتووان ببێتە بنەمایەك بۆ دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان. خۆ ئەگەر لایەنی سیاسی لە عێراق ئینکاری ئەم بابەتە بکەن، ئەوا تۆ لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە توانیوتە بە سەرژمێرییەکەی خۆیان ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووان و زانیارییەکانی دیکەت لە بەردەستدا بێت، بۆ جەسپاندنی لەناو پڕۆژە یاسای بوودجەدا، کە چیتر بەهانە و دەستتێوەردانی سیاسی و بەرژەوەندیی تایبەتی لەم پرۆسەیە تێکەڵ نەکرێت.

## دکتۆر عەبدولوەهاب چروستانی / سلێمانی:

# هەتا کێشەی ئاوارەی ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر نەکرێت و نەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، پرۆسەی سەرژمێری گشتی سەرکەوتوو نابێت و باشترە لەو ناوچانەدا نەکرێت

○○○

هیچ سەرژمێرییەك لەم بارودۆخە نالەبارە لە بەرژەوەندیی کورد و کوردستانییەکان نییە، ئەوانیش لە بەغدا بۆیە لەم کات و ساتەدا سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئەنجام دەدەن، چونکە باش دەزانن، ئەم سەرژمێرییە لە بەرژەوەندیی دانیشتووانە کوردستانییەکەی ناوچە جێناکۆکەکان نابێت، پێناچێت لەم بارودۆخەشدا شتێك کە لە بەرژەوەندی کورد بێت، بەغدا ئەنجامی بدات، یان بە حەماسەوە هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی هەڵبگرێت. کورد لە ئێستادا برسییە و بۆ مووچە و بوودجە پشت بە بەغدا دەبەستێت. کورد لە ئێستادا بە ئاستێك ناکۆك و ناتەبایە، کە کەسانی وا هەن، هەرچی زانیاری و داتای دژ بە کورد هەیە، دەیبەنە بەغدا بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی. بەداخەوە هەندێك جار بە حزب و هەندێك جار بە کەسایەتی ئەم دژایەتییەی هەرێمی کوردستان دەکرێت. ئەوەتا باس لەوە دەکرێت، ٣٠٠ هەزار کەس لە نەتەوەی کورد لەپارێزگای کەرکووك نەماون و بەپێچەوانەوە ٣٠٠ هەزار عەرەبی ناوچەکانی باشووری عێراق هێنراون بۆ کەرکووك و بە دەیان گەڕەك بۆ عەرەبەکان دروست کراون. ئەو کوردانەی کەرکووك کە چەندین ساڵە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی ئاوارە بوون، ئەو ڕۆحییەت و توانایەیان تێدایە کە بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك و وزەیەك و ژیانەوەیەك بدەن بە کەرکووك، بەڵام من هەرگیز بڕوا ناکەم، ئەو کوردە زۆرەی ئاوارە و دەربەدەر بوون و لە ئێستادا لە شارەکانی هەولێر و سلێمانین بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوەش ئەوا ڕێژەیەکی زۆر کەم دەگەڕێنەوە، بە ناهەقیشیان نازانم کە ناگەڕێنەوە. لەلایەکی دیکەوە کە ئێمە سوور بزانین، لە پرۆسەیەکدا شکست دەهێنین و زیانمان پێ دەگات، باشتر وایە نەیکەین.



گرنگە دانیشتووانە کوردەکەی ناوچە جێناکۆکەکان هەست بەم بەرپرسیارێتییە بکەن، بۆ ئێستای خۆیان نا، بەڵکو دڵنیا بن، نەوەکانی خۆیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆر لەدەست دەدەن. ئەوەتا دیالە و گوندەکانی بە تەواوەتی چۆڵ کراون. لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی زۆر لە بەغدا نزیك دەبنەوە و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان شکستمان پێ دەهێنن، بیر لەوە ناکەنەوە، کە لە سەردەمی ساڵانی شەستەکانەوە چ ئازار و کۆمەڵکوژییەکمان دەرهەق ئەنجام دراوە. لە ساڵی ١٩٦٣ چی بە کورد نەکرا؟ بە سەدان گەنج خرانە ناو تەوێڵەکەی حامییەوە، دەنکە جۆیان لەناو تەپاڵەی حەیواندا دەرهێناوە و خواردوویانە و بە سەدان کەس گوللەباران کران. (مامۆستا یاسین)یان لە یاریگاکەی سلێمانی کوشت، تەنانەت حاکم ئەحمە و باوکی دکتۆر بەرهەم دەستگیر کرابوون. پێشمەرگە شەهید دەکرا و تەرمە پیرۆزەکەیان دەسووتاند و لە پشتەوەی زیلی سەربازی ڕایاندەکێشا. دەبێت گەنجەکانمان بیری هەموو ئەمانەیان هەبێت، ئێمەش دەبێت بۆ نەوەکانی دوای خۆمان باسی بکەین و دەستبەرداری مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆمان نەبین.

## د. محەمەد عامر مامۆستای زانکۆ:

# لە کاتێکدا کە لە عێراق زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمیین، ئەی بۆچی لەم سەرژمێرییەدا گرنگیی پێ نەدراوە؟

## د. خەڵات موسا مامۆستای زانکۆ:

# دەبێت بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاسایی بکرێنەوە، ئینجا سەرژمێریی گشتی لەو ناوچانە بکرێت



سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، پرۆسەیەکی ئاساییە بۆ زانین و دەستکەوتنی گشت زانیارییەك لەسەر ژمارەی دانیشتووان و زانیاری لەسەر هەموو تاکێکی خەڵکی عێراق، هەرێمی کوردستانیش وەکو هەرێمێکی دەستووری و یاسایی لەناو چوارچێوەی عێراقدا ئەو سەرژمێرییە دەیگرێتەوە. لەم سەرژمێرییەدا هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە دیار دەکەون، بەتایبەتی لە سێکتەرەکانی خوێندن و تەندروستی و زیادبوونی ژمارەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لە پارێزگا و دەڤەرەکان، بەراورد بە پارێزگا و دەڤەرەکانی دیکە. ڕەنگە مەترسییەکە تەنیا لەوەدا بێت، کە زۆر ناوچەی کوردستانی لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە کەرکووك و دیالە و مووسڵ کە هێشتا ماددەی ١٤٠ی دەستووری تێیدا جێبەجێ نەکراوە و نەتوانراوە بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێنەوە، بەتایبەتی کە تاوەکو ئێستا خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانە و کوردی ڕەسەنی ئەو پارێزگایانە نەگەڕاونەتەوە سەر زێدی خۆیان و خەڵکێکی زۆری عەرەبی هاوردەش هەن، کە نەچوونەتەوە شوێنی ئەسڵیی خۆیان.

گومان لەوەدا نییە، کە سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان گرنگی خۆی هەیە و بۆ خەڵکیش زۆر گرنگە، چونکە بێ سەرژمێری و بێ داتا، نە پلان جێبەجێ دەکرێت و نە وڵات بەڕێوەدەبرێت. بۆیە هیچ گومانێك لەسەر گرنگیی سەرژمێری گشتی نییە، بەڵام کێشە و گومان کاتێك دێتە پێشەوە، کە عێراق ئەو سەرژمێرییە بەو مەبەستە دەکات، کە ڕێژەی دانیشتووانە کورد و کوردستانییەکەی ئەو ناوچانە بشارێتەوە. واتە لە ڕێگەی سەرژمێرییەوە داتا و زانیارییەکان بە هەڵە داڕێژیت و لە سەرژمێرییەکەدا ڕاستییەکان بشاریتەوە و بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاریان بهێنێت. بۆ نموونە لەم سەرژمێرییەدا خانەی دیاریکردنی «نەتەوەی» تێدا نییە، لە کاتێکدا پەروەردگار بە نەتەوەی جیاواز و زمانی جیاواز خەڵقی کردووین.

بۆیە دەبووایە لایەنی کوردی لەسەر زمانی دایك لەم سەرژمێرییە ڕاوەستایە و تێبینی و داواکاریی خۆی هەبێت، بەتایبەتی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، زمانی عەرەبی و زمانی کوردی زمانی فەرمیی وڵاتن. باشە ئێمە چۆن پاڵپشتی لەو سەرژمێرییە بکەین، لە کاتیکدا گرنگی بە زمانی کوردی نەدابێت، کە بەپێی دەستووری عێراق دووەمین زمانی فەرمییە لە وڵاتدا؟ بۆیە ئێمە لە هۆکاری سیاسییەوە، تێبینی و نیگەرانیمان لەسەر بەڕێوەچوونی ئەم سەرژمێرییە هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی ئابوورییەوە تێبینیمان نییە. مەترسی لەوەدایە کە ئەو داتا و زانیارییانەی ئەم سەرژمێرییە گشتییەی عێراق کۆدەکرێنەوە، دواتر بە ئاراستەیەکی دیکە و بۆ مەرامی سیاسی بەکاری بهێننەوە.



## نەوزاد هەمەوەندی مامۆستای زانکۆ:

# دەبێت پرۆسەی سەرژمێریی گشتی، دوور بێت لە مەرامی سیاسی و داتا و زانیارییەکان بە لاڕێدا نەبرێن

○○○

سەرژمێری، گرنگیی لە ڕادده بە دەری بۆ کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە دەبێت هەموو چەند ساڵێك ئەم پرۆسە فراوان و گرنگە ئەنجام بدرێت. بەڵام دەبێت ئەم پرۆسەیەی سەرژمێریی گشتی، دوور بێت لە ئەجیندە و مەرامی سیاسی و ژمارە و زانیارییەکان و داتاکان بە لاڕێدا نەبرێن، یان زۆرجار لە سەرژمێرییەکاندا داتا و زانیاریی هەڵە و بە ئەنقەست بڵاو دەکرێنەوە. لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ماددەی ١١٢ی بڕگەی ١ باس لە ئیدارەدان و بەرهەمهێنانی نەوت دەکات، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و حکومەتی ناوەندیی عێراق سەرپەرشتی دەکرێت و دواتر داهاتەکەی بەپێی ڕێژەی دانیشتووان، دابەش دەکرێت. ئا لێرەدا ئەم خاڵە ڕەنگە سوودێکی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە لە ئێستادا لە پرۆسە یاسای بوودجەی گشتیی عێراقدا بەشێکی داهاتەکەی دەستی بەسەردا گیراوە و نادرێت، کاتێك سەرژمێرییەکە ئەنجام دەدرێت، ئەو کات بەپێی ئەو سەرژمێری و داتا و زانیارییەی کە لەسەر ژمارەی دانیشتووان کۆ کراوەتەوە، مافی تەواوی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوت و بوودجەی گشتیی عێراق دیاری دەکرێت.



### د. ئازاد عەزیز مامۆستای زانکۆ:

# پێویستە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، ناوچە جێناکۆکەکان بارودۆخیان ئاسایی بکرێتەوە، ئەو کات سەرژمێریی گشتی لەو ناوچانە ئەنجام بدرێت

○○○

سەبارەت بەو سەرژمێرییەی کە بڕیارە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی داهاتوو لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، ئەوا زۆر گرنگە گفتوگۆی جددی و ڕاشکاوانەی لەسەر بکەین و بەسەر دوو تەوەردا دابەشیان بکەین:

یەکەمیان: ئەو سەرژمێرییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت. دووەمیان: ئەو سەرژمێرییەی کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکرێت.

سەرژمێرییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ

## پەرلەمانتار و پارێزەر شوان کەلاری:

# پێویستە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بکرێتە بنەما بۆ سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان

○○○

کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەك لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا بە سێ قۆناغ دیاری کراوە و بریتین لە «ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی دانیشتووان، ڕیفراندۆم»، ئەوا ئێستا بارودۆخی ئەو ناوچانە نەك هەر ئاسایی نەکراوەتەوە، بەڵکو لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گەڕاوینەتەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم و دووبارە بە چڕی پرۆسەی بەعەرەبکردنی خاك و دانیشتووانەکەی دەستی پێکردووەتەوە، بۆیەش لە ماددە دەستوورییەکە داوا کراوە، دوای ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی گشتی لەو ناوچانە بکرێت، لەبەر ئەوەیە ئاکامەکانی سەرژمێری لە دوای سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ هەموویان گومانیان لە سەرە، ئەم سەرژمێرییە گشتییەش کە بڕیارە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، ئەگەر لەو بارودۆخە نائاساییەی ئێستا لەو ناوچانە ئەنجام بدرێت، ئەوا ناتوانرێت ئاکامی ئەم ڕاپرسییەش بکرێت بە بنەما بۆ جێبەجێکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە دەبێت ئەم بابەتە ڕێك بخرێتەوە، کە بەداخەوە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تاکو ٢٠٠٣ و دواتر دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر پرۆسەی تەعریب بە شێوەیەکی چڕ بەردەوام بووە. بۆیە هەموو ئەم خاڵانە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر سەرژمێرییەکە دەبێت. بۆیە دەبێت داواکاریی ئێمە ئەوە بێت، سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بکرێتە بنەما، بڕیاریش دراوە بەوەی دەستەی سەرژمێریی هەرێمی کوردستان بڕیاریان هەبێت و لەناو پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان ڕۆڵیان هەبێت. پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بابەتێکی گرنگە و دەبێت ڕۆڵی کاریگەر ببینن و بڕیارەکانیان جێبەجێ بکرێت و وەزارەتی پلاندانانی عێراق لەسەر وردەکارییەکان قسەی جددییان هەبێت.

هەموو کەرتەکان و ئابووری گرنگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو سەرژمێرییەی لەبەردەستیدایە، هەموو پلان و پرۆژەکانی خۆی دابڕێژێت، بەڵام سەبارەت بەو سەرژمێری و دەرئەنجامەکانی کە بڕیارە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجام بدرێت، ئا لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین، بەوەی لەناو هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق پرۆسەی تەعریب لەو ناوچانە بەردەوامی هەبووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پرۆسەی تەعریبەکە ڕانەوەستاوە. بۆیە پێویستی بەوە هەیە، پێش ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، هەموو ئەو مادده دەستووری و بڕگانەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، لەو ناوچانەدا جێبەجێ بکرێن، کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانەی کە تایبەتن بە ماددەی ١٤٠ی دەستووریی هەمیشەیی عێراق، بە شێوەیەك ئەو ناوچانە بگەڕێنرێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان و هەموو ئەو عەرەبە هاوردانەی هێنراونەتە ئەم ناوچانەش، بگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، بە پێچەوانەشەوە هەموو ئەو کوردانەی کەرکووك و ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ کە ئاوارەی شار و پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بوون، بگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان، کە جوگرافیای ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە پێویستە ئاسایی بکرێنەوە، ئەو کات ئەو سەرژمێرییە لەو ناوچانەدا ئەنجام بدرێت، تاوەکو لە ڕووی سیاسییەوە غەدر لە ڕەسەنایەتی و کوردستانییەتی ئەو ناوچانە نەکرێت و، هەندێك لایەنی سیاسی دەرئەنجامی سەرژمێرییەکە بۆ مەرام و ویستی سیاسی دژ بە کورد بەکارنەهێنن.



پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکارییان هەبێت و هەوڵ بدەن لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق پەیوەندییان هەبێت، هاوکات هەوڵ بدرێت، سەرجەم ئەو هاووڵاتییە کوردستانییانەی فۆرمی خۆراکیان، لەسەر کەرکووك و خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن، پێش سەرژمێرییەکە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لەو پارێزگایەی زێدی باوك و باپیرانیانە ئامادەییان هەبێت، چونکە پرۆسەی تەعریب لە سێ قۆناغ بەردەوامی هەبووە. یەکەم: پێش ٢٠٠٣ و دوای شەڕی داعش و پێش ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی تیرۆریستان و قاعیدە و هەندێك کاری سەربازی، بەتایبەتی کە بینیمان لە سەردەمی مالیکی تانك و سوپای بۆ ناوچەکان جووڵاند، لە دوای هاتنی داعشیش بە ڕاستی کوردەکانی ناوچە کوردستانییەکان بە زۆرینە ئاوارە بوون و هاتنە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی سەر وماڵیان پارێزراو بێت، لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش بۆ جارێکی دیکە کۆچێکی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکان دەستی پێکرد. هەموو ئەم خاڵ و ئەو ڕووداوانە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر سەرژمێرییەکە دەبێت. ئەوەتا شارێکی وەکو خانەقین زیاد لە ١٠٠ گوندی کوردەکان چۆڵیان کردووە، لەولاشەوە شارۆچکەیەکی وەکو سەعدییە و جەلەولا بە تەواوەتی کوردیان لێ نەماوە و لەپێناو پاراستنی گیانی خۆیان هاتوونەتە کوردستان و لێرە نیشتەجێ بوون. هەر بۆیە دەبێت هەموو ئەم ڕاستی و واقیعانە چارەسەر بکرێن، ئەو کات سەرژمێرییەکە جێبەجێ بکرێت. ئەو کات سەرژمێرییەکە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دەبێت. لەلایەکی دیکەوە لە بابەتی کەرکووك لە دەستووردا هاتووە، دوا خاڵی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری تایبەت بە یەکلاکردنەوە، دەبێت دوای ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە سەرژمێریی ئەنجام بدرێت.




هەر خۆی لە خۆیدا سەرژمێری ڕیفراندۆمێکە، ئەگەر بە پاکی و بێ دەستتێوەردانی سیاسییەکان بکرێت. ئەگەر تەعریب حیسابی وردی لەسەر کرا و دەرکەوت زۆرینەی دانیشتووانەکەی ئەو ناوچانە کوردن، ئەو کات تا ڕادەیەك دەرئەنجامی ئەم سەرژمێرییە دەبێتە جۆرێك لە جۆرەکانی ڕیفراندۆم و ناسنامەی ئەم ناوچانە یەکلا دەبێتەوە، بە وەی زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەم ناوچانە کوردن و خاکەکەشی بە هەموو پێوەرێك دەبێت بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش چارەسەرێکی ڕیشەییە بۆ یەکلاکردنەوەی سەرجەم ئەو ناوچانەی کە ئێمە بە کوردستانی دەزانین و لە ئەنجامی پیلانەکانی بەعسی شۆڤێنی بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هەرێمی کوردستان دابڕاون.



## عەبدولزەهرە ئەلهینداوی

وتەبێژی فەرمیی وەزارەتی پلاندانانی عێراق:

# هەتا ئێستا ١٢٠ هەزار ئامێرمان بۆ مەبەستی سەرژمێری هاوردە کردووە

عەبدولزەهرە ئەلهینداوی، وتەبێژی فەرمیی وەزارەتی پلاندانانی عێراقە و یەکێکە لەو پسپۆڕانەی بواری سەرژمێریی گشتی کە ساڵانێکی دوور و درێژە بە کردەیی لە چوارچێوەی بەرنامەکانی وەزارەتی پلاندانانـدا کار لەسەر پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا دەکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، زۆر بە وردی هەڵوێستەی لەسەر دواهەنگاوەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی کرد، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا و بەمجۆرە دیدوبۆچوونەکانی خستە ڕوو:

پێش هەموو شت زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە لەم ڕۆژەدا (٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٤) کە ڕۆژی دەستپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێداگرە لەسەر ئەوەی ئەم گفتوگۆیە لەسەر پرسێکی زۆر گرنگی تایبەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان بکەین، کە ئەویش پرسی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتییە لە عێراقدا. ئێمە هەموو کات لە عێراقدا گوتوومانە، سەدای سیاسەت کاریگەری لەسەر هەموو پرسەکانی دیکە هەیە و ڕێگە نادات کە لەسەر پرسە گرنگەکانی دیکە کەس گوێبیستی هیچ پرسێکی دیکە بێت. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا جارێکی دیکە سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەم، کە بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە کردووە و ئێستا کۆمەڵێک پسپۆڕ و دەستەبژێری کوردستانی و عێراقی گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

بەڕێزان بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە کە ماوەیەکی دوور و درێژە پرۆسەی سەرژمێریی

گشتی لە عێراقدا بەڕێوە نەچووە و، ئەگەر بەتایبەتیش لەسەر هەرێمی کوردستان قسە بکەین، ئەوا لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە کە دەکاتە ماوەی ٣٧ ساڵ، پرۆسەی سەرژمێری گشتیی تێدا ئەنجام نەدراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوایین پرۆسەی سەرژمێری لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٩٧ لە عێراق ئەنجام دراوە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی عێراق، کە هەموو لایەك دەیزانن، لە هەرێمی کوردستان سەرژمێری نەکراوە.

کەواتە چەندین دەیە تێپەڕیوە و ئێمە لە عێراقدا پرۆسەی سەرژمێریی گشتیمان ئەنجام نەداوە، ئەمەش وەك ئەوەیە بچینە ناو دارستانێکەوە کە دارەکان لەبەر چاومانن، بەڵام نازانین بەرەو چ ئاراستەیەك هەنگاو هەڵدەگرین و هیچ شتێك نابینین و نازانین لە کوێدا ڕووبەڕووی مەترسی دەبینەوە. بۆیە کاتێك بە ناچاری بە دارێکی بەرزدا هەڵدەگەڕێین و دەمانەوێت ئاراستەی خۆمان بزانین، دەبینین، ماوەیەکی زۆرە دەڕۆین، بەڵام ئاراستەیەکی هەڵەمان گرتووە. بۆیە دەبێت دووبارە بگەڕێینەوە، کە ئەمەش هەم کاتێکی زۆری دەوێت و هەمیش لەوانەیە بکەوینە مەترسییەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ ـەوە هەوڵێکی زۆر خرایە گەڕ و پارەیەکی زۆر خەرج کرا بۆ ئەوەی زەمینەسازی بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بکرێت و لە ساڵی ٢٠١٠ لە عێراقدا سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدەین، ئەم هەوڵانە بەردەوام بوون، هەتا گەیشتە قۆناغەکانی کۆتایی، بەڵام پرسێك هاتە پێشەوە و بووە ڕێگر و نەتوانرا لەو ساڵەدا پرۆسەی سەرژمێری ئەنجام بدرێت، ئەو پرسەش وەك دواتر دەرکەوت پرسێکی سیاسی بوو نەك تەکنیکی.

لە میانی ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییەی تیایدا ڕای خەڵکی کوردستان وەرگیرابوو کە بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادە کرابوو. گوێم لەو خەڵکە گرت کە هەندێك ترس و دڵەڕاوکێیان لەسەر پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا هەبوو. بۆیە لێرەوە دەمەوێت هەڵوەستەیەکی جددی لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی بڕیاری پرۆسەی سەرژمێریی گشتی ساڵی ٢٠٠٤ بکەم.

دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی، لە ساڵی ٢٠٢٣ بڕیار درا کە پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ لە عێراق ئەنجام بدرێت. دوای وەرگرتنی ئەم بڕیارە، بە کردەیی کار بۆ جێبەجێکردنی کرا، دەستەی گشتیی سەرژمێری لە وەزارەتی پلاندانان کۆبوونەوەیەکی بە سەرپەرشتیی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری پلاندانانی فیدراڵی گرێ دا. لەم دەستەیەدا نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز سیروان محەمەد بریکاری وەزارەتی پلاندانان ئەندامە، هەر بۆیە هەر لە دەستپێکەوە هەموو وردەکاریی پرسەکانمان خستووەتە سەر مێزەکان و پێکەوە گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو پرسانە دەکەین، کە پەیوەندییان بەم پرۆسەیەوە هەیە و، لەسەر هەموو ترس و کێشە تەکنیکییەکان قسە دەکەین، بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

بە ڕاشکاوانە دەڵێم: بڕیارێکی بوێرانەمان دا، کە پرۆسەی ئەمجارەی سەرژمێریی گشتی بە شێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجام بدەین، نەك وەك پێشان لەسەر کاغەز. ئەزموونی ئێمە لەگەڵ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لەسەر کاغەز، (کە بێگومان من باسی سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٩٩٧ دەکەم، کە هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە)، بەڕاستی ئەزموونێکی تاڵە، لەبەر ئەوەی دوای سێ ساڵ داتاکان کەوتنە بەردەست. بەڕاستی دواکەوتنی ئەو داتایانە بۆ ماوەی سێ ساڵ، بووە هۆکاری ئەوەی هیچ بەهایەکی پەرەپێدانی نەمێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گۆڕانکاری دێتە ئاراوە و هیچ بایەخێك بۆ ئەو داتایانە نامێنێتەوە.

لە هەنگاوەکانمان بۆ سەرختنی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە ساڵی ٢٠٢٤ پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی «سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکانین بۆ دانیشتووان- United Nations Population Fund». ئەم ئاژانسە لەسەر ئاستی جیهان تایبەتە بە بەدواداچوونی بەڕێوەچوونی سەرژمێریی گشتی لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا، هەر بۆیە بوونی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لەگەڵمان، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی زۆر گرنگی لە چوارچێوەی کاری

**بڕیارێکی بوێرانەمان دا، کە پرۆسەی ئەمجارەی سەرژمێریی گشتی بە شێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجام بدەین، نەک وەک پێشان لەسەر کاغەز**

**سەدای سیاسەت کاریگەری لەسەر هەموو پرسەکانی دیکە هەیە و ڕێگە نادات کە لەسەر پرسە گرنگەکانی دیکە کەس گوێبیستی هیچ پرسێکی دیکە بێت**

**هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە کە دەکاتە ماوەی ٣٧ ساڵ، پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی تێدا ئەنجام نەدراوە**

**لە ساڵی ٢٠٠٧ ـەوە هەوڵێکی زۆر خرایە گەڕ و پارەیەکی زۆر خەرج کرا بۆ ئەوەی زەمینەسازی بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بکرێت و لە ساڵی ٢٠١٠ لە عێراقدا سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدەین**

زانستی و پیشکەرانەی ئەم پرۆسەیە دەبێت و، دەمانەوێت لەم چوارچێوەیەدا داتاکان کۆ بکەینەوە کە بەرجەستەی واقیعی کۆمەڵگەی عێراق دەکات و ئاکامی ئەو داتایانەش دەتوانین بۆ پرۆسەی پەرەپێدان سوودیان لێوەربگرین.

بە هەمانگی لەگەڵ برایانمان لە هەرێمی کوردستان لە تەواوکردنی کارەکانمان بەردەوامین و لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو توانیمان هەشت پارێزگای عێراق بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە سەرژمێریی ئەزموونی لەناوچەیەکی دیارکراوی هەر پارێزگایەك ئەنجام بدەین، ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی سەرجەم چالاکییەکانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی پەیوەندیدار بە لایەنی ژینگەی ئەلیکترۆنی، یان پەیوەندیدار بە لایەنی ئاستی ئەدای مرۆیی و، پەیوەندیدار بە شێوازی ڕێکخستنی داتاکان و کۆی لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار بەم پرۆسەیە تاقی بکەینەوە و پشکنینی بۆ بکەین.

لە تەممووزی ٢٠٠٣وە کە بڕیار دراوە، پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی لە ساڵی ٢٠٢٤ بەڕێوەبچێت، بەتایبەتی کە بڕیارمان دا بە شێوازی ئەلیکترۆنی ئەنجامی بدەین، ئێمە لە بەردەم کۆمەڵێك ئالنگاریی گەورەدا بووین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شێوازی ئەنجامدانی ئەلیکترۆنی پێویستی بە دامەزراندنی ژینگەیەکی تەواوی ئەلیکترۆنی هەیە، ئەمەش پێویستی بە خەرجییەکی زۆر و هەوڵێکی بێوچان و کادری پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئای تی هەیە.

ئالنگاریی گەورە کە لە سەرەتاوە ڕووبەڕوومان بووەوە، ئەوە بوو پارەی گونجاو و پێویست تەرخان نەکرابوو. بێگومان نەتەوە یەکگرتووەکان پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتوان بە گەورەترین و قورسترین پرۆژە دادەنێت کە دەوڵەتان لە کاتی ئاشتیدا ئەنجامی دەدەن، بۆیە ئەم پرۆسەیە توانرا بڕی ٤٠٠ ملیار تەرخان بکرێت.

پرسی دیکە کە کاریگەر بووە لەسەر سەرژمێریی گشتی، ئەو تێبینییانە بووە کە برایانمان لە هەرێمی کوردستان پێشکەشیان کردووین، کە هەموویان تێبینیی گرنگ بوون و هەوڵمان داوە، چارەسەری بکەین، واتە هەر تێبینییەکیان پێشکەش کردبێت، بە جددی لەبەر چاو گیراوە، هەتا چارەسەر کراوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو، هیچ شتێك نەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرژمێریی گشتی لە ساڵی ٢٠٢٤ شکست بهێنێت.

لە چوارچێوەی کار و ئامادەکارییەکان، ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغی پێش کۆتایی، ئەم قۆناغە کە بە بڕبڕەی پشتی پرۆسەکە دادەنرێت، قۆناغی «گەمارۆدان و ژماردن — الترقيم و الحصر»ـە، کە لە ڕۆژی ١ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ ـەوە لە ١٥ پارێزگای عێراقی دەست بەم قۆناغە کراوە و بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام دەبێت و، لە ١ی تشرینی دووەمی داهاتوو کۆتایی پێدێت. دەرهاویشتەکانی ئەم قۆناغە ئەوە پیشان دەدەن، کە پێشکەوتنی گەورە لە کارەکاندا هەیە و لە بەشێك لە پارێزگاکان ڕێژەی ڕاپەڕاندنی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە نزیکەی ٧٠٪، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە.

هۆکاری سەرەکی بۆ دواکەوتنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە لە هەمان بەروار دەستیان پێ نەکرد، لەبەر ئەوە بوو، مامۆستاکان پابەندبوونیان هەبوو لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی قوتابخانەکان و نەدەکرا مامۆستاکان بنێرین بۆ خولی تایبەت و ئامادە بکرێن بۆ قۆناغی گەمارۆدان و ژماردن، بۆیە دواکەوتن لە چوونیان بۆ خولەکان، ئێستا خولەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە و دوای خولەکان لە هەرێمیش دەست بە قۆناغی گەمارۆدان و ژماردن دەکرێت. لەوانەیە ماوەیەك ئەم قۆناغە لە هەرێم دوابکەوێت و لە ١ی تشرینی دووەمی داهاتوو تەواو نەبن، بەڵام بەر لە دەستپێکی پرۆسەی ڕاپرسیی گشتی لە هەرێمیش ئەو قۆناغە تەواو دەکرێت.

لە ماوەکانی ڕابردوو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تەواوی ژینگەی ئەلیکترۆنی، کۆنتراکتمان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بەناوبانگی جیهانی کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە بۆ ئەوەی ئامێری تاپلێتی تەواومان بۆ دروست بکەن، هەتا ئێستا ١٢٠ هەزار ئامێرمان بۆ مەبەستی سەرژمێری هاوردە کردووە، هەروەها سەنتەرێکی پێشکەوتووی داتامان بەپێی مواسەفات تەواو

**لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو توانیمان هەشت پارێزگای عێراق بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە سەرژمێریی ئەزموونی لەناوچەیەکی دیارکراوی هەر پارێزگایەك ئەنجام بدەین**

**نەتەوە یەکگرتووەکان پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتوان بە گەورەترین و قورسترین پرۆژە دادەنێت کە دەوڵەتان لە کاتی ئاشتیدا ئەنجامی دەدەن**

**پرسی دیکە کە کاریگەر بووە لەسەر سەرژمێریی گشتی، ئەو تێبینییانە بووە کە برایانمان لە هەرێمی کوردستان پێشکەشیان کردووین، کە هەموویان تێبینیی گرنگ بوون و هەوڵمان داوە، چارەسەری بکەین**

**لە چوارچێوەی کار و ئامادەکارییەکان، ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغی پێش کۆتایی، ئەم قۆناغە کە بە بڕبڕەی پشتی پرۆسەکە دادەنرێت، قۆناغی «گەمارۆدان و ژماردن — الترقيم و الحصر»ـە**

کردووە، کە یەکەمجارە لەسەر ئاستی عێراق سەنتەری لەمجۆرە دادەمەزرێت. بە نیازین سەنتەرێکی هاوشێوەش لە هەرێم دابمەزرێنین، هەروەها سەنتەرێکمان بۆ پەیوەندی و ژووری عەمەلیاتمان دامەزراندووە، ئەمە بێجگە لە پێداویستییە تەکنیکییەکانی دیکە.

ئامانج لەم ڕاپرسییە ئامانجێکی پەرەپێدانی تەواوە، لەمیانەی ئەو پرسیارانەی لە فۆرمی ڕاپرسییەکەدا هاتوون، هەموو تایبەتمەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی لەخۆی گرتووە، وەك تایبەتمەندیی «تەندروستی، خوێندن، تەواوی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێویستن بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێن». لە میانەی سالّی ٢٠١٠ لێك جیا کراونەتەوە و، ڕاشکاوانە ئەم بڕیارەی دادگا ئەوەی یەکلا کردووەتەوە کە ئەو ئاماری دانیشتووانەی لە ماددەی ١٤٠ی دەستووردا هاتووە، هیچ پەیوەندییەکی بە سەرژمێریی گشتیی عێراقەوە نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئاماری دانیشتووان بەپێی ماددەی ١٤٠ ئامانجێکی لە پشتە، کە ئەویش ئاساییکردنەوە و یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکانە، سەرژمێریی گشتیش ئامانج لێی بونیادنانی بناغەی داتایە بۆ واقیعی ئێستای عێراق، بۆیە ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی کاری پێدەکرێت و ئەو دوو پرۆسەیە تێکەڵ ناکرێت.

**بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تەواوی ژینگەی ئەلیکترۆنی، کۆنتراکتمان لەگەڵ چەند کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانی کردووە**



ئەم فۆرمی ڕاپرسییەوە، وێنەیەکی واقیعی ئێستا عێراقمان دەست دەکەوێت کە من ناوی دەنێینم « تیشکی X یان سۆنەری کۆمەڵگە»، چونکە هەموو ئەو شتانەمان پیشان دەدات کە لەناو جەستەی کۆمەڵگە بوونیان هەیە، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی بگەینە کرۆکیی کێشەکان بۆ ئەوەی بە دروستی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنیان هەڵبگرین.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو نیگەرانییانە بکەمەوە کە هەندێك لە بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە خستیانە ڕوو، سەبارەت بەوەی بە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە گشتییە چارەنووسی ناوچە کێشە لەسەرەکان یەکلایی دەکرێنەوە، لەسەر ئەم نیگەرانییە دەڵێم: پێکەوە گرێدانەوەی ماددەی ١٤٠ و سەرژمێریی گشتی بە بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق لە

سەبارەت بەو حاڵەتەشی ئەگەر هەرێمی کوردستان بایکۆتی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بکات، من پێموایە لایەنی کوردستانی لە هەموو لایەنێك زیاتر مەبەستێتی سەرژمێریی گشتی لە عێراق ئەنجام بدرێت، وەك بەڕێزێکیش ئاماژەی پێکرد، هەر لەسەر داوای لایەنی کوردستانی بووەتە خاڵێك لە بەرنامەی حکومەتەکەی بەڕێز سوودانی و لە ساڵی ٢٠٢٣ بڕیاری لەسەر دراوە، لە سەرووی ئەمانەشەوە هەماهەنگییەکی زۆر باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەیە، هەر دوو هەفتە پێش ئێستا وەزیری پلاندانانی حکومەتی فیدراڵی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە و گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن.

**ئەو پرسیارانەی لە فۆرمی ڕاپرسییەکەدا هاتوون، هەموو تایبەتمەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی لەخۆی گرتووە**



# ئێمە هاوشان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی لایەنی تەکنیکی جێبەجێکردنی ئەم سەرژمێرییە گشتییەن، بەڵام لایەنی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەم پرسەی داپۆشیوە

**سیروان محەمەد**

بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

سیروان محەمەد بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی دەستەی ئاماری کوردستانە و، لە ئامادەکارییەکانیش بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤، نوێنەری هەرێمی کوردستانە لە دەستەی ئامادەکاریی سەرژمێریی گشتی لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراقی فیدراڵیدا، لە گفتوگۆی ئەمجارەشدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، جیا لەوەی لەسەر گرنگیی سەرژمێریی گشتی هەڵوەستەی ڕاشکاوانەی کرد، لە هەمان کاتدا باسی لەو هاوکاری و هەماهەنگییەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی کرد و سەبارەت بەو ئاستەنگانەش کە تا ئێستا یەکلایی نەکراونەتەوە، بەمجۆرە دیدوبۆچوونەکانی خستەڕوو.

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە بۆ یەکەمین جارە بازنەیەکی فراوانی بەم جۆرەی کردووەتەوە و پێکەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی زۆر گرنگ دەکەین ئەویش «پرسی سەرژمێریی گشتی»یە کە بڕیارە ئەمساڵ لە٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ بەڕێوە بچێت.

پێش هەموو شت ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی دەکەوێتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتە سنووردارەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە و لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بڕیار دەدرێت ئەم پرۆسەی جێبەجێ بکرێت، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە کوردستاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هاریکار و هاوبەش دەبێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی ئەو پلان و بەرنامەیەی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی بۆی دادەنێت.

ئەگەر توانیمان بە هەماهەنگی لەگەڵ

وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق ئەنجام بدەین، ئەوا ئەم سەرژمێرییە بۆ هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر گرنگی دەبێت، لەبەر ئەوەی لە مێژووی دامەزراندنی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمە یەکەمین جارە سەرژمێریی گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت. هەموو لایەکیش دەزانن لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە سەرژمێریی گشتی لە هەرێم نەکراوە و ئەو سەرژمێرییەشی لە ساڵی ١٩٩٧ حکومەتی ئەو کاتی عێراق ئەنجامی دا، هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە، ئەمەش واتە ماوەی ٣٧ ساڵە سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان نەکراوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگیی ئەم سەرژمێرییە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەیە ئەم سەرژمێرییەی ئەمجارە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، جیاواز دەبێت لەو سەرژمێرییانەی پێشتر لەم ناوچەیە کراون و حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراق سەرپەرشتییان کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بە هۆی بارودۆخی نالەباری هەرێمی کوردستانەوە لەوانەیە خەڵکی کوردستان نەیانتوانیبێت بە دروستی زانیارییەکانی خۆیان لەو پرۆسەیە تۆمار بکەن. بۆیە داتا کۆکراوەکانی ئەو سەرژمێرییانەی پێشتر هەموو کات جێگەی گومان بوون، تەنانەت باس لەوە دەکرێت لە سەرژمێرییەکانی پێشتردا لە زۆر ناوچە، کورد و تورکمان نەیاندەوێرا ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان تۆمار بکەن، لەبەر ئەوەی لە ناوچانە تووشی کێشە نەبن، یان دواتر کێشە و گرفتیان بۆ دروست نەبێت، بۆیە سەرژمێریی گشتیی ئەمجارە ئەگەر بکرێت کوالیتی و وردبینی لە کۆکردنەوەی داتاکان یەکلایی دەکاتەوە. لەمەش زیاتر، ئەو داتا و زانیارییانەی لەم پرۆسەی سەرژمێرییە کۆدەکرێتەوە، دەبێتە بنەمایەکی دروست بۆ دیاریکردنی «کورسییەکانی پەرلەمان، دابەشکردنی پشك و پۆستەکانی حکومەتی فیدراڵی، بنەمایەك بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی» و هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری گرنگیی ئەم داتا و زانیارییانە بکەین، ئەگەر بە دروستی لەم پرۆسەیە داتا و زانیارییەکان کۆبکرێنەوە، دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی چەندین کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی یەکلایی ببێتەوە، ئەگەر هێزە سیاسییەکانی عێراق ڕێگە بدەن ئەو داتا و زانیارییانە وەك خۆی کاریان لەسەر بکرێت.

لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ کە هەموو ئومێدەکان بەو ئاراستەیە بوون، عێراقی نوێ دەوڵەتی هەموو نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێت، بەڵام بەداخەوە هەر هەوڵێك درابێت بۆ ئەوەی ئەم عێراقە ببێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ، لە قۆناغی زۆر هەستیاردا لەمپەڕ و ئاستەنگی سیاسیی بۆ دروست کراوە، کە بێگومان دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیش لە عێراقدا و کە نەمانتوانی لە ساڵی ٢٠١٠ پرۆسەکە ئەنجام بدەین، دروستکردنی لەمپەڕ و ئاستەنگی سیاسی بوو، کە بە دوو شێواز هەوڵ درا ئەم پرسە بە سیاسی بکرێت.

یەکەمیان: هەندێك لە لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای نەینەوا و کەرکووك ڕەتیان کردەوە کە لە ساڵی ٢٠١٠ سەرژمێری لەو دوو پارێزگایە بکرێت، لەبەر ئەوەی ترسیان لەوە هەبوو، ڕێژەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان دەربکەوێت.

دووەمیان: بەرنامەی ئەو کاتی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی بەو جۆرە فۆرمی سەرژمێرییەکەی ڕێکخستبوو کە نەتەوەی کورد بەش بەش بکات و، لەناو فۆرمەکەدا چەندین بڕگەی دانابوو، وەك «کورد، عەرەب، تورکمان، شەبەك، ئێزدی و...هتد»، بەمەش واتە بەشێکی زۆری لە نەتەوەی کورد دادەبڕی و وەك کورد تۆمار نەدەکران، بۆیە ئەم پرسە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانەوە ڕەت کرایەوە و جۆرێك لە سەرسامیی دروست کرد، بەوەی بۆچی وەزارەتێکی تەکنیکی وەك وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئامانجی ئەوەیە بەو شێوازە نەتەوەیەك کە «نەتەوەی کورده» دابەشی بکات؟ هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆبوونەوەی لایەنەکان لەگەڵ سەرۆك کۆمار (کە ئەوکات بەڕێز مام جەلال بوو)، نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێك و کۆبوونەوەکە بێ ئاکام کۆتایی هات.

پرسی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە دوای ساڵی ٢٠١٠ هەتا ساڵی ٢٠١٩ بە کراوەیی مایەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، تەنگژەی

**لە سەرژمێرییەکانی پێشتردا لە زۆر ناوچە، کورد و تورکمان نەیاندەوێرا ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان تۆمار بکەن، لەبەر ئەوەی لە ناوچانە تووشی کێشە نەبن**

**ئەو داتا و زانیارییانەی لەم پرۆسەی سەرژمێرییە کۆدەکرێتەوە، دەبێتە بنەمایەکی دروست بۆ دیاریکردنی کورسییەکانی پەرلەمان، دابەشکردنی پشک و پۆستەکانی حکومەتی فیدراڵی، بنەمایەک بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی**

**ئەگەر بە دروستی لەم پرۆسەیە داتا و زانیارییەکان کۆبکرێنەوە، دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی چەندین کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی یەکلایی ببێتەوە**

**بەداخەوە هەر هەوڵێک درابێت بۆ ئەوەی ئەم عێراقە ببێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ، لە قۆناغی زۆر هەستیاردا لەمپەڕ و ئاستەنگی سیاسیی بۆ دروست کراوە**



ئابووری هاتەئاراوە، شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەستی پێکرد، بۆیە دەرفەتی گونجاو نەبوو، هەتا بڕیاری ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی بدرێت. لە ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی بڕیاری دا لە ساڵی ٢٠٢٠ سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدرێت، بەڵام بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و پاشانیش بڕیاردانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، پرسی بڕیاردان کەوتە کابینەکەی د.محەمەد شیاع سوودانی کە لە تەمموزی ٢٠٢٣ بڕیارەکە دراوە و لە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاریکارە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت.

من لە کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵای ئاماری عێراق (بێجگە لە یەك کۆبوونەوە) لە هەموو کۆبوونەوەکان ئامادە بووم. هەر لەسەرەتاوە بێجگە لە تێبینیی سەرەکیمان کە مەزندەکانی ئێمە بەو جۆرە بوون، کە ساڵێك بەس نەبێت بۆ تەواوکردنی ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەمجارە سەرژمێری بە شێوازی ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەچێت و وردەکاریی زۆر دەوێت، لە هەمان کاتدا دوو تێبینیی گرنگی دیکەشمان هەبوو داومانەتە وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی کە بریتی بوون لە:

یەکەمیان: پرسی ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

دووەمیان: دانانی سەنتەری داتای سەرژمێری لە هەرێمی کوردستاندا.

لەسەر ئەم دوو پرسە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە ساڵی ٢٠٢٠ و هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٣ و هەتا ئێستاش لەسەر ئەم دوو پرسە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی لە گفتوگۆداین و بەداخەوە و زۆرم پێ ناخۆشە کە دەڵێم ئەم دوو پرسە هەتا ئێستا یەکلایی نەکراونەتەوە.

بە مەزندەی من کە ئومێدەوارم بەوجۆرە نەبێت، هەردوو بابەتی (ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان و دانانی سەنتەری داتا لە هەرێم) کە ئێستا ناوی سەنتەری داتا لە بەغدا گۆڕاوە بۆ «ژینگەی داتا و ڕاپۆرتەکان»، وا زوو چارەسەر ناکرێن.

سەبارەت بە دانانی «ژینگەی داتا و ڕاپۆرتەکان» لە هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی بەغدا، دەستەی باڵای ئاماری عێراق ڕازی نییە بە هەمان شێوە لە هەرێمی کوردستانیش دابنرێت، لەسەر پرسی دووەم «ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە کوردستانییە

**هەندێک لە لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای نەینەوا و کەرکووک ڕەتیان کردووە کە لە ساڵی ٢٠١٠ سەرژمێری لەو دوو پارێزگایە بکرێت، لەبەر ئەوەی ترسیان لەوە هەبوو، ڕێژەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان دەربکەوێت**



دابڕێنراوەکان، هەوڵەکانی خۆمان چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانین جێبەجیکردنی سەرژمێری لەو ناوچانە تێکەڵی بابەتی سیاسی نەکرێت، ئێمە هاوشان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی لایەنی تەکنیکی جێبەجێکردنی ئەم سەرژمێرییە گشتییەن، بەڵام لایەنی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەم پرسەی داپۆشیوە، بۆیە ئەگەر ئەم پرسە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی بە زوویی یەکلایی نەکەینەوە، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ هەمان خاڵ و چوارگۆشە کە لەساڵی ٢٠١٠ ڕووبەڕوومان بووەوە و بووە بەربەست و ئاستەنگ بۆ ئەوەی لەو ساڵەدا سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدەین.

بەڕێز وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی لەم گفتوگۆیەدا ئاماژەی بەوە کرد، بە هۆی هاوکات بوونی خولی دووەمی تاقیکردنەوەی قوتابیان لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی «گەمارۆسازی و ژمارەدانان»، پرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان دواکەوت، لەگەڵ ئەوەی ڕاستە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارە، بەڵام بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر دوو پرسی «ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم، و دانانی ژینگەی داتا و ڕاپۆرتەکان لە هەرێم»، هەتا ئێستا لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی نەمانتوانیوە یەکلاییان بکەینەوە، بۆیە ئێمە لە مانگی تەمموزی ڕابردوو بۆ ماوەی دوو هەفتە کارەکانی خۆمان ڕاگرت، هەتا بەڕێز وەزیری پلاندانانی هەرێم دوای وەرگرتنی بەڵێن لە وەزیری پلاندانانی فیدراڵی بەوەی ئەو دوو پرسە جێبەجێ دەکرێن، ئەوجا بڕیاری دا دەست بە کارەکانمان بکەینەوە.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئەوە بڵێم ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ کە بۆ ڕۆژی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە دەستنیشان کراوە، زۆری نەماوە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەم پرۆسەیە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکەین، ئەوا دەبێت هەموو هەوڵی خۆمان بخەینە کار بۆ ئەوەی لەو ماوە کورتەی لەبەردەستمان ماوە، کارەکان تەواو بکەین. جارێکی دووبارە دەکەمەوە ئێمە ئەگەر بتوانین ئەم سەرژمێرییە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین، بەڕاستی دەستکەوتێکی گەورە دەبێت بۆ هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەڵام بەداخەوە پرسە سیاسییەکان کاریگەریی زۆری لەسەر هەوڵ و ئامادەکارییەکانی سەرژمێریی گشتی هەبووە. مەزندەی من بەوجۆرەیە، هەتا دەگەینە ئەو ساتەی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەو پرسانە بدەین، پرسی سیاسی کاریگەری هەر دەمێنێت.

**هەردوو بابەتی (ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان و دانانی سەنتەری داتا لە هەرێم) کە ئێستا ناوی سەنتەری داتا لە بەغدا گۆڕاوە بۆ «ژینگەی داتا و ڕاپۆرتەکان»، وا زوو چارەسەر ناکرێن**



نیداء عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری سەنتەری بڵاوکردنەوە و مارکیتینگی سەرژمێری لە وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی:

# هەتا ئێستا ١٢٠ هەزار توێژەر و تۆمارکەر ئامادە کراون، ٨٠ هەزار توێژەریش بۆ ڕۆژی سەرژمێری ڕاهێنانیان پێکراوە

نیداء عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری سەنتەری بڵاوکردنەوە و مارکیتینگە بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٤ لە وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی، ئامانجی ئەم سەنتەرە ئەوەیە کە هاووڵاتیان بە ئامانج و گرنگیی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە سەرانسەری عێراق ئاشنا بکات، ڕوونکردنەوەشی ئەوەیە کە پرۆسەی سەرژمێریی گشتی، پرۆسەیەکە بۆ خزمەتی پلان و پڕۆگرامەکانی پەرەپێدان کە دەبێت لە کاریگەرییە سیاسییەکان جیا بکرێنەوە. لە میانەی بەشداریکردنی لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، بە زمانی داتا و ژمارە و لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی پرێزەنتەیشنێکدا زۆر بە وردی ئامانج و گرنگیی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا بەمجۆرە خستە ڕوو.

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئێمەی بانگهێشت کردووە، بۆ ئەوەی لەم پەنێڵەدا قسە لەسەر پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا بکەین، کە ماوەی نزیکەی سێ دەیەیە ئەم پرۆسەیە لە عێراقدا ئەنجام نەدراوە.

بۆ ئەم گفتۆگۆیە ئێمە لە وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی ئەم پریزەنتەیشنەمان بە ناونیشانی «سەرژمێریی عێراق . پەنجەرەیەك لەسەر ئایندەی نیشتمان» ئامادە کردووە، دەخوازم لەسەر سکرین نمایشی بکەم و پاشان لەسەر خاڵەکانی ڕوونکردنەوەی پێویست دەدەم.

گرنگیی هەرەمی دانیشتووان بۆ ئێستا و داهاتووی عێراق

- پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا هەرەمی دانیشتووان بۆ ئێستا و داهاتووی عێراق لە چی ئاگادارمان دەکاتەوە؟ چۆن جیاوازییەکانی قۆناغەکانی تەمەن کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان هەر لە ئابووری تا دەگاتە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: هەرەمی دانیشتووان وەك نەخشەی ڕێگە وایە بۆ تێگەیشتن لەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی وڵات و بە دیاریکراوی پەرەپێدانی داهاتوو دەبێتەوە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم هەرەمەوە، ئێمە دەتوانین ڕێژەی لاوان و بەتەمەنەکان دیاری بکەین، مەزندەش بۆ گۆڕانکاریی هێزی کار لە داهاتوو گوشار لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان بکەین.

هەرەمی دانیشتووان بە پەنجەمۆری هەر کۆمەڵگەیەك دادەنرێت، چیرۆك و مێژووەکەی ئاشکرا دەکات. لە عێراقدا هەرەمی دانیشتووان چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم هەرەمە، هەوڵ دەدەین لە پێکهاتەی دانیشتووانی ئێستا تێبگەین، مەزندەش بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بکەین، کە کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان لە عێراقدا دەبێت.

- پرسیاری دیکە ئەوەیە گرنگترین ئالنگاریی دیمۆگرافیا کامەیە؟ ئایا دەرفەتی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی ئەم ئالنگارییە بگۆڕین بۆ دەرفەت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین: بەپێی تازەترین مەزندەی دانیشتووان بۆ پێکهاتەی تەمەن، مەزندەی ئەوە دەکرێت کە ئێستا عێراق گەیشتووەتە قۆناغێك کە ژمارەی دانیشتووانی گەیشتووەتە لوتکەی دیمۆگرافیا (الهبة الديموغرافية)، لەوانەشە پێش کۆتایی ئەم دەیەیە بگاتە ئەم لوتکەیە. هەر بۆیە ئاکامەکانی سەرژمێریی گشتیی داهاتوو دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ باشترکردنی پێشبینییەکانی دانیشتووان و گۆڕینی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووان، هەروەها دابینکردنی داتا سەبارەت بە ئاستی تەمەنی توێژەکانی کۆمەڵگە، بەوەش لایەنەکانی پلاندانان و جێبەجێکردن دەتوانن پێداویستییەکانی پەرەپێدان وەك «قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی» دیاری بکەن و وەك پێویست دەستەبەریان بکەین.

**بۆ قۆناغی گەمارۆدان و ژمارەکردن ٤٠ هەزار توێژەر ئامادە کراون**

**هەرەمی دانیشتووان وەک نەخشەی ڕێگە وایە بۆ تێگەیشتن لەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی وڵات و بە دیاریکراوی پەرەپێدانی داهاتوو دەبێتەوە**

## سەرژمێری و پێوەرەکانی پەرەپێدان

بەهای هەر نەتەوەیەك، یان وڵاتێك بەندە بە دانیشتووانەکەی و ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەی کە هەیانە، بەهای سەرژمێرییش بە زانینی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیمۆگرافی ئەو تاکە دەردەکەوێت، کە لە وڵاتەدا نیشتەجێن. هەر بۆیە زۆر ئەستەمە بتوانرێت میکانیزمێك بۆ کۆکردنەوەی داتا لەسەر تایبەتمەندیی تاکەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی تایبەتمەندن بە دانیشتووانەکەی و دامەزراوەکانی، گشتگیرانە کۆبکەینەوە، بێجگە لە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، بۆیە ناتوانین چڕیی دانیشتووان و دابەشکردنی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخەین، ئەگەر داتای ڕاستەقینە و واقیعیمان لەبەر دەست نەبێت.

**ئاکامەکانی سەرژمێریی گشتیی داهاتوو دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ باشترکردنی پێشبینییەکانی دانیشتووان و گۆڕینی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووان**

سەرژمێری، پرۆسەیەکی سیستماتیکە بۆ کۆکردنەوەو تۆمارکردنی داتاکان بۆ هەموو ئەو تاکانەی لە پێگەیەکی جوگرافی دیاریکراو و لە کاتی دیاریکراودا لێی دەژین، هەروەها پرۆسەیەکی سیستماتیکە بۆ کۆکردنەوەی داتای دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە پەیوەندیدارە بە هەموو ئەو تاکانەی لەو

**ناتوانین چریی دانیشتووان و دابەشکردنی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێک بخەین، ئەگەر داتای ڕاستەقینە و واقیعیمان لەبەر دەست نەبێت**

**لە پرۆسەی گەمارۆداندا، داتا سەرەتاییەکان لەسەر هەر یەکەیەکی نیشتەجێ، (ژمارەی خێزان - نێر و مێ - و جۆری بیناکە و خاوەندارێتی) کۆدەکرێتەوە**

نیشتمانە دەژین و ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدانی بەردەوام و دابەشکردنی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و، لە میانەی شرۆڤەکردنی داتای سەرژمێرییەکە، دەتوانرێت پێداویستییەکانی دانیشتووان دیاری بکرێت و پلان بۆ وەبەرهینان و بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەتانە دابنرێت، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ باشترکردنی کوالێتیی ژیان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان.

## گرنگیی سەرژمێریی گشتیی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤

سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان پرۆسەیەکی سەرەکییە بۆ هەر دەوڵەتێك، وێنایەکی گشتگیر و ورد بۆ کۆمەڵگە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا دروست دەکات. ئەو داتایانەی کۆدەکرێنەوە کە ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە دروستکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەندیدارن بە گەشەپێدان و پلانی ئایندەیی وەك «پلاندانان بۆ خزمەتگوزارییەکان، هەڵسەنگاندنی ئەدا، پشتگیریی توێژینەوەی زانستی، دیاریکردنی پێداویستییە تایبەتەکان، پەرەپێدانی ئابووری، پلاندانانی ئاوەدانی».

لایەنێکی گرنگی دیکەی بایەخی سەرژمێری ئەوەیە کە سەرژمێریی گشتی وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی کۆمەڵگەیە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا و، میکانیزمی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگە ڕوو دەدەن و پێویستیان بەوەیە پلانی ئایندەیان بۆ دابنرێت.

## بڕیاردان بۆ جێبەجێکردنی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا

لە بەرواری ١٨ی تەموزی ٢٠٢٣ ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی ڕەزامەندی لەسەر پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی سەرژمێریی گشتی کرد، ئەم پێداویستییانە پێشنیار و ڕاسپاردەکانی وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ئامار و ڕێکخستنی زانیارییە جوگرافییەکان دیاریان کردبوو.

ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، ١٨ بڕگەی لەخۆی گرتووە، گرنگترینیان داوا دەکات کە وەزارەتی پەروەردە فەرمانبەرانی پەروەردە و مامۆستایان بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی سەرژمێریی گشتی تەرخان بکات، هەروەها وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاسایش گەرەنتی گواستنەوەی داتاکان بە شێوازیکی نهێنی و سەلامەت دابین بکەن و، هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاش ڕادەسپێرین بۆ ئەوەی پشتگیری کاری ئەلیکترۆنیی پرۆسە بکەن و دەوامی خۆیان بە ڕێکوپێکی بکەن، بۆ ئەوەی هەتا ڕۆژی ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ فۆڕمی وەرگرتنی قوتابیان لە کۆلێژ و پەیمانگاکان تەواو کرابێت.

لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە حکومەتی فیدراڵی ئاسانکاری بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی سەرژمێریی گشتی کردووە، وەك تەرخانکردنی بوودجەی گونجاو، دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی بۆ پارێزگاکان و دەستە و لایەنە بەرپرسەکان، بۆ ئەوەی پشتگیریی تەواوی فەرمانگە دەستەی ئاماری هەموو پاریزگاکان بکەن.

ئەو ئامادەکارییانەی هەتا ئێستا تەواو بوون:

- سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان.
- بونیادنانی سەنتەری داتاکان.

ئەم سەنتەرە بڕبڕەی پشتی پرۆسەی شیکردنەوەی داتاکان و بەرهەمهێنانی ئاماری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە و بە بەردی بناغەی دروستکردنی بڕیارەکانی حکومەت و پلاندانانی داهاتوو دادەنرێت.

- گواستنەوەی ئەلیکترۆنیی داتاکان بە پارێزراوی.
- پاراستنی تایبەتمەندی: ڕێگرتن لەوەی کەسانی ڕێگەپێنەدراو دەستیان بە داتا هەستیار و کەسییەکان ڕابگات.
- پارێزگاری لە نهێنیی داتاکان: ڕێگرتن لە دزەکردنی زانیارییە نهێنییەکانی بازرگانی و حکوومی و تاکەکەسی.
- گەرەنتیی سەلامەتی داتاکان: پاراستنی داتاکان لە ونبوون و خراپبوون لە کاتی گواستنەوەدا.
- ڕاهێنانی ستافێکی جۆری کە شارەزاییان لە پرۆگرامەکانی ئەلیکترۆنی هەبێت.

وەبەرهێنان لە ستافێکی جۆری، وەبەرهێنانە

لە ئاسایشی دامەزراوە و پاراستنیەتی لە هەڕەشە سایبەرییەکان.

ئەنجامدانی سەرژمێری ئەزموونی لە ٣٠ی ئایاری ٢٠٢٤.

ئامانج لە ئەنجامدانی سەرژمێری ئەزموونی بۆ تاقیکردنەوەی هەموو ئامێرەکانی پرۆسەی سەرژمێرییە، لەوانە فۆرم و بنەماکانی وردبینیی ئامێری بۆ دڵنیابوون لە کوالێتیی تاپلێتەکان و سیستمی زانیاریی جوگرافییەکان و سیستمی گواستنەوەی داتاکان بە پارێزراوی.

لەو سەرژمێرییە ئەزموونییەدا، ٨٦ گەڕەك بەسەر ١٨ پارێزگا دابەش کراون کە ٤٦ گەڕەك بۆ گوندەکان و ٤٠ گەڕەکیش بۆ ناوەندەکانی شار تەرخان کرابوون. لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە ٧٦٤ توێژەر و تەکنیکی و کارگێڕی لە ئەندامانی دەستەی ئامار بەشدارییان کردووە.

بۆ ئەم پرۆسەیە هەوڵی هاوبەشی نیشتمانی خراوەتە گەڕ، هەتا ئێستا ١٢٠ هەزار توێژەر و تۆمارکەر ئامادە کراون، ٨٠ هەزار توێژەر بۆ ڕۆژی سەرژمێری ڕاهێنانیان پێکراوە بۆ قۆناغی گەماڕۆدان و ژمارەکردنیش ٤٠ هەزار توێژەر ئامادە کراون.

### قۆناغی گەماڕۆدان و ژمارەکردن لە ١ی ئەیلول تا ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤

ئەمە قۆناغی یەکەمە کە گرنگترین قۆناغە لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیدا، لەم قۆناغەدا ناوچە جوگرافییەکان بەسەر یەکەی بچووکتردا دابەش دەکرێن، بۆ ئەوەی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاکان ئاسانتر بێت، پاشان بینا و دامەزراوەکان ژمارە دەکرێت و سنووری هەر یەکەیەکی نیشتەجێ دیاری دەکرێن. سەرجەم بینا و دامەزراوەکان بە شێوەی زنجیرە و بە ڕوونی ژمارە دەکرێن و جۆری بیناکە «نیشتەجێ، بازرگانی، پیشەسازی و.. هتد» داگیر دەکرێت، بە شێوەیەکی زۆر ورد سنووری یەکەکانی نیشتەجێ ژمارە دەکرێن، ئەوجا ئەو شوێنی نیشەجێیە خانوو بێت، یان شوققە و یەکەی نیشتەجێ بێت.

لە پرۆسەی گەماڕۆداندا، داتا سەرەتاییەکان لەسەر هەر یەکەیەکی نیشتەجێ، (ژمارەی خێزان - نێر و مێ - و جۆری بیناکە و خاوەندارێتی) کۆدەکرێتەوە. ئەم قۆناغە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ دڵنیابوون لە وردیی ئەو داتایانەی کە کۆدەکرێنەوە.

### ئەو ئالنگارییانەی لەم قۆناغە ڕووبەڕووی دەبینەوە

١- بارودۆخی ئاسایش: بارودۆخی ئاسایش لە هەندێك ناوچە کاریگەری لەسەر توانای تیمەکانی سەرژمێری هەیە بۆ گەیشتنیان بە هەموو خێزانەکان.

٢- کێشەی خانووە تۆمار نەکراوەکان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان: ئەم ناوچانە بە زۆری ئەو ناوچانەن کە زۆر هەستیارن و هاوسنوورن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەم ناوچانە خانووی تۆمارنەکراوی شاراوە هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی زەحمەت گەماڕۆ بدرێت.

٣- گۆڕانکارییە دیمۆگرافیە خێراکان: لە هەندێك ناوچە گۆڕانکاریی دیمۆگرافی بە خێرایی ڕوودەدن، ئەمەش پێویستی بەوەیە داتاکان بە بەردەوامی نوێ بکرێنەوە.

### گرنگیی هۆشیاریی کۆمەڵگە بۆ سەرژمێریی گشتی

هۆشیاریی کۆمەڵگە سەبارەت بە پرۆسەی سەرژمێریی گشتی، هۆکاری یەکلاکەرەوەیە بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی سەرژمێری، چەندی هۆشیاریی کۆمەڵگە لەسەر گرنگی و ئامانجەکانی سەرژمێری بەرزتر بێت، بەشدارییان لە پرۆسەکە زیاتر دەبێت و، ئەو داتایانەی کۆدەکرێنەوە، وردەکاریی زیاتریان تێدا دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی بوونی هوشیاریی بەرز بە گرنگی و ئامانجەکانی سەرژمێریی گشتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئامادەباشیی هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە پرۆسەکە زیاد بکات و لە هەمان کاتدا زانیارییە پێویستەکان بە دروستی پێشکەش بکرێن، ئەمەش وادەکات، کە هەڵەی باوی پێشتر لە کۆکردنەوەی داتاکان کەمتر بێت، ئەم ئامادەباشییەی هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە سەرژمێری وادەکات، کۆمەڵگە متمانەی زیاتری بەو دامەزراوە حکوومییانە هەبێت، کە بەرپرسیارن لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیدا.

**لە هەندێک ناوچە گۆڕانکاریی دیمۆگرافی بە خێرایی ڕوودەدن، ئەمەش پێویستی بەوەیە داتاکان بە بەردەوامی نوێ بکرێنەوە**

**چەندی هۆشیاریی کۆمەڵگە لەسەر گرنگی و ئامانجەکانی سەرژمێری بەرزتر بێت، بەشدارییان لە پرۆسەکە زیاتر دەبێت و، ئەو داتایانەی کۆدەکرێنەوە، وردەکاریی زیاتریان تێدا دەبێت**



**د.ماجید شنگالی**

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

# دڵنیام ڕێژەی پشکی هەرێمی کوردستان زۆر لە ١٢,٦٧٪ زیاترە، بەڵام لەم سەرژمێرییە ئەگەر ١١٪یش دەربچێت، پێی ڕازین، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای داتا و زانیاریی ورد دەستنیشان دەکرێت

**د.ماجید شنگالی، نوێنەری شنگالە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و عێراق و لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەڵوێست و قسەی ڕاشکاوانەی خۆی هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێری گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، زۆر بە ڕاشکاوی باسی لەسەر کێشە و گرفتی سەرژمێریی گشتی لە ناوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان کرد، بەتایبەتیش بارودۆخی شنگال کە هەتا ئێستاش ٨٠٪ی هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە ئاوارەن و لە شوێنەکانی خۆیان سەرژمێری ناکرێن بەمجۆرە دیدوتێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.**

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە ئەمڕۆ ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ کە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، ئەم گفتوگۆ گرنگەی ڕێک خستووە و ئەم هەموو دەستەبژێرەی کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر پرسێکی هێجگار گەورە بکەین، کە ئەویش پرسی سەرژمێریی گشتییە لە عێراقدا.

بەڕێزان. من لە پارێزگای نەینەوام، کە پارێزگایەکە کێشەی زۆر زۆر گەورەی هەیە. لە شارێکم، کە نەهامەتیی زۆری چەشتووە، کە ئەویش شنگالە و ٨٠ ٪ی خێزانەکانی ئەو شارە ئاوارەن و لە سەرماڵ و حاڵی خۆیان ناژین. لەم شارە بەشی هەرە زۆری کێشەکان سیاسین، تەنات لە ڕووی تەکنیکیشەوە خەڵکی

شنگال بۆ سەرژمێری ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبنەوە. ئێمە لە عێراقدا نزیکەی سێ دەیەیە سەرژمێریمان نەکردووە و داتامان لەبەر دەست نییە، هەتا بە داتا پێتان بڵێم چەند خێزان لە شنگال ئاوارە بوون، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە کە نزیکەی ١٦٠ هەزار خێزان ئاوارە بوون و ئێستا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەژین و ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە بۆ شنگال ژمارەیان لە هەزار خێزان تێپەڕ ناکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ژمارەی ئەو خێزانانەی گەڕاونەوەتەوە زۆر زۆر کەمە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا بەپێی ئەو فۆرمەی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی بۆ ئەم سەرژمێرییە ئامادەی کردووە، ئەو ئاوارانەی شنگال کە ئێستا لە دهۆك و شارەکانی کوردستان دەژین، وەك هاووڵاتی شنگال تۆمار دەکرێن، یان هاووڵاتی ئەو ناوچانەی ئێستا لێی دەژین؟ بێگومان وەك ئاشکرایە پرۆسەی سەرژمێری پرۆسەیەکە بۆ گەشەی پەرەپێدانە، دەبێت لە پرۆسەی پەرەپێدان، پارە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەك تەرخان بکرێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەو پارەیەی بۆ خزمەتگوزاریی دانیشتووان تەرخان دەکرێت بۆ خەڵکی شنگال، لە پارێزگای نەینەوا تەرخان دەکرێت، یان دەخرێتە سەر دهۆك؟ ئایا ئەگەر بخرێتە سەر پشکی دهۆك، ئاوارەکانی شنگال سوودی لێوەردەگرن؟ کە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و پرسیارەکە بێ وەڵامە. بۆیە دەبێت لەسەر ئەم پرسە ڕوونکردنەوەی پێویست بدرێت، بەوەی ئایا ئەم هاووڵاتییانەی ئاوارەن، لەسەر ئەو ناوچانە دادەنرێن کە ئێستا لێی دەژین، وەك ئەمری واقیع، یان وەك هاووڵاتیی شوێنەکانی خۆیان تۆمار دەکرێن، کە ئەمە مافێکی ڕاستەقینەی خۆیانە؟

بەڕێز وتەبێژی فەرمیی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی لەم گفتوگۆیە لەگەڵمان بەشدارە و باش دەزانێت کە هۆکاری سەرەکی، کە بووە ئاستەنگ بەوەی نەتوانین لە ساڵی ٢٠١٠ سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدەین، هۆکاری سیاسی بوو. بەشێك لە هێزە سیاسییە عەرەبەکانی پارێزگاکانی «نەینەوا، کەرکووك، و دیالە» ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە بکرێت بە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

بە هەرحاڵ ئێستا ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندووە. ئەوەی ئێستا لە سەرژمێرییەکەی ئەمجارە دەیبینین، ئەوەیە کە بەراورد بەوەی ساڵی ٢٠١٠ پرۆسەیەکە زۆر دوورە لە سیاسەت، بەڵام دەبێت هەموو کات ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت، کە سیاسەت خاوەنی بڕیارە گرنگەکانە.

ئەگەر لەلایەنی یاساییەوە قسە لەسەر فۆڕمی سەرژمێرییەکە بکەین، ئەوە دەبینین کە لەم فۆڕمەی سەرژمێرییەکە، بڕگەیەك بۆ دیاریکردنی «نەتەوە» دیاری نەکراوە، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی یاسای ساڵی ٢٠٠٨ی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانە لە عێراقدا، چونکە بەپێی پێناسەکانی زانیارییەکانی ئامار، نەتەوە بەشێکە لەو زانیارییانەی کە دەبێت لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتی کۆبکرێتەوە، ئەمەش واتە ئەم فۆڕمەی ئێستای سەرژمێری پێچەوانەی یاساکەی خۆیەتی، تەنانەت لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ باس لە هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکان کراوە، باشە من چۆن دەتوانم ئەو هاوسەنگییە دروست بکەم، ئەگەر نەزانم ڕێژەی «کورد، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە، پێکهاتە جیاوازەکان» چەندن؟ هەر بۆ نموونە: لە پرسی خەرجییەکانی سەروەری کە لە کۆی بوودجەی عێراق جیا دەکرێتەوە، پشکی هەرێمی کوردستان دادەشکێنرێت، ئەمەش بەو مانایەی دوای جیاکردنەوەی خەرجی سەروەریی پشکی هەرێمی کوردستان بە ١٢,٦٧٪ خەملێنراوە، بۆیە ئەگەر بڕگەی تۆمارکردنی نەتەوە دیاری نەکرێت، نازانرێت چۆن هاوسەنگی دروست بکرێت.

پێویست بوو لەم فۆڕمەی سەرژمێریی ٢٠٢٤ بڕگەی دیاریکردنی نەتەوە لانەبرایە، سەبارەت بە مەزهەبیش، ئێستا هەموو جیهان دەڵێت شیعە لە عێراقدا زۆرینەیە، بۆیە پێویستیان نییە ئەم ڕێژەیە تۆمار بکرێت، کاتێك ئەم قسەیەش دەکەم، بۆ زانیاریی هەمووتان من خۆم شیعەم و سوننە نیم.

لەگەڵ هەموو ئیشکالیەتەی ئاماژەمان پێکرد، دەبێت زۆر بە ڕاشکاوی تەقدیری ئەو هەوڵانە

**نزیکەی ١٦٠ هەزار خێزانی شنگال ئاوارە بوون و ئێستا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەژین**

**ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە بۆ شنگال ژمارەیان لە هەزار خێزان تێپەڕ ناکات**

**پرۆسەی سەرژمێری پرۆسەیەکە بۆ گەشەی پەرەپێدانە، دەبێت لە پرۆسەی پەرەپێدان، پارە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەک تەرخان بکرێت**

**ئەوەی ئێستا لە سەرژمێرییەکەی ئەمجارە دەیبینین، ئەوەیە کە بەراورد بەوەی ساڵی ٢٠١٠ پرۆسەیەکە زۆر دوورە لە سیاسەت، بەڵام دەبێت هەموو کات ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت، کە سیاسەت خاوەنی بڕیارە گرنگەکانە**

**لەم فۆڕمەی سەرژمێرییەکە، بڕگەیەک بۆ دیاریکردنی «نەتەوە» دیاری نەکراوە، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی یاسای ساڵی ٢٠٠٨ی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانە لە عێراقدا**



**ئێمە لە کۆمەڵگەی گەنج دەترسین، لەبەر ئەوەی گەنجەکانمان بوونەتە سوپایەکی بێکار، بۆیە دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو داتایانەی لەم سەرژمێرییە گشتیە کۆدەکرێنەوە، ببنە بنەمایەک بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ کێشەی بێکاریی گەنجان لە هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی فیدراڵی بدۆزینەوە**

بکرێت، کە دراون بۆ ڕێکخستنی ئەم پرۆسەیە و زۆر پێویستە کە پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا ئەنجام بدرێت. من خۆم کە پزیشکم و سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگەم لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ئاکامی ئەو داتایانەی لە سەرژمێریی گشتی دێتە بەردەم، ڤیژنێکم دەبێت بۆ داهاتوو، ناڵێم بۆ ١٠ ساڵی داهاتوو، بەڵام لانیکەم دەتوانم پلان بۆ پێنج ساڵی داهاتوو دابنێم.

من هەتا ئێستا نازانم ڕێژەی گەشەی دانیشتووان چەندە. ڕۆژێك دەڵێن: ٢,٣٪، ڕۆژی دواتر دەڵێن: ٢,٤ ٪ یان ٢,٥٪، بێگومان ئەمانە جیاوازیی گەورە و هەتا ١٠٠ هەزار لە ڕێژەی دانیشتووان دروست دەکات. ئێ باشە دەبێت بۆ ئەم خەڵکە خزمەتگوزاری تەندروستی هەر لە چاودێریی تەندروستی و دابینکردنی پزیشك و فەرمانبەری تەندروستی دابین بکەم، ئەمە بە نیسبەتی هەموو سێکتەرەکانی دیکەش بەم جۆرەیە.

ئەو تێبینییانەی بریکاری وەزارەتی پلاندانانی هەرێم لە سەر پرۆسەی سەرژمێریی گشتی ئاماژەی پێکردن، دەبێت تێیانپەڕێنین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ئەوە لە حکومەتی د.محەمەد شیاع سوودانی دەبینین و لێکتێگەیشتنی زۆر باشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. سەبارەت بە دانانی سەنتەری داتا لە هەرێم، بێگومان سەنتەری سەرەکی داتا لە بەغدا دەبێت، ئەو سەنتەرەی داتا کە لە هەرێم دادەنرێت، سەنتەرێکی لاوەکی دەبێت و لقێك دەبێت لە سەنتەری سەرەکی، بۆیە بەمجۆرە کێشەکە چارەسەر دەکرێت، هەم سەنتەری هەولێر دەتوانێت داتای پێویست لە سەنتەری داتای بەغدا وەربگرێت، هەمیش سەنتەری سەرەکیی بەغدا دەتوانێت داتای پێویست لە سەنتەری داتای هەولێر وەربگرێت، بۆیە ئەگەر سەنتەری داتای لاوەکی لە هەر پارێزگایەك هەبێت، کارێکی ئاساییە و نەك هەر کێشە دروست ناکات، بەڵکو ئاسانکاری بۆ بەدەستخستنی داتای پێویست دروست دەکات.

چاومان گێڕا بەو فۆڕمەی بۆ پرۆسەی

گولان ١٩٠



ئەمجارەی سەرژمێریی گشتیی عێراق ئامادە کراوە. فۆرمێکی زۆر گرنگە بەوەی بۆ پەرەپێدانی داهاتووە. هەرەمی دانیشتووانی عێراق کە هەرەمێکی گەنجانەیە، لە جیهاندا بە گەشبینییەوە سەیری ئەمجۆرە هەرەمەی دانیشتووان دەکەن، بەڵام ئێمە لە کۆمەڵگەی گەنج دەترسین، لەبەر ئەوەی گەنجەکانمان بوونەتە سوپایەکی بێکار، بۆیە دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو داتایانەی لەم سەرژمێرییە گشتیە کۆدەکرێنەوە، ببنە بنەمایەك بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ کێشەی بێکاریی گەنجان لە هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی فیدراڵی بدۆزینەوە.

بە بۆچوونی من لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ سەرژمێریی گشتی لە هەموو عێراق بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ دەکرێت، لە ئێستاشدا لێکتێگەیشتنی زۆر باش لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم هەیە و، هەموو پێداویستییەکانی سەرژمێری ئامادە کراون، ئامانجیش لە سەرژمێرییەکە بەرەوپێشەوەبردنی پەرەپێدانە و، دوورە لە گرفتی سیاسی، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت.

سادەترین نموونە بۆ گرنگیی ئەم سەرژمێرییە، دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستانە لە بوودجەی عێراق بە ١٢,٦٧٪ بە ڕێگەی مەزندەکردن و خەمڵاندن، نەك لەسەر داتا و پێوەرەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، بەڵام دوای ئەم سەرژمێرییە دروستیی ئەم ڕێژەیە دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەی من دڵنیام ڕێژەی پشکی هەرێمی کوردستان زۆر لە ١٢,٦٧٪ زیاترە، بەڵام لەم سەرژمێرییە ئەگەر ١١٪یش دەربچێت، پێی ڕازین، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای داتا و زانیاریی ورد دەستنیشان دەکرێت.

دوایین خاڵ کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە هەرسێ پارێزگای «نەینەوا، کەرکوك، دیالە»، بارودۆخی ئاوارەکانە، ئەم پرسە دەبێت بە جددی کاری لەسەر بکەین، بۆ چارەسەرکردن و گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەپێچەوانە کێشەی زۆرمان بۆ دروست دەبێت.

**دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستانە لە بوودجەی عێراق بە ١٢,٦٧٪ بە ڕێگەی مەزندەکردن و خەمڵاندن، نەک لەسەر داتا و پێوەرەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، بەڵام دوای ئەم سەرژمێرییە دروستیی ئەم ڕێژەیە دەردەکەوێت**



**پ.د.ئەمین محەمەد سەعید ئیدریسی**

مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر:

# ئاماری دانیشتووانی ئەمجارە بڕی ٣٠٠ ملیاری بۆ تەرخان کراوە و لەم بڕە ٣٨ ملیار دیناری بۆ ئاماری دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە

پ.د.ئەمین محەمەد سەعید ئیدریسی، مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین – هەولێرە و،پێشتر مامۆستا بووە لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی بەسرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە وەك ئەكادیمیستێك هاتووەتە هەرێمی كوردستان و بووەتە مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، لە ماوەی ئەو ٢٤ ساڵەشدا، چەندین توێژینەوە و کتێبی لەسەر پەرەپێدان و بونیادی ژێرخانی ئابووری هەولێر نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە و، ئێستا سەرقاڵی پرۆژەیەکی زانستیی دیکە ئەویش «هەولێر بکەینە شارێکی نێودەوڵەتی»ـە و لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی) بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە باسی لە گرنگیی ئاماری دانیشتووان کرد و بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

لە سەرەتاوە دەمەوێت بەو پرسیارە دەست پێبکەم: ئایا سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان چییە؟ ئایا ئەمە چەمکێکی ڕاستە کە دەڵێن: سەرژمێریی گشتی، یان دروستترە بڵێین ئاماری گشتیی دانیشتووان؟ بە بۆچوونی من، چەمکی ئاماری دانیشتووان لە چەمکی سەرژمێریی گشتی ڕاستترە، لەبەر ئەوەی ئامار گشتگیر و فراوانترە و گۆڕانکارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافییەکان دەگرێتەوە، بەڵام سەرژمێریی گشتی تەنیا هەژماردنە، بۆیە لێرەوە قسەکانی خۆم بە سەر چەند تەوەردا دابەش دەکەم بەمجۆرە:

**یەکەم: چەمکی ئامار**

ئامار، پرۆسەیەکی میتۆلۆژیی یەکگرتووە، زۆر جار لەسەر ئاستی فەرمی و حکوومی ئەنجام دەدرێت و، پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان تێدەپەڕێنێت، بە شێوەیەکی گشتگیر داتاکانی «دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی» کۆدەکاتەوە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە وڵاتدا، یان بەشێکی دیاریکراوی ئەو وڵاتە، ئەو داتاو زانیارییانە کۆدەکرێنەوە و شرۆڤە دەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە. ئەمە پرۆسەیەکی خولییە و بە شێوەیەکی ئاماری بۆ دانیشتووان دەکرێت. بەپێی ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێت ئاماری دانیشتووان هەر ١٠ ساڵ جارێك لە وڵاتاندا ئەنجام بدرێت.

لەم پێناسەیەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم پێناسەیە چەندین ڕەهەند لە خۆی دەگرێت:

- پرۆسەی ئاماری دانیشتووان زۆربەی جار لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت، لەبەر ئەوەی ئاماری دانیشتووانی پێویستە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، کۆکردنەوەی دەستی کار، پێداویستییە گشتیرەکانی دەوڵەت و پاشان بۆ سەرخستنی ئەم کارانە چەند بودجەی پێویستە.
- چەمکی ئاماری دانیشتووان لە سەرژمێریی دانیشتووان ڕاسترە، لەبەر ئەوەی مانای سەرژمێری تەنیا ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی کۆی ژمارەی دانیشتووان، بەڵام ئاماری دانیشتووان کۆکردنەوەی داتا لەسەر کۆمەڵێك پرسی هەمەجۆری دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، وەك پەروەردگاریش دەفەرموێت «لَّقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا (٩٤) وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا (٩٥)» .
- ئاماری گشتیی دانیشتووان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراو و لە ماوەی ساڵێکی دیاریکراودا هەر ١٠ ساڵ جارێك بەڕێوە دەچێت.

**دووەم: مێژووی ئاماری دانیشتووان لە عێراقی هاوچەرخدا**

بەڵگە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، پرسێکی تازە نییە لە مێژووی دۆڵی میزۆپۆتامیا، نەتەوە و شارستانییە کۆنەکانی ئەم جوگرافیایە بۆ چەندین مەبەستی هەمەجۆر ئاماری دانیشتووانیان ئەنجام داوە، لەوانە بۆ زانینی ژمارەی ئەو پیاوانەی دەبرێن بۆ بەرەکانی شەڕ، ژمارەی بازرگانان و سەرمایەکانیان بۆ ئەوەی بزانن چەند باجیان لەسەر دادەنێن و...هتد.

شازادە کۆدیا لە ساڵانی (»٢١٤٤- ٢١٢٤ پ.ز) کە حوکمڕانیی ئەمارەتی «کلش»ی سۆمەریی کردووە، سەرژمێریی دانیشتووانی ئیمارەتەکەی کردووە و بە ٤٥٠ هەزار کەس مەزندە کراوە.

لە عێراقی هاوچەرخدا لە ساڵی ١٩٢٧ یەکەم سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجام درا، بەڵام سەرژمێرییەکی شکستخواردوو بوو، کە پشت بە ئاکامەکانی نابەسترێت. لە ساڵی ١٩٣٤ سەرژمێرییەکی دیکە ئەنجام درا، ئەم سەرژمێرییەی دانیشتووان سنوردار بوو، تەنیا بۆ دیاریکردنی ئەو خەڵکانە بوو کە توانای بەشداریکردنی هەڵبژاردن و لە خۆگرتنی تێچووی شەڕیان هەبووە، ئەم سەرژمێرییە دانیشتووانی بە ٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس دیاری کردووە. ئەوجا وێڕای سادەیی ئاکامی ئەم سەرژمێرییە، بەڵام بووە بنەمایەك بۆ پلان و بەرنامەی دەوڵەت هەتا ساڵی ١٩٤٧.

لە ساڵی ١٩٤٧ سەرژمێرییەکی دیکەی گشتی ئەنجام درا، لەم سەرژمێرییەدا ژمارەی دانیشتووانی عێراق بە ٤ ملیۆن و ٨٢٤ هەزار کەس دانرا، ئەمەش بە یەکەمین هەوڵ بۆ ئاماری دانیشتووان بە میکانیزمی تەکنیکی تازە لە عێراقدا دەنرێت، بووە هاندەر بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بڕیار بدات هەر ١٠ ساڵ

**چەمکی ئاماری دانیشتووان لە چەمکی سەرژمێریی گشتی ڕاستترە، لەبەر ئەوەی ئامار گشتگیر و فراوانترە و هەموو گۆڕانکارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافییەکان دەگرێتەوە**

**بەپێی ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێت ئاماری دانیشتووان هەر ١٠ ساڵ جارێک لە وڵاتاندا ئەنجام بدرێت**

**شازادە کۆدیا لە ساڵانی (»٢١٤٤- ٢١٢٤ پ.ز) کە حوکمڕانیی ئەمارەتی «کلش»ی سۆمەریی کردووە، سەرژمێریی دانیشتووانی ئیمارەتەکەی کردووە و بە ٤٥٠ هەزار کەس مەزندە کراوە**

**ساڵی ١٩٤٧ سەرژمێرییەکی دیکەی گشتی ئەنجام درا، لەم سەرژمێرییەدا ژمارەی دانیشتووانی عێراق بە ٤ ملیۆن و ٨٢٤ هەزار کەس دانرا، ئەمەش بە یەکەمین هەوڵ بۆ ئاماری دانیشتووان بە میکانیزمی تەکنیکی تازە لە عێراقدا دەنرێت**

جارێــك ســەرژمێریی دانیشــتووان ئەنجــام بــدات.

لــە دوای ئامــاری دانیشــتووانی ١٩٤٧، لــە عێراقدا هەر ١٠ ساڵ جارێك هەتا ساڵی ١٩٩٧ ئەنجام دراوە، بەڵام سەرژمێریی ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی نەبوو، تەنیا لە ١٥ پارێزگای عێراق سەرژمێری كراوە، ئەمە وای كردووە، زۆربەی توێژەران تەنیا پشت بە داتا و زانیارییەكانی ئاماری دانیشتووانی ساڵی ١٩٨٧ ببەستن، نەك ساڵی ئاماری دانیشتووانی ساڵی ١٩٩٧.

بۆ ئاماری دانیشتووانی ئەمجارە كە حكومەتی عێراق بڕیاری داوە لە «٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤» بەڕێوە بچێت، بڕی ٣٠٠ ملیاری بۆ تەرخان كردووە و لەم بڕە ٣٨ ملیار دیناری بۆ ئاماری دانیشتووانی هەرێمی كوردستان تەرخان كراوە و بەپێی مەزندە و خەمڵاندنە گشتییەكانی ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی دانیشتووانی عێراق ٤٣ ملیۆن كەسی تێپەڕاندووە.

## سێیەم: گرنگیی ئابووری بۆ ئاماری دانیشتووان

گەلێك لایەن هەن كە ڕەنگدانەوەی گرنگی لایەنی ئابووریین بۆ ئاماری دانیشتووان كە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئاماری دانیشتووان پێكهاتەی دابەشبوونی هەرەمی دانیشتووانمان پیشان دەدات، ژمارەی ئەو خەڵكانە چەندن كە تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵەوەیە، ئەم توێژە بەخێوكردنیان دەكەوێتە سەر ئەو توێژەی كە تەمەنیان لە نێوان ١٥-٦٥ ساڵە، هەروەها ژمارەی ئەو خەڵكانەش چەندە كە تەمەنیان لە سەرووی ٦٥ ساڵە.

مەزندە و خەمڵاندنە ئامارییەكان ئاماژە بەوە دەكەن، ئەو ڕێژەی دانیشتووانەی كە تەمەنیان لە خوار ١٥ساڵە، نزیكەی ٤٠٪ دانیشتووانی عێراق پێكدەهێنن، كە ئەم ڕێژەیە بەپێی ستاندەری جیهانی پێویستە لە ٢٦٪ تێنەپەڕێت. بەڵام ئەوانەی تەمەنیان ٦٥ ساڵی تێپەڕاندووە تەنیا ڕێژەی ٣٪ پێكدەهێنن و، تەمەنی نێوان ١٥-٦٥ ساڵ ڕێژەی ٥٧٪ی دانیشتووانی عێراق پێكدەهێنێت.

ئەم ڕێژانە كە پرۆسەی ئاماری دانیشتووان دەبنە داتا و بنەما بۆ شرۆڤەی زانستی چیمان پێدەڵێت؟ بێگومان هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیمان دەخاتە بەردەست، لایەنی ئەرێنی ئەوەیە كە كۆمەڵگەی عێراق كۆمەڵگەیەكی گەنجە، لایەنی نەرێنی كە دەبێتە ئالنگاری، ئەوەیە كە ڕێژەی تەمەنی خوار ١٥ ساڵ كە خەرجییەكانیان دەكەوێتە سەر تەمەنەكانی ١٥-٦٥ زۆر قورس دەبێت و دەبێت هەموو خزمەتگوزارییەكانی خوێندن، تەندروستی، هەلی كاریان بۆ دابین بكرێت.

٢- ئاماری دانیشتووان ئەو گۆڕانكارییە دیموگرافییەمان بۆ دەخاتەڕوو كە خۆی لە قەبارەی ئەو كۆچەدا دەبینێتەوە كە دەكرێت بۆ شارە گەورەكانی وەك بەغداو بەسرا بۆ گەڕان بە دوای كار و سەقامگیریدا، ئایا تا چەند ئەم كۆچە گۆڕانكاری لە هەیكەلی دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە دروست كردووە؟

٣- داتاكانی ئامار یارمەتیمان دەدات، بۆ دیاریكردنی قەبارەی زەوییە كشتوكاڵی و باخ و بێستانەكانمان، یان بە مانایەكی دیكە ڕووپێوی سەوز كە چەندە؟ بەشی زۆریان بە هۆی بەرفراوابوونی دانیشتووان گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە.

٤- ئامار پێمان دەڵێت ڕێژەی دەستی كاری ناوخۆیی و بیانی چەندە.

٥- قەبارە و ڕێژەی بێكاری، تاچ ئاستێك كەرتی حكومی و تایبەت هاوبەشن بۆ بەخۆگرتنی دەستی كار؟

٦- ئامار چۆنیەتیی ئەو چالاكییە ئابوورییانەمان پیشان دەدات، كە هێزی كار لەخۆ دەگرن و دەبێت چۆن بن؟

٧- كاتێك لە هەرێمی كوردستان كار دەكەین و بیر دەكەینەوە، بۆ نموونە بۆ ئەوەی ڤیژنێك دروست بكەین بۆ ئومێدەكانی ئایندە، بەوەی كاربكات بۆ ئەوەی هەولێر لە شارێكی لۆكاڵییەوە وەربچەرخێت، بۆ شارێكی نێودەوڵەتی، ئەوا ڤیژنێكی لەمجۆرە پێویستی بە كۆمەڵێك میكانیزم و داتا و زانیاریی وردە كە بەبێ ئاماری دانیشتووان ناكرێت، ئەو ڤیژنە بونیاد بنرێت.

**مەزندە و خەمڵاندنە ئامارییەكان ئاماژە بەوە دەكەن، ئەو ڕێژەی دانیشتووانەی كە تەمەنیان لە خوار ١٥ساڵە، نزیكەی ٤٠٪ دانیشتووانی عێراق پێكدەهێنن، كە ئەم ڕێژەیە بەپێی ستاندەری جیهانی پێویستە لە ٢٦٪ تێنەپەڕێت**

**ئەوانەی تەمەنیان ٦٥ ساڵی تێپەڕاندووە تەنیا ڕێژەی ٣٪ پێكدەهێنن و، تەمەنی نێوان ١٥-٦٥ ساڵ ڕێژەی ٥٧٪ی دانیشتووانی عێراق پێكدەهێنێت**

**ڕێگرتن، یان دووركەوتنەوە لە ئەنجامدانی ئاماری دانیشتووان، واتە ئاماژە ئامارییەكان و داتای دروست دەكەونە چوارچێوەی «مەزندە و خەمڵاندن»ـەوە، ئەمەش دەبێتە فاكتەرێك بۆ شكستی بەشی زۆری پلانەكانی پەرەپێدان**

**بەشێكی زۆر لە لایەنە سیاسییەكانی عێراق لەوە دەترسن، كە ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە ببێتە هۆكاری یەكلاكردنەوەی مافی بەڕێوەبردنی ناوچە كێشە لەسەرەكان**

**چوارەم: مەترسییەکانی پەکخستنی سەرژمێری**

- مەبەست و ئامانج لە ئەنجامدانی ئاماری دانیشتووان بۆ ئەوەیە بنەمایەکی داتای بەهێزمان لەبەر دەست بێت، ئەگەر ئەم داتا دروستانە لەبەر دەست نەبن، وڵات بە ڕێگەیەکی تاریك و کوێرانە هەنگاو هەڵدەگرێت.
- ڕێگرتن، یان دووركەوتنەوە لە ئەنجامدانی ئاماری دانیشتووان، ئەمەش واتە ئاماژە ئامارییەکان و داتای دروست دەکەونە چوارچێوەی «مەزندە و خەمڵاندن»ـەوە، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ شکستی بەشی زۆری پلانەکانی پەرەپێدان، هۆکاری ئەم شکستەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم پلانەی پەرەپێدان لەسەر بنەمای داتای مەزندەکراو و خەمڵێنراو بونیاد نراوە.
- لە کاتێکدا سەرژمێریی دانیشتووان بوونی نەبێت، ئەوا عێراق شکست دەهێنێت لەوەی بزانێت ژمارەی دانیشتووانی بە دروستی چەندە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەتوانێت سنوورێك بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان دابنێت. کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەم زیادبوونەی دانیشتووان پەل بکێشێت بۆ کەمکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بڵاوبوونەوەی بێکاری.
- ناتوانێت هاوسەنگی و هەماهەنگی لە نێوان زیادبوونی دانیشتووان و گەشەی خزمەتگوزارییەکانی «خوێندن و تەندروستی» ڕابگرێت، ئەمەش زیانێکی گەورە بە هەموو لایەنەکانی پەرەپێدان و گەشەپێدان لە وڵاتدا دەگەیەنێت.

**پێنجەم: ئەو هۆکارانەی بوونە هۆکاری دواخستنی سەرژمێریی گشتی**

- بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەوە دەترسن، کە ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە ببێتە هۆکاری یەکلاکردنەوەی مافی بەڕێوەبردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەمە لە کاتێکدا ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەڵێت «دەبێت سەرژمێرییەکی وردی ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بکرێت، پاشان ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت، هەتا بزانرێت دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەیانەوێت ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، یان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق دەمێننەوە».
- ئاکامی ئاماری دانیشتوان گۆڕانکاری لە بوودجەی گشتی دروست دەکات. هەرێمی کوردستان پشکێکی پێدەرێت لەو بوودجەیە بەرانبەر بە ڕێژەی دانیشتووان، هەر بۆیە لەو کاتەوە کە حکومەتی عێراق بڕیاری داوە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق لە ١٧٪ـەوە کەم بکرێتەوە بۆ ١٢,٦٧٪، ئەم پرسە بووەتە کێشەیەکی بەردەوام لە نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندیدا.
- هەروەها ئەم ئاماری دانیشتووانە کاریگەری دەبێت لەسەر دابەشکردنی بوودجەی گشتی لە نێوان پارێزگاکانی عێراقدا و بوودجەی پارێزگاکانیش بەپێی ڕێژەی دانیشتووانیان لە کۆی دانیشتووانی عێراق دیاری دەکرێت.



**ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەڵێت «دەبێت سەرژمێرییەکی وردی ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بکرێت، پاشان ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت، هەتا بزانرێت دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەیانەوێت ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، یان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق دەمێننەوە»**

**لەو کاتەوە کە حکومەتی عێراق بڕیاری داوە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق لە ١٧٪ـەوە کەم بکرێتەوە بۆ ١٢,٦٧٪، ئەم پرسە بووەتە کێشەیەکی بەردەوام لە نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندیدا**



د.حەسەن کاکی، ئەندامی بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرنووسەری ڕۆژنامەی «الخالد» بووە، کە بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکرایەوە و، یەکێکە لە نووسەر و توێژەرە دیارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بوارەکانی مێژوو و سیاسەت. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، زۆر بە ڕاشکاوی باسی لەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییانە کرد، کە ساڵ لە دوای ساڵ دژ بە نەتەوەی کورد بەگشتی و کوردی فەیلی ئەنجام دەرێن و، بەم جۆرە دیدوبۆچوون و تێڕوانییەکانی خستە ڕوو.

## د.حەسەن کاکی

ئەندامی بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ڕۆژانە بە دەیان خێزانی عەرەب لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دەهێنرێن و لە خانەقین نیشتەجێ دەکرێن

پرسی ئاماری دانیشتووان، یان سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بۆ ئێستای دەوڵەتی عێراق پرسێکی زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە ماوەی ٢٧ ساڵە لە عێراق و ماوەی ٣٧ ساڵیشە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە. بۆیە ئێستا کە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەکەین، بە ئامادەبوونی ئە م پۆلە دەستەبژێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق، دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.

بە درێژایی مێژووی سەرژمێرییە گشتییەکانی عێراق، لە هەموو سەرژمێرییەکاندا هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوە بووە کە نەتەوەی کورد بە ناوی «فەیلی، ئێزدی، شەبەك» بەش بەش بکەن و، نەیانویستووە وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ سەرژمێریی بۆ بکرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر باس لە ڕێژەی کوردی فەیلی بکەین لە عێراقدا، دەبینین لە هەردوو سەرژمێریی ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ ڕێژەی کوردی فەیلی ٦٪ی دانیشتووانی هەموو عێراقیان پێك هێناوە، بەڵام ئێمە ئێستا لە ساڵی ٢٠٢٤ین، دەپرسم: ئایا ئێستا ڕێژەی

کوردی فەیلی چەندی دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنن؟

سەبارەت بە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کە ئێستا لە عێراقدا بە مەزندە و خەمڵاندن بە پێنج ملیۆن و نیو دانراوە و پشکی هەرێم بە ١٢,٦٧٪ خەملێندراوە، بەڕاستی ئەمە غەدرێکی گەورەیە بەرانبەر هەرێم کراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەو مەزندەی پێنج ملیۆن و نیوەش لەگەڵ دانیشتووانی عێراقدا بەراورد بکەین، ڕێژەکە دەکاتە ١٤٪، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە خاوەنی ئامارێکی دروستی دانیشتووان نین، بەڵام لە هەرێمی کوردستانیش بە مەزندە و خەمڵاندن ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم بە شەش ملیۆن و سەد و حەفتا و یەك هەزار کەس دانراوە، کە بەپێی ئەم خەمڵاندنە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم لە عێراقدا دەگاتە ١٥,١٪.

ئەمەی ئاماژەم پێکرد، تەنیا باسی ئەو مەزندە و خەمڵاندنەیە کە بۆ دانیشتووانی هەرێم کراوە و دەبینین بە هۆکاری سیاسی، چ غەدرێك لەو دانیشتووانە دەکرێت. هەر بۆیە لێرەوە بە گرنگی دەزانم بگەڕێمەوە بۆ مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی عێراق، بۆ ئەوەی بزانین لە ماوەی ئەو ١٠٠ ساڵەدا چەند گۆڕانکاریی ترسناك بەسەر دیمۆگرافیای کورددا هاتووە و چۆن ناوچەکانیان بە عەرەب کردووین.

هەموو ئەو جوگرافیایەی پێی دەگوترێت «ڕۆژهەڵاتی دیجلە» هەر لە شنگالەوە تا دەگاتە مەندەلی و بەدرە و جەسان خاکی کوردستان بووە، ئەم ڕاستییە لە کتێبی «العشائر العراقیة»ی عەباس ئەلعیساویدا تۆمار کراوە و، ئەم نووسەرە کوردیش نییە، بەڵکو یەکێکە لە توێژەرەکانی عەرەبی عێراق و وەك دیکۆمێنت تۆماری کردووە، کە ئەو جوگرافیایە خاکی کوردستان بووە، تەنانەت کاتێك عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ پێشوازیی لە نوێنەری هۆزەکانی کورد کرد لە بەغدا، پێی گوتن «بەخێربێن دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە».

یەکەم پرۆسەی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان لە ساڵی ١٩٤١ لەسەر دەستی حکومەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی دژی کوردی فەیلی دەستی پێکرد. ئەوکات کوردی فەیلی بەوە تاوانبار دەکرا کە «تەبەعییە»ی ئێرانیان هەیە، بەڵام مێژووی ئەم تەبەعییەتە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی ئاماری دانیشتووان لە ساڵی ١٩٢٤، لەم ئامارەدا خەڵکیان سەرپشك کرد لە دوو تەبەعییە «ئێرانی و عوسمانی» یەکێکیان هەڵبژێرن، بژارەی دیکەیان دانەنابوو، تەبەعییەی عێراقی لە ناو فۆڕمی ئامارەکەدا دانەنرابوو، بۆیە باڵیۆزی ئێرانی لە عێراق لەو سەردەمەدا پێشنیاری بۆ کوردانی فەیلی کرد کە تەبەعییەی ئێرانی هەڵبژێرن، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- بە هۆی کێشانی سنوورەکانەوە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەشێك لە هۆزەکانی کوردی فەیلی دابەش بوون، بەشێکیان کەوتووبوونە بەری ئێران، بەشێکی دیکەشی کەوتبوونە بەری عێراق، ئەوجا بۆ ئەوەی تەواو لێك دانەبڕێن، فەیلییەکان تەبەعییەی ئێرانییان هەڵبژارد.

٢- ئەو ناوچانەی کە کوردی فەیلیان لێ نیشتەجێیە (هەر لە خانەقین و مەندەلییەوە تا دەگاتە دیالە و بەدرە و جەسان لە پارێزگای واست)، هەموویان بە درێژایی سەدان کیلۆمەتر هاوسنوورن لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا و بەرژەوەندی و بازرگانیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا هەبووە.

لەبەر ئەم دوو هۆکارە لەو سەردەمەدا کوردی فەیلی بڕیاری دا «تەبەعییە»ی ئێرانی هەڵبژێرێت، کە پاشان بەم بیانووە کوردی فەیلی ئەنفال کران و لە وڵات دەرکران.

حکومەتە یەك لە دوای یەکانی عێراق ئەمەیان تەنیا بەرانبەر کوردی فەیلی نەکرد، بەڵکو لە هەموو ئەو ناوچە کوردستانییانەی ئێستا پێیان دەگوترێت «کێشە لەسەر» هەر لە شنگالەوە تا دەگاتە مەندەلی و بەدرە و جەسان، دەستیان بە سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن کرد، بەڵام وێڕای ئەو زوڵمە گەورەیەی لە خاکی کوردستان و دانیشتووانە کوردەکەی کراوە، ئێستاش ناوێرن لەو ناوچانە سەرژمێریی گشتی بکەن و دەترسن ئاکامی ئەو سەرژمێرییە ببێتە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

**لە هەموو سەرژمێرییەکاندا هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوە بووە کە نەتەوەی کورد بە ناوی «فەیلی، ئێزدی، شەبەک» بەش بەش بکەن و، نەیانویستووە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ سەرژمێریی بۆ بکرێت**

**هەرێمی کوردستانیش بە مەزندە و خەمڵاندن ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم بە شەش ملیۆن و سەد و حەفتا و یەک هەزار کەس دانراوە، کە بەپێی ئەم خەمڵاندنە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم لە عێراقدا دەگاتە ١٥,١٪.**

**کاتێک عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ پێشوازیی لە نوێنەری هۆزەکانی کورد کرد لە بەغدا، پێی گوتن «بەخێربێن دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە».**

**یەکەم پرۆسەی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان لە ساڵی ١٩٤١ لەسەر دەستی حکومەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی دژی کوردی فەیلی دەستی پێکرد**




**بە بیانووی بوونی تیرۆریستان ٢٤ گوندی کوردیان لە ناوچەی خانەقین ڕاگواستووە و ڕێگە نادەن دانیشتووانەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و گوندەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە**

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە بڕیار درا بە سێ قۆناغ «ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، ڕیفراندۆم» لەو ناوچانە کێشەکان یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام بۆ ٢٠ساڵ دەچێت جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییەیان ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی نەزانرێت ڕێژەی دانیشتووانی کورد لەو ناوچانە چەندە. هەتا ئێستا لە هەوڵی بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەن بەگشتی و خانەقین بەتایبەتی، ڕۆژانە بە دەیان خێزانی عەرەب لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دەهێنرێن و لە خانەقین نیشتەجێ دەکرێن، لەمەش خراپتر بە بیانووی بوونی تیرۆریستان ٢٤ گوندی کوردیان لە ناوچەی خانەقین ڕاگواستووە و ڕێگە نادەن دانیشتووانەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و گوندەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە.

لەو فۆرمەی بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی ساڵی ٢٠٢٤ لە عێراق تۆمار کراوە، بڕگەی تایبەتی بە «نەتەوە ومەزهەب» تێدا نییە، بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئەم سەرژمێرییە گشتییە تەنیا ئامانجی پەرەپێدان و گەشەپێدانە، لەم چوارچێوەیەدا کارێکی باشە سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا بەڕێوە بچێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك داتا و ئاماری تازە دەخاتە بەردەستمان کە واقیعی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان پیشان دەدات.

بەپێی خەملاندن و مەزندەکان کۆمەڵگەی عێراقی بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەیەکی گەنجە، ڕێژەی ٦٢٪ی ئەو خەڵکانەن کە ئێستا بە هێزی کار هەژمار دەکرێن، ڕێژەی ٣٤٪ی ئەو خەڵکانە پێك دەهێنێت کە تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵە، ئەمەش واتە بەتەمەنەکان تەنیا ڕێژەی ٤٪ پێك دەهێنن، بێگومان بەتەمەنەکانی عێراقیش دیارە و ئاستی مامناوەندیی تەمەن لە عێراقدا بە ٧٢ ساڵ مەزندە کراوە.

ئەگەر سەرنج لەم ئامارە بدەین، ئەوا دەبینین ڕێژەی هێزی کار ٦٢٪ی کۆمەڵگەی عێراق



پێك دەهێنێت، ئەم ڕێژەیە پێی دەگوترێت: «سەرچاوەی مرۆیی»، ئەم سەرچاوە مرۆییە ئەگەر زۆر وەبەرهێنانی تێدا نەکرێت و نەکرێتە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە بۆ پەرەپێدان، ناتوانێت ببێتە سەرکردە و سەرکردایەتیی داهاتووی ئەم نیشتمانە بکات، تا بەرەو ئاراستەیەکی ڕۆشن هەنگاوی پێ هەڵبگرێت.

بەڵام ئەوەی لە واقیعی ئێستا عێراقدا دەیبینین، ئەوەیە بە هۆی دیاردەی بەربڵاوی گەندەڵییەوە کە هەموو جومگەی دامەزراوەکانی ئەم دەوڵەتی گرتووەتەوە، هیچ تێڕوانین و ڤیژنێك بۆ ئایندەی ئەم نیشتمانە نییە. وەك ئاماژەم پێ کرد، ئێمە خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەی مرۆیین، خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەی سامانی سرووشتی و خاکێکی بەپیتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوین و، ئەوەش لە واقیعدا دەبینین سوپایەکی بێکارمان هەیە، بەر بەردەوامی دەستی دەرەوە لە دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگەی عێراقیدا هەیە.

بە بۆچوونی من، گرنگترین خاڵ کە پێویستە ئێمە سوود لەو داتا و زانیارییانەی ئەم سەرژمێرییە گشتییە وەربگرین، ئەوەیە کە ئەم داتاو زانیارییانە بکەینە بنەمای دیراسات و توێژینەوەی زانکۆکانمان، بۆ ئەوەی بزانین چۆن مرۆڤێك بونیاد دەنرێت کە بتوانێت سەرکردایەتیی ئەم کۆمەڵگەیە بکات و، چۆن ئەم سەرچاوە دەوڵەمەندەی مرۆیی بەکار بخەین، بۆ ئەوەی ئەم نیشتمانە ئاوەدان بکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە و ڕێگە نادات بە گەشبینییەوە سەیری ئایندە بکەین، ئەوەیە کە خێزانێکی عێراقی منداڵەکەی خۆی پەروەردە دەکات، بەڵام کاتێك دەگاتە ئەو تەمەنەی کە خۆی بونیاد بنێت و خێزان دروست بکات، ڕووبەڕووی واقیعی بێکاری و گەندەڵی دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەم ئاراستەیە وەرچەرخانی تێدا نەکرێت، لە داهاتوودا کۆمەڵگەی عێراقی ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە دەبێتەوە.

**کارێکی باشە سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا بەڕێوە بچێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک داتا و ئاماری تازە دەخاتە بەردەستمان کە واقیعی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان پیشان دەدات**



**پ.ی.د.سامیە خالید حەسەن**

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە ئاماری پراکتیکی و زیرەکیی دەستکرد:

# لەسەر ئاستی جیهان پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی ئاستی پێشکەوتنی هەر وڵاتێک دادەنرێت

**پ.ی.د.سامیە خالید حەسەن، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە ئاماری پراکتیکی و زنجیرە کاتییەکان و زیرەکیی دەستکرد و، جیا لەوەی ئەندامی یەکێتیی ئابووریناسانی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ئەندامی یەکێتیی ئامارناسانی عەرەبییشە و، خاوەنی زیاتر لە ١٤ کتێب و توێژینەوەی زانستییە و لە چەندین کۆلێژی زانکۆکانی کوردستانیش وەك مامۆستا وانەی بە قوتابیانی قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر گوتووەتەوە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتیی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، وێڕای ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی باسی لە ئالنگارییەکانی بەردەم پرۆسەی سەرژمێری گشتی کرد، لە هەمان کاتدا پرێزنتەیشنێکیشی لەسەر مێژووی سەرژمێرییە گشتییەکانی عێراق ئامادە کردبوو و بەم جۆرە دیدوبۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.**

ئامار یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی توێژینەوەی زانستی و لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت بۆ گەیشتن بەو ئاکامەی کە توێژینەوەکە ئامانجیەتی، ئەمڕۆش کە لەم پەنێڵەدا کە گفتوگۆ لەسەر «ئاماری دانیشتووان و سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا» دەکەین، کە ماوەی نزیکەی سێ دەیەیە لە عێراق و زیاتر لە سێ دەیەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئاماری دانیشتووان پێویستییەکی زۆر گرنگە و لەم چوارچێوەیەشدا سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە ئەم گفتوگۆ گرنگەی لەسەر ئەم پرسە هەستیارە ڕێك خستووە.

بۆ ئەم گفتوگۆیە من وەك پسپۆڕ و ئەکادیمیستێکی ئەم بوارە پرێزنتەیشنێکم ئامادە کردووە، کە تیایدا لە ساڵی ١٩١٩وە ئاماژەم بە پرۆسەی ئاماری دانیشتووان لە عێراقدا کردووە، بەڵام مێژووی ئەنجامدانی ئاماری دانیشتووانی عێراق زۆر لەو بەرواره کۆنترە و، لەسەر ئاستی تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی، عێراق یەکەمین دەوڵەت بووە کە لە سەدەی هەژدەهەمدا یەکەمین پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی ئەنجام داوە.

ئەم پرێزەنتەیشنە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی لە ساڵی ١٩١٩ تا ساڵی ١٩٩٧ کە دوایین پرۆسەی سەرژمێریی گشتییە لە عێراقدا لە خۆی گرتووە، داتا

و زانیارییەکانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ ئەوەی لە توێژینەوەی زانستیدا پشتی پێ نابەسترێت، بەڵام وەك ئاماژەیەك بۆ مێژووی ڕاپرسییەکانی عێراق دامناوە.

لە زانستی ئاماردا، مەزندە و خەمڵاندن بۆ ئاماری دانیشتووان دەکرێت بەپێی ئاکامی سەرژمێرییەکانی پێشوو، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا منیش مەزندە و خەمڵاندنم بۆ ڕێژەی ئێستای دانیشتووانی عێراق کردووە، کە بەپێی مەزندە و خەمڵاندن، دانیشتووانی عێراق لە ئێستا (ساڵی ٢٠٢٤) بە نزیکەی ٤٢ ملیۆن کەس دانیشتووان دەردەچێت، ئەم ڕێژەیەش ناتوانین بڵێین ١٠٠٪ تەواوە، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاکامی ڕاپرسییەکانی پێشتر مەزندە و خەمڵاندنی لەسەر کراوە.

وەك لە سەرەتا ئاماژەم پێ کرد، ئامانجی سەرەکیی ئامار کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە، بۆیە زۆر گرنگە ئەو داتاو زانیارییانە دروست و پیشاندەری واقیعی ئێستای کۆمەڵگە بێت، ئێمە لەم پرۆسەی سەرژمێرییە گشتییەدا داتا و زانیاری لەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیانی تاکێك لەم کۆمەڵگەیەدا تۆمار دەکەین.

پرۆسەی سەرژمێریی گشتی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە لە ڕووی «ئابووری، تەندروستی، خوێندن، هەیکەلەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووان، ڕێژەی ڕەگەزی نێر و مێ و...هتد» دەگرێتەوە، هەر بۆیە کاتێك ئەم داتایانە بە دروستی کۆ دەکرێنەوە و تۆمار دەکرێن، وێنەی هەموو سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە وەك وێنەیەك لە بەردەستماندا دەبێت، دەزانرێت چۆن کەموکورتی و کێشەکان دیاری بکرێت، هەر بۆیە لەسەر ئاستی جیهان پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بە پێوەرێك دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئاستی پێشکەوتنی هەر وڵاتێك، داتا و زانیاییەکانی ئاماری دانیشتووان پرۆسەیەکی بەراوردکاری لە پێداویستیی سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات. بۆ نموونە: «بەراوردکردنی ڕێژەی دانیشتووان لەگەڵ ئاست و ژمارەی پزیشك و کارمەندانی کەرتی تەندروستی، بەراوردکردنی ژمارەی قوتابیان و ژمارەی قوتابخانەکانمان و...هتد»، کەواتە کە ئەم داتا و زانیارییە دروستانەمان لەبەردەست بوو، ناچار دەبین توێژینەوە و دیراسات لەسەر پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان بکەین.

لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرسی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی دەوڵەتەکان بڕیاری لەسەر دراوە، کە هەر ١٠ساڵ جارێك بکرێت، ئەم ماوەیە زۆرە لەبەر ئەوەی لە ماوەی ١٠ساڵدا کۆمەڵگە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆسەی سەرژمێری پرۆسەیەکی قورسە، یەکەم پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورە هەیە، دووەمیان ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری هەوڵێکی زۆری دەوێت، سێیەمیشیان پێویستی بە ڕاهێنان و ئامادەکردنی سەرچاوەیەکی گەورەی مرۆیی دەبێت، بۆیە دەوڵەتان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون لانی کەم دەبێت لە ١٠ساڵ جارێکدا لە هەر وڵاتێك سەرژمێری بکرێت.

لە دوماهیی قسەکانمدا دەمەوێت بە زمانی ژمارە و ئامار ئاستی گەشەکردنی دانیشتووان لە ساڵی ١٩١٩ وە تا ئێستا بخەمە ڕوو، کە دابەشم کردووە بەسەر ١٢ ماوەی جیاوازدا، لە هەندێکیاندا ماوەکان لە ١٠ ساڵ کەمترن، بەڵام وەك پسپۆرێکی بواری ئامار پەیڕەوی مەزندە و خەمڵاندنی ئاماریم کردووە کە بەم جۆرە لە پریزەنتەیشنەکەدا خراوەتە ڕوو.

| ئامار و مەزندەکان | ژمارەی دانیشتووانی عێراق |
|---|---|
| ١. ساڵی ١٩١٩ | ٢،٨٥٠،٠٠٠ |
| ٢. ساڵی ١٩٢٧ | ٢،٩٦٨،٤٥٠ |
| ٣. ساڵی ١٩٣٤ | ٣،٢١٣،١٧٤ |
| ٤. ساڵی ١٩٤٧ | ٤،٨١٦،١٩٥ |
| ٥. ساڵی ١٩٥٧ | ٦،٥٣٦،١٠٩ |
| ٦. ساڵی ١٩٦٥ | ٨،٢٦١،٥٢٧ |
| ٧. ساڵی ١٩٧٧ | ١٢،٤٩٧،٢٢١ |
| ٨. ساڵی ١٩٨٧ | ١٦،٣٣٥،١٩٩ |
| ٩. ساڵی ١٩٩٧ | ٢٢،٢١٠،٠٠٠ |
| ١٠. ساڵی ٢٠٠٥ | ٢٧،٩٦٢،٩٨٨ |
| ١١. ساڵی ٢٠١٧ | ٣٧،١٣٩،٥١٩ |
| ١٢. ساڵی ٢٠٢٤ | ٤٢،٣٩٧،٨٣٣ |

لەم پریزەنتەیشنەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گەشەی دانیشتووان هەر لە نێوان سەرژمێرییەك بۆ سەرژمێرییەکی دیکە چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکارییانە تەواوی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و، دەبێت بە داتا و زانیاریی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بکرێت، بەڵام بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان و لە سەرتاسەری عێراقیشدا ماوەی نزیکەی چوار دەیەیە سەرژمێریی دروست نەکراوە و، سەرژمێریی ساڵی ١٩٩٧یش هەرێمی کوردستانی نەگرتووەتەوە، بۆ داتا و زانیارییەکانی لە ڕووی زانستیەوە پشتی پێ نابەسترێت، ئەمە پێمان دەڵێت ماوەی ٣٧ لەسەر بنەمای مەزندە و خەمڵاندن مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا دەکەین، ئەمەش بەربەستێکی گەورە بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کۆی سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات.

**ماوەی ٣٧ لەسەر بنەمای مەزندە و خەمڵاندن مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا دەکەین، ئەمەش بەربەستێکی گەورە بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کۆی سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات**

**لە هەرێمی کوردستان و لە سەرتاسەری عێراقیشدا ماوەی نزیکەی چوار دەیەیە سەرژمێریی دروست نەکراوە و، سەرژمێریی ساڵی ١٩٩٧یش هەرێمی کوردستانی نەگرتووەتەوە**

**لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرسی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی دەوڵەتەکان بڕیاری لەسەر دراوە، کە هەر ١٠ساڵ جارێک بکرێت**

**لەسەر ئاستی تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی، عێراق یەکەمین دەوڵەت بووە کە لە سەدەی هەژدەهەمدا یەکەمین پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی ئەنجام داوە**



پڕۆفیسۆر دکتۆر سەباح سابیر خۆشناو:

# چەندین کێشەمان لەگەڵ حوکمڕانی بەندە بە ڕێژەی دانیشتووانەوە، لە سەرووی هەموویانەوە پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی عێراق

پڕۆفیسۆر دکتۆر سەباح سابیر خۆشناو، مامۆستایە لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری ئابووریی دارایی گشتی و پەرەپێدانی مرۆیی و پلاندانانی ستراتیژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی) بە شێوەیەکی زانستییانە گرنگیی ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووانی بە پرۆسەی گەشەپێدان و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام لە کۆمەڵگەدا گرێ دایەوە و بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

پرسی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، پرسێکی زۆر گرنگە بۆ هەر دەوڵەتێك، بۆ وڵاتی ئێمەش کە ماوەیەکی زۆرە ئەنجام نەدراوە، گرنگییەکی زیاتری هەیە. بۆیە دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە ئەم گفتوگۆ گرنگ و ڕاشکاوانەیەی ڕێك خستووە.

پێش من بەڕێز پرۆفیسۆر د.ئەمین ئیدریسی کە مامۆستای خۆم بووە، زۆر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر مێژووی ئامار لە عێراقدا کرد و گرنگییەکەی خستە ڕوو، بۆیە من لەسەر ڕەهەندە ئابوورییەکانی گرنگیی ئامار و سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان قسە دەکەم.

ئامار واتە کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی دروست و مامەڵەکردن بە زمانی ژمارە و، ئەم داتا و زانیارییانە دەبنە نەخشەڕێگە بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان، بە مانایەکی دیکە ئەگەر داتا و زانیاریی دروست لە بەردەستدا نەبوو،

وەک ئەوەیە کەسێک کوێر بێت و بە ناو تونێڵێکی تاریکدا هەنگاو هەڵبگرێت.

لە پرۆسەی پەرەپێدانی هەر کۆمەڵگەیەکدا تاک سەنتەرە، ئەمەش واتە ئامانج لە پرۆسەی پەرەپێدان ئەوەیە چی بکرێت، بۆ ئەوەی تاک خۆشگوزەران بژی، لەبەر ئەوەی تاکەکە خێزان پێک دەهێنێت و خێزانەکانیش کۆمەڵگە دروست دەکەن.

کۆمەڵگە بە هۆی گەشەی دانیشتووانەوە گۆڕانکاری لە پێداویستییەکانیدا دێتەئاراوە، بۆیە زۆر گرنگە بە دروستی گەشەی دانیشتووانی کۆمەڵگە بزانرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گەشەی دانیشتووان پەیوەندی بە گەشەی ئابووریی و داهاتی ساڵانەی تاک لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە، کەواتە لەبەر بوونی پەیوەندی لە نێوان «گەشەی دانیشتووان و گەشەی ئابووری»، پێویستە گەشەی دانیشتووان کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری هەبێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گەشەی دانیشتووان لە هەموو دەوڵەتێکدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر گەشەی ئابووری هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: لە هەندێک دەوڵەتدا بۆ نموونە چین، بەڵێ کاریگەریی ئەرێنی هەیە و، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی چین زۆر زۆرە، بەڵام لە ڕووی گەشەی ئابووری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە کێبڕکێ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، بەڵام لە وڵاتانی پاشکەوتوو، یان ئەوەی پێیان دەڵێن دەوڵەتانی باشووری ئەفریقا، لە زۆر وڵاتدا گەشەی دانیشتووان هۆکارێکە بۆ پاشکەوتنی ئابووری، هۆکاری ئەمەش نەبوونی پلانە.

ئاماژەیەکی دیکە کە گەشەی دانیشتووان گرێ دەداتەوە بە گەشەی ئابوورییەوە، ئاستی مامناوەندیی داهاتی تاکە (per capita income) کۆی داهاتی تاکەکان دەبێتە داهاتی نیشتمانی (national income)، ئەم داهاتە بە ڕێگەی «داهاتەکان، بەرهەمهێنان، خەرجییەکان» دیاری دەکرێت و پاشان بەسەر ژمارەی دانیشتوواندا دابەش دەکرێت و ئاستی مامناوەندی داهاتی دیاری دەکات و، ئاماژەیەک و پێوەرێک بۆ ئاستی پێشکەوتنی ئابووریی هەر وڵاتێک دیاری دەکرێت. بۆ نموونە لە دەوڵەتێکی وەک قەتەر لەوانەیە ئاستی داهاتی مامناوەندی تاک لە مانگێکدا دە هەزار دۆلار بێت، ئەمە بەراورد بە ئاستی مامناوەندیی داهات لە بەنگلادیش کە زۆر کەمە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئابووریی قەتەر پێشکەوتووە و هی بەنگلادیش دواکەوتووە.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، پەیوەندیی گەشەی دانیشتووانە بە پەرەپێدانی مرۆییەوە، ئەم لایەنە هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت بایەخ بە تەندروستی و چاودێریی تەندروستیی هاووڵاتیان بدەین، ئەوا دەبێت بزانین ڕێژە و ژمارەی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و نەخۆشخانەکانمان ئایا لەو ئاستەدان خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دابین بکەن؟ واتە پرسیار لەسەر ئەمە دروست دەبێت، بەوەی ئایا چەند کەس لەم نیشمانەدا پزیشکێکی بەردەکەوێت، چەند کەس قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانەی بەردەکەوێت، بۆیە چەند ژمارەی هاووڵاتییان کەمتر بێت بۆ پزیشک و قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانە، ئەمە ئەوەمان پیشان دەدات کە کەرتی تەندروستی لەو وڵاتەدا پێشکەوتووە، ئەمە وەک پێوەر هەموو سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەی پێ دەپێورێت.

هەروەها کەرتی پەروەردە و خوێندن ئاماژەکانی ژمارە قوتابی بۆ هەر قوتابخانەیەک و ژوورێکی خوێندن و مامۆستایەک بە هەمان شێوە، خوێندنی باڵا و زانکۆکان و کۆلێژ و پەیمانگەکان و ژمارە قوتابی بۆ هەر بەشێکی زانستی و هۆڵێکی خوێندن و مامۆستایەک، هەرچەندە ژمارەکە کەمتر بێت، باشترە و گەشەسەندووترە، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

هەروەها ئاماژەی پێشبینیی ژیانی تاک و مرۆڤ (معدل توقع الحياة للفرد) لەم وڵاتەدا هەرچەندە تێکرای ژیانی مرۆڤ و تاک زیاتر بێت، ئەوا خەڵکەکەی باشتر و خۆشتر دەژین، وڵاتی ژاپۆن بە نموونە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێدەڵێت، کە فەلسەفەی ئابووری و دارایی، کار لەسەر تاک دەکات و داوا دەکات، خزمەتگوزارییەکان بۆ تاکی کۆمەڵگە دابین بکرێن، بۆیە کاتێک گەشەی دانیشتووانی کۆمەڵگە دەگۆڕێت و ژمارەی

**لە زۆر وڵاتدا گەشەی دانیشتووان هۆکارێکە بۆ پاشکەوتنی ئابووری، هۆکاری ئەمەش نەبوونی پلانە**

**چەند ژمارەی هاووڵاتییان کەمتر بێت بۆ پزیشک و قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانە، ئەمە ئەوەمان پیشان دەدات کە کەرتی تەندروستی لەو وڵاتەدا پێشکەوتووە، ئەمە وەک پێوەر هەموو سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەی پێ دەپێورێت**

**فەلسەفەی ئابووری و دارایی، کار لەسەر تاک دەکات و داوا دەکات، خزمەتگوزارییەکان بۆ تاکی کۆمەڵگە دابین بکرێن**

**کاتێک کۆی گشتیی ڕێژەی مردن لە کۆی گشتیی ڕێژەی لەدایکبوون دەردەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئاستی گەشەی دانیشتووان دەردەکرێت**

**ئەوانەی بڕیار دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری دروست لەسەر ئەو واقیعە بدەن، ئەوا پێویستیان بە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان هەیە، بۆ ئەوەی بە دروستی بزانن واقیعەکە چۆنە و وەک خۆی بیخوێننەوە و بڕیاری دروستی لەبارەوە بدەن**

**ئابوورییەکی تاک ڕەنگ، کە لە زانستی ئابووریدا پێی دەگوترێت (الاقتصاد الريعي)، هەروەها ئالنگارییەکانی بریتین لە هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێ و ڕێکنەکەوتن لەگەڵ بەغدا و بڕینی بودجە و مووچە و تیرۆر و ناسەقامگیریی سیاسیی ناوخۆیی و دوو زۆنی لە هەرێمی کوردستان و گەندەڵی و نەبوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو**

**ئەو داتاو زانیارییانەی لەم سەرژمێرییە گشتییەدا کۆ دەکرێنەوە و تۆمار دەکرێن، کاریگەرییەکی زۆر باشیان هەیە، لەوەی کەموکورتی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان دیاری بکەین و پاشان پلانی بۆ دابنێین، بۆ ئەوەی توانا و سەرچاوەکان پێکەوە گرێ بدەینەوە و بەسەر ئالنگارییەکاندا زاڵ ببین**

دانیشتووان زیاد دەبێت، ئەوا دەبێت پلانێکی دەوڵەتی هەبێت بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بکات. لە ئێستای عێراقدا لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی پسوولەی خۆراك کە لە دوای لەدایکبوونی منداڵەکانەوە تۆمار دەکرێت، دەکرێتە بنەما بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا، ئەمەش بەو مانایەی منداڵان لە تەمەنی تا چوار ساڵی چییان پێویستە، دەبێت بۆیان دابین بکرێت، لە دوای ئەو تەمەنە دەبێت پلان هەبێت بەپێی ئەو ڕێژەیە باخچەی ساوایان و قوتابخانە و مامۆستایان بۆ دابین بکرێت، ئەم گەشەی دانیشتووانەش بە ڕێژەی لەدایکبوون و ڕێژەی مردن دیاری دەکرێت، کاتێك کۆی گشتیی ڕێژەی مردن لە کۆی گشتیی ڕێژەی لەدایکبوون دەردەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئاستی گەشەی دانیشتووان دەردەکرێت.

بۆ دەوڵەتێکی وەك عێراق کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ـەوە شەڕ و کودەتا تێیدا دەستی پێکردووە و پاشانیش شۆڕشەکانی کوردستان و دوای ئەویش شەڕی عێراق-ئێران و شەڕی کوەیت، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣شەوە شەڕی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە، شەڕی دژی تیرۆریستان، ئەمانە بوونە فاکتەرێك بۆ ئەوەی ڕێژەی مردن لە عێراقدا بەرز ببێتەوە. بۆیە ئەوانەی بڕیار دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری دروست لەسەر ئەو واقیعە بدەن، ئەوا پێویستیان بە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان هەیە، بۆ ئەوەی بە دروستی بزانن واقیعەکە چۆنە و وەك خۆی بیخوێننەوە و بڕیاری دروستی لەبارەوە بدەن.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گەشەی دانیشتووان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان هاوشانی گەشەی دانیشتووان، بۆ هەر دەوڵەتێك گرنگە پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام (sustainable development) پیادە بکات، ئەم پرۆسەیە لە زانستی ئابووریدا تازەیە و لە دوای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاتووەتە ناو زانستی ئابووری و حوکمڕانییەوە، لە ئێستادا پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەردەوام لەسەر دوو ڕەهەند کار دەکات:

یەکەمیان: پاراستنی ژینگەیە بە هۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە، بۆیە دەبێت ستراتیژیەتی سیاسەتی ئابووری بەو جۆرە پیادە بکرێت کە زیانی بۆ ژینگە نەبێت، ئەمەش پێی دەگوترێت ئابووریی سەوز (Green Economy).

دووەمیان: دەبێت ئایندەی نەوەکانی داهاتوو لەبەرچاو بگیرێت و کار بۆ نەوەکانی داهاتوو بکرێت.

ئەم دوو ڕەهەندەی پەرەپێدانی بەردەوام پێویستی بە پلانی گەشەپێدان هەیە، سەرکەوتنی ئەم پلانەش بەندە بەو داتا و زانیارییە دروستانەی لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیدا کۆ دەکرێتەوە، لەسەر بنەمای ئەو داتاو زانیارییانە شرۆڤەی ( شیکردنەوەی چوارگۆشەیی دەکات، کە ئەو شرۆڤەیە برتییە لە «دیاریکردنی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان، دیاریکردنی ئالنگاری و دەرفەتەکان».

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەرفەتەکانی بەردەستی چین بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێت؟ دەڵێین: ئێمە لە هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەی سرووشتیی زۆرین، خاوەنی خاکێکی بەپیتین، سرووشتێکی جوانمان هەیە، دەستی کاری لێهاتوومان هەیە، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوومان لەبەردەستە، بۆیە بە پێکەوە گرێدانەوە و پێکەوە ئاراستەکردنی ئەم خاڵە بەهێزانە، داهاتێکی زۆر باش دێتە بەردەستمان و دەتوانین لە سێکتەرە جیاوازەکانی وەك کشتوکاڵ، پیشەسازی، ئابوورییەکی فرە ڕەنگ بونیاد بنێین، نەك ئابوورییەکی تاك ڕەنگ، کە لە زانستی ئابووریدا پێی دەگوترێت (الاقتصاد الريعي)، هەروەها ئالنگارییەکانی بریتین لە هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێ و ڕێکنەکەوتن لەگەڵ بەغدا و بڕینی بودجە و مووچە و تیرۆر و ناسەقامگیریی سیاسیی ناوخۆیی و دوو زۆنی لە هەرێمی کوردستان و گەندەڵی و نەبوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو.

بە ڕەچاوکردنی گرنگیی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بۆ ئاستی مامناوەندی داهاتی تاك و داهاتی نیشتمانی و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، ئەوا ئەنجامدانی پرۆسەی



سەرژمێریی گشتی بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە چەندین کێشەی ئێمەی کورد لەگەڵ حوکمڕانی بەندە بە ڕێژەی دانیشتووانەوە، لە سەرووی هەموویانەوە ئێمە کێشەی پشکی هەرێمی کوردستانمان هەیە لە بودجەی عێراقدا، ڕێژەی ئەم پشکە لە ئێستا بە ١٢,٦٧٪ لەسەر بنەمای پسووڵەی خۆراك دیاری کراوە، بەڵام ئەو داتا و زانیاریانەی پسووڵەی خۆراك دەری دەخات، داتاو زانیاریی دروست نین و کۆنن، بۆیە ناکرێت لەسەر بنەمای داتا و زانیارییەك کە گومانی لەسەرە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان خەمڵاندنی بۆ بکرێت. ئەم پرسە پێویستی بە داتا و زانیاریی دروست هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین بڕیاری دروست بدەین، هەر لەسەر بنەمای پسووڵەی خواردن ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ لایەنە کوردستانییەکان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دیاری کراوە، ئەمەش دوای داتا و زانیارییە دروستەکانی ئەم سەرژمێرییە گشتییە گۆڕانکاریی بە سەردا دێت و ژمارەی کورسیی پەرلەمانی و نرخەکەی (ژمارەی دەنگدەر بۆ یەك کورسی ) دەگۆڕێت.

بۆ پرۆسەی حوکمڕانی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا، دیسان ئەو داتاو زانیارییانەی لەم سەرژمێرییە گشتییەدا کۆ دەکرێنەوە و تۆمار دەکرێن، کاریگەرییەکی زۆر باشیان هەیە، لەوەی کەموکورتی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان دیاری بکەین و پاشان پلانی بۆ دابنێین، بۆ ئەوەی توانا و سەرچاوەکان پێکەوە گرێ بدەینەوە و بەسەر ئالنگارییەکاندا زاڵ ببین و دەرفەتی زیاتر بقۆزینەوە و سوودی لێ وەربگرین.

**ناکرێت لەسەر بنەمای داتا و زانیارییەک کە گومانی لەسەرە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان خەمڵاندنی بۆ بکرێت**



پ.د.محەمەد شوانی

مامۆستای زانکۆ:

# لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی متمانە نەماوە و مەترسی لە هەر هەنگاوێک دەکرێت، هەر بۆیە لەسەر ئەم پرۆسەی سەرژمێرییەش گومان و دڵەڕاوکێ هەیە

**پ.د.محەمەد شوانی، مامۆستای بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێرە و، لە هەمان کاتدا ماوەی ١٥ساڵە ئەندام و ڕێکخەری ژوورەکانی توێژینەوە و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکان لە بزووتنەوەی گۆڕان، لەم بوارەدا چەندین وتار و ڕاپۆرت و توێژینەوە و کتێبی هەیە. ماوەیەکی درێژە کار لەسەر دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان دەکات و ئاگادارە لە مەترسیی ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییانەی لەو ناوچانەدا ڕوو دەدەن، کە بەردەوامیش ئاستەنگ بۆ دانیشتووانە کوردەکەی ئەو ناوچانە دروست دەکرێت. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، زۆر بە ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ناکرێت ئەو داتا و زانیارییانەی لەم سەرژمێرییە گشتییەی دانیشتووانی عێراقدا کە لەم پرۆسەیەدا کۆ دەکرێنەوە، ببێتە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان و، بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

زۆر خۆشحاڵم لەگەڵ ئەم پۆلە دەستەبژێرە پسپۆڕە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، گفتوگۆ لەسەر گرنگیی «پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی عێراق» دەکەین، ئەم پرۆسەیەش پەیوەندی بە چارەنووسی هەموو لایەکمانەوە هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری عێراق.

پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، تەنیا لایەنی چەندایەتی و ژماردن نییە بۆ ئەوەی بزانین ژمارەی دانیشتووانی ئەم دەوڵەتە چەندە، بەڵکو لەم پرۆسەیەدا کۆمەڵێك داتا و زانیاری کۆ دەکرێنەوە کە پەیوەندییان بە ژیان و کۆی سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە، لە هەموویان گرنگتر «دابەشبوونی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووانمان» پیشان دەدات، کە دەزانین ڕێژەی گەنجەکانمان چەندن، دەزانین ڕێژەی نێر و مێ لە کۆمەڵگەدا چەندە، داتا و زانیارییەکانی سەرژمێریی دابەشبوونی ژینگەییمان

بۆ دیاری دەکات، بۆ ئەوەی بزانین ڕێژەی چەندی دانیشتووان لە شارەکان دەژین و چەندیش دانیشتووی گوندەکانن، هەروەها بە بەراورد لەگەڵ سەرژمێریی پێشتر، جێگۆڕکێی دانیشتووانمان بۆ دیاری دەکات، ڕێژەی دانیشتووانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە جیاوازەکانمان بۆ دیاری دەکات، کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی جیاوازە، هەروەها سەرژمێری بنەما و ڕێسای دانیشتووانمان لە کۆمەڵگەدا بۆ دیاری دەکات، کە دەتوانین لەسەر ئەو داتا و زانیارییانە پلان و پێشبینی بۆ ١٠- ١٥ ساڵی داهاتوومان دابڕێژین، بۆ چۆنیەتی ئاراستەکردنی دانیشتووان، پێشکەوتن و خزمەتگوزاری و سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دیاری بکەین و کەموکورتییەکان دەستنیشان بکەین و پلانی گونجاو دابنێین بۆ ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکەین.

گەشەی دانیشتووان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا زۆر گرنگیی پێ دەدرێت، لەبەر ئەوەی گەشەی دانیشتووان فاکتەرێکی گرنگە بۆ پرۆسەی گەشەپێدان. لە ساڵی ٢٠١٠ سەرۆکی چین لە نەخۆشخانەیەکی لەدایکبوون، بەدیار لەدایکبوونی منداڵێکەوە ڕاوەستابوو و دەیگوت: بە لەدایکبوونی ئەم منداڵە ژمارەی دانیشتووانی چین دەبێتە ملیارێك و ٣٠٠ ملیۆن کەس، بەڵام بەداخەوە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا، نە تۆمارکردنی وردی لەدایکبوون و مردن هەیە، نە سەرژمێرییەکی دروست، کە لە قۆناغێکی ئارام و بێ کێشەدا ئەنجام درابێت، ئەگەرچی لە ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣٤ و ١٩٤٧ و ١٩٥٧ و ١٩٦٥و ١٩٧٧و ١٩٨٧ سەرژمێری کراوە و لە ساڵی ١٩٩٧یش جگە لە هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق کرا، بەڵام هەرێمی کوردستان بەشداریی تێدا نەکردووە، جگە لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧، کە تا ڕادەیەك بارودۆخەکە ئارام بوو و هێشتا دەستی تەعریب و گۆڕانکاریی دیمۆگرافی بە زەقی پیادە نەکرابوو، تا ڕادەیەك ئامراز و کەرەستە و شارەزایی سەرژمێرییەکەش لەوانی پێش خۆی باشتر بوون، بۆیە کورد پێداگری دەکات ئەم سەرژمێرییە بکرێتە بنەما بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نەتەوەییەکان.

ئێستا لە عێراقدا کە دەوڵەتێکی فرەپێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی جیاوازە، دوو گرفتی سەرەکی هەیە، یەکەمیان لە نێوان ئەم پێکهاتە جیاوازانەدا متمانە نەماوە و مەترسی لە هەر هەنگاوێك دەکرێت، هەر بۆیە لەسەر ئەم پرۆسەی سەرژمێرییەش گومان و دڵەڕاوکێ هەیە، سەرەڕای بایەخ و ئەو گرنگییانەی ئاماژەمان پێکرد، دەپرسین: ئەم گومانە لە کوێیەوە سەرچاوە دەگرێت؟ هەموو لایەك ئاگادارن لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پاشان نووسینەوەی دەستوورەوە بڕیار بوو لە ساڵی ٢٠٠٧ سەرژمێریی دانیشتووان بکرێت، بە بیانووی جیاواز دوا خرا و نەکرا، لە ساڵی ٢٠١٠ بە بیانووی سیاسی جارێکی دیکە دوا خرا، لە ساڵی ٢٠١٧ نەتوانرا بکرێت، هۆکاری ئەم دواخستنەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان هەر هەمووی هۆکاری سیاسی بوون. لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە ئامادەکاری دەکرێت سەرژمێری بکەن، کە گۆڕانکارییەکی گەورەی دیمۆگرافی لە ناوچە کوردستانی و دابڕێنراوەکاندا کراوە و دەیانەوێت ئەو واقیعە بچەسپێنن، ئێمەش ترسمان هەیە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە بکەنە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە دژی بەرژەوەندیی کوردستانییەتی ئەو ناوچانە. بۆیە ئەگەر ئامانج ئەوە بێت، ئاکامی ئەم سەرژمێرییە بکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەو ناوچانە، ئەوا دەبێت کورد ئەمە قبووڵ نەکات و ڕەتی بکاتەوە.

دووەم گرفتی گەورە لە عێراقدا ئەوەیە، ڕەچاوی یاسا و ڕیسا و تیۆرە زانستییەکانی گەشەکردن و کەمبوونەوەی دانیشتووان ناکرێت، بۆ نموونە تا ئێستا ناوەندێکی توێژینەوە، یان زانکۆیەك، یان توێژەرێکی عێراقیی بەویژدان نەهاتووە توێژینەوەیەك لەسەر ئەوە بکات، کە ئەم گۆڕانکارییە گەورانەی دیمۆگرافی بۆچی لە ناوچە کوردستانی و دابڕێنراوەکاندا ڕووی داوە. لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی کورد لە کەرکووك ٤٨٪، عەرەب ٢٨٪، تورکمان ٢١٪ بووە، تەنیا لە ماوەی بیست ساڵدا بۆچی لە ئاماری ١٩٧٧ ڕێژەکە بەم شێوەیە گۆڕاوە: ڕێژەی کورد بووەتە نزیکەی ٣٦٪، ڕێژەی تورکمان بۆ نزیکەی ١٦، ڕێژەی عەرەب بەرزبووەتەوە بۆ ٤٨٪؟ ئەمە هیچ توێژەرێکی خاوەن ویژدان ئاماژەی پێ نەکردووە. بۆ ئەم سەرژمێرییەش کە بڕیارە بکرێت، لە ئێستادا ناوی سەدان گوندی پارێزگای کەرکووك کە لە ئاماری ١٩٥٧ گوند بوون و دانیشتووانەکەی کورد بوون، ئێستا نەماون و ئاوەدان نەکراونەتەوە و هەموویان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگاکانی بنەسڵاوە و دارەتوو و ئێستا لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێن، جگە لەوەی ئێستا پێنج ملیۆن هاووڵاتی عێراقی لە دەوڵەتانی کەنداو و دەوڵەتانی دراوسێ و ئەورووپا دەژین، کێشەی ئەمانە چۆن چارەسەر دەکرێت؟

ئەگەرچی ئامادەباشییەکی زۆر باش بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کراوە، بەڵام دەبێت ئەو تێبینییانەی هەرێمی کوردستان وەك مەترسی سەیریان دەکات، لەبەر چاو بگیرێت و هەوڵ بدرێت چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**سەرژمێری بنەما و ڕێسای دانیشتووانمان لە کۆمەڵگەدا بۆ دیاری دەکات، کە دەتوانین لەسەر ئەو داتا و زانیارییانە پلان و پێشبینی بۆ ١٠- ١٥ ساڵی داهاتوومان دابڕێژین**

**لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا، نە تۆمارکردنی وردی لەدایکبوون و مردن هەیە، نە سەرژمێرییەکی دروست، کە لە قۆناغێکی ئارام و بێ کێشەدا ئەنجام درابێت**

**لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە ئامادەکاری دەکرێت سەرژمێری بکەن، کە گۆڕانکارییەکی گەورەی دیمۆگرافی لە ناوچە کوردستانی و دابڕێنراوەکاندا کراوە و دەیانەوێت ئەو واقیعە بچەسپێنن، ئێمەش ترسمان هەیە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە بکەنە بنەمایەک بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠**

**لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی کورد لە کەرکووک ٤٨٪، عەرەب ٢٨٪، تورکمان ٢١٪ بووە، تەنیا لە ماوەی بیست ساڵدا بۆچی لە ئاماری ١٩٧٧ ڕێژەکە بەم شێوەیە گۆڕاوە: ڕێژەی کورد بووەتە نزیکەی ٣٦٪، ڕێژەی تورکمان بۆ نزیکەی ١٦٪ و ڕێژەی عەرەب بەرزبووەتەوە بۆ ٤٨٪؟**



# لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆک مسعود بارزانی پێداگریی کرد، لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا ببێتە یەکێک لە خاڵەکانی پرۆگرامی وەزاریی حکومەتی داهاتووی عێراق

**سوبحی مەندەلاوی**

نووسەر و رۆشنبیر:

**سوبحی مەندەلاوی، یەکێکە لە ناوە دیارەکانی نێو میدیای کوردی و عەرەبی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەڵوێستی ڕاشکاوانەی لەسەر پرسە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان هەیە و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ و یەکێك بووە لە داواکارییەکانی لایەنی کورد و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە دەبێت ئەم پرۆسەیە دوا نەخرێت و ئەنجام بدرێت، بەم جۆرەش بیر و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

کۆبوونەوەی پۆلێك دەستەبژێر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسێکی گرنگی وەك «پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا، کارێکی زۆر گرنگە دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ناوەڕۆکی ئەم گفتوگۆیە بکرێتە ڕاپۆرت و بنێردرێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی سوودی لێ وەر بگیرێت.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، من هەوڵ دەدەم قسە لەسەر لایەنە سیاسییەکەی بکەم و، لە سەرەتاوە دەڵێم، هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ داواکاریی سەرەکیی لایەنە کوردستانییەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، ئەوە بووە کە دەبێت پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا ئەنجام بدرێت و دوا نەخرێت، لەبەر ئەوەی بەهۆی نەبوونی ئامارێکی دروستی دانیشتووانەوە لە عێراقدا زوڵمێکی یەکجار زۆر لە نەتەوەی کورد بەگشتی و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کراوە، بۆیە پێداگریمان کردووە، سەرژمێریی گشتی بکرێت، بۆ ئەوەی بەشێك لەو زوڵمانەی لە کورد دەکرێن نەمێنن و چارەسەر بکرێن، بەڵام بەداخەوە لایەنەکانی دیکە بەتایبەت هێز و لایەنەکانی شیعە کە ئێستا لە دەسەڵاتدان بەئەنقەست ڕێگرییان کرد لەوەی بە هۆکاری سیاسی و هۆکاری دیکە سەرژمێریی گشتی بکرێت و دوایان خست و لەکاتی

خۆیدا ئەنجام نەدرا، کە بێگومان هۆکارە سیاسییەکە لە سەرووی هەموویانەوەیە، لەبەر دوو هۆکار، ئەویش پرسی «نەتەوە و مەزهەب»ـە، سەبارەت بە لابردنی بڕگەی نەتەوە، ئەوا بێگومان مەبەست لێی نەتەوەی کوردە، بەتایبەتی کوردی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان هەر لە «شنگالەوە تا دەگاتە خانەقین و مەندەلی و زورباتییە و بەدرە و جەسان»، ترسیان لەوە هەیە بە ڕێگەی سەرژمێری ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچەیە دەربکەوێت، بۆیە نایەنەوێت دەستوور و یاسا جێبەجێ بکەن.

بەڵام لایەنی کوردی هەتا ئێستا پێداگریی کردووە کە دەبێت سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدرێت، لە دوایین دانوستاندنەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆك مسعود بارزانی پێداگریی کرد، لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا ببێتە یەکێك لە خاڵەکانی پرۆگرامی وەزاریی حکومەتی داهاتووی عێراق.

بێگومان دەستخۆشی لەو هەنگاوانە دەکەین کە وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی بۆ ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە هەڵیگرتووە و ئامادەسازیی بۆ کردووە، ئامانجی ئەم ڕاپرسییەیان لەسەر بنەمای پەرەپێدانی ئەکادیمی دیاری کردووە، بەڵام ئەوەش ناشارینەوە کە لە پشت پەردەی ئەم پرۆسەیەش پاڵنەری سیاسی هەیە، ئەویش شاردنەوەی بابەتی نەتەوەیی و بابەتی مەزهەبیە، سەبارەت بە پرسی مەزهەب لایەنە سیاسییەکانی شیعە ترسیان هەیە کە ئەو ڕێژەیەی کە ئێستا لە پرۆسەی سیاسیدا وەك زۆرینەی شیعە کاری لەسەر دەکرێت، لەم سەرژمێرییە گشتییەدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، ئەمریکا ڕێژەی ٦٥٪ی دانیشتووانی عێراقی بۆ شیعە دیاری کرد، کورد لە سنووری ١٨٪ و عەرەبی سوننەش بە ڕێژەی ١٢-١٥٪، ئەوەی دەمایەوە دانرا بۆ پێکهاتەکانی دیکە وەك «تورکمان و کریستیان و پێکهاتەکانی دیکە»، کەواتە بە لابردنی بڕگەی «مەزهەب» لە فۆرمی سەرژمێریی گشتیدا، ڕێگە تەخت دەکات بۆ ئەوەی زۆرینەی شیعە بە ڕێژەی ٦٥٪ بکاتە ئەمری واقیع و، ئەم پرسە بۆ باڵادەستییان لە پرۆسەی سیاسییدا بەکار دەهێنن و تەنانەت بۆ ئەو گەندەڵییانەشی هەندێك لایەن دەیکەن و بە هۆی چەسپاندنی ئەم ڕێژەیەوە تێی دەپەڕێنن.

بێگومان دوای چەندین ساڵ لە کارکردن بەو ڕێژەیەی ئەمریکییەکان بۆ پێکهاتەکانی عێراق دیارییان کردووە، زوڵمێکی هێجگار زۆر لە پێکهاتەکانی دیکە کراوە، بەتایبەتی کورد و دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کە لە سەرەتادا پشکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ١٧٪ لە کۆی دانیشتووانی عێراق دیاری کرابوو، بەڵام ئەم پشکە کەم کرایەوە بۆ ١٢,٧٪ کە نانزارێت بە پشتبەستن بە چ پێوەر و دیکۆمێنتێك ئەم ڕێژەیە کەمکراوەتەوە، لەمەش خراپتر لە بودجەی عێراقدا، بوودجەی سەروەریی و حاکیمەی لێ جیا دەکرێتەوە، ئەوجا پشکی ١٢,٦٧٪ بۆ هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت و بەمەش ڕێژەکە کەم دەبێتەوە بۆ ٧-٨٪ ی کۆی بودجەی عێراق، سەرەڕای هەموو ئەمانەش وەك دەبین بەردەوام بیانوو بەو ڕێژەیەش دەگیرێت و ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت و نانێدرێت.

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، پرسی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتییە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، زۆر بەداخەوە هەتا ئێستاش پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە بەردەوامە بەتایبەتیش لە کەرکووك و خانەقین و مەندەلی، من خۆم خەڵکی شاری مەندەلیم، پێش دەستپێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە ڕێژەی کورد لە مەندەلی ٧٠٪ زیاتر بووە، بەڵام ئێستا کورد لەو شارەدا ڕێژەی ٥-١٠٪ پێك دەهێنێت، ئەمە بێجگە لەوەی خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانە ئاوارە بوون و ئێستا لە هەرێمی کوردستان و شوێنەکانی دیکە دەژین، بۆیە کورد تێبینیی زۆر جدیی لەسەر ئەم سەرژمێرییە هەیە و بە ئاشکرا ڕای دەگەیەنێت و نەیشاردووەتەوە.

بەڵام وێڕای ئەو تێبینییانەی ئاماژەم پێ کرد، ئەم سەرژمێرییە گشتییە هەندێك لایەنی ئەرێنیی تێدایە، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت پرۆسەکە ئامانجی پەرەپێدانە، بەمەش لانیکەم دوای ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە دەردەکەوێت دانیشتووانی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان چەندە، بەمەش پشکێکی دادپەروەرانە بۆ هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت، هەروەها ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی عێراقیش دەردەکەوێت و، لەوانەیە کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بێگومان هەرێمی کوردستان بەشداری لەم ڕاپرسییە دەکات و دەبێت ئەو تێبینییانەی لەسەر ئەم پرۆسەیە هەیەتی لەبەرچاو بگیرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

**ئامانجی ئەم ڕاپرسییەیان لەسەر بنەمای پەرەپێدانی ئەکادیمی دیاری کردووە، بەڵام لە پشت پەردەی ئەم پرۆسەیەش پاڵنەری سیاسی هەیە**

**بۆیە پێداگریمان کردووە، سەرژمێریی گشتی بکرێت، بۆ ئەوەی بەشێک لەو زوڵمانەی لە کورد دەکرێن نەمێنن و چارەسەر بکرێن**

**لایەنە سیاسییەکانی شیعە ترسیان هەیە کە ئەو ڕێژەیەی کە ئێستا لە پرۆسەی سیاسیدا وەک زۆرینەی شیعە کاری لەسەر دەکرێت، لەم سەرژمێرییە گشتییەدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت**

**لابردنی بڕگەی «مەزهەب» لە فۆرمی سەرژمێریی گشتیدا، ڕێگە تەخت دەکات بۆ ئەوەی زۆرینەی شیعە بە ڕێژەی ٦٥٪ بکاتە ئەمری واقیع و، ئەم پرسە بۆ باڵادەستییان لە پرۆسەی سیاسییدا بەکار دەهێنن**



## گۆهدار محەمەد عەلی

سەرۆکی کەرتی تەکنیکی و مەیدانی لە سەرژمێری لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان:

# یەکێک لەو فاکتەرانەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاکامی ئەم سەرژمێرییە گشتییە دەبێت، ئەوەیە کە متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا لاوازە

گۆهدار محەمەد عەلی، سەرۆکی کەرتی تەکنیکی و مەیدانیی سەرژمێرییە لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هاوکات یەکێکە لە نوێنەرانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ئاماری فیدراڵی و وەزارەتی پلاندانانی عێراق بۆ ئامادەکارییەکانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە هەرێمی کوردستان. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە باسی لەو ئاستەنگ و گرفتە تەکنیکییانە کرد، کە لە ئامادەکارییەکانی سەرژمێریی گشتیدا بۆ هەرێمی کوردستان دروست بوون و بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

لەم کاتە هەستیارەدا کە ماوەیەکی کەممان ماوە لەو بەروارە نزیك ببینەوە کە بۆ سەرژمێریی گشتیی ساڵی ٢٠٢٤ی عێراق دیاری کراوە و، پرۆسەیەکە پەیوەندیی بە هەر تاك و هاووڵاتییەکی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەیە، جێگەی دەستخۆشییە کە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوانەیەی لەسەر ئەم پرسە هەستیارە ڕێك خستووە.

بەشداربووانی بەڕێزی ئەم گفتوگۆیە، باسیان لە زۆر لایەنی تایبەت و پەیوەندیدار بەم پرۆسە گرنگە کرد، بۆیە من لێرەدا دەمەوێت هەڵوەستە لەسەر لایەنی تەکنیکیی ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی بکەم، بەتایبەتیش ئەو هۆکارە تەکنیکییانەی کە بوونە هۆکاری ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، لە هەندێك بواردا دوا بکەوین، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

لە سەرەتادا کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵییەوە بڕیار درا، سەرژمێریی گشتی بە ڕێگەی فۆرمی ئەلیکترۆنی بکرێت و تەنیا پشت بە توانای عێراقییەکان ببەسترێت، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بەڕێوە بچێت، ئێمە وەك دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دوای بینینی ئەزموونەکانی سەرژمێریی ئەلیکترۆنی لە هەر دوو وڵاتی میسر و ئوردن، بۆمان ڕوون بووەوە کە سەرژمێریی ئەلیکترۆنی چەند ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی بێ کێشە و گرفت لە عێراق بکرێت، لەبەر ئەوەی بۆ جاری یەکەمە سەرژمێری لە عێراقدا بە شێوەی ئەلیکترۆنی بکرێت، پێویستە ڕاوێژ و هاوکاری لە لایەنی دەرەکی وەربگیرێت، بەڵام دەستەی ئاماری عێراق (کە ئەوکات دەزگای ناوەندیی ئامار بوو) درەنگ بەو بڕوایە گەیشتن کە بەبێ وەرگرتنی یارمەتی لەو لایەنانەی ئەزموونیان هەیە، سەرژمێریی ئەزموونی زۆر ئەستەمە، یان بەلای کەم ماوەیەکی زۆر دوور و درێژتری پێویستە بۆ ئامادەبوون. دوای ئەمە و پاش لەدەستچوونی ماوەیەکی درێژ، بە پەلە گرێبەست لەگەڵ چەند کۆمپانیایەك کرا کە دەبوو زووتر ئەو گرێبەستانە بکرێن.

بەپێی بنەماکانی ئامار، سەرژمێریی ئەزموونی کاتێك ئەنجام دەدرێت کە هەموو «ژینگەی سەرژمێری» ئامادە کرابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك سەرژمێریی ئەزموونی دەکرێت، کە هەموو ئامادەکارییە تەکنیکییەکانی پرۆسەی سەرژمێری ئامادەیە و هەنگاوێکی ئەزموونی هەڵدەگرین بۆ ئەوەی بزانین کەموکورتییەکانمان لە پراکتیزەکردنی ئەو پرۆسەیەدا چییە و، بۆ ئەوەیە ئەو کەموکورتییانە چارەسەر بکەین، پێش ئەوەی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی دەست پێ بکات. بەڵام ئێمە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٤ لە کاتێکدا سەرژمێریی ئەزموونیمان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام دا، کە هێشتا چەندین هەنگاوی گرنگی ئامادەکارییەکان مابوون کە تەواو نەکرابوون. هەر بۆ نموونە: ئێمە سەرژمێریی ئەزموونیمان ئەنجام دا، هێشتا لە بەغدا «ژینگەی گواستنەوە و هەڵگرتنی داتاکان»، یان ئەوەی پێی دەڵێن «داتا سەنتەر» بە شێوەی ١٠٠٪ ئامادە نەبوو، ڕێبەری یەکە کارگێڕییەکان هەم لە ڕووی کارگێڕی و هەمیش لە ڕووی جوگرافییەوە کۆتایی نەهاتبوو، هەروەها کێشە بۆ ئەو ناوچانەی کە سەر بە پارێزگاکانی عێراقن، بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئیدارە دەدرێن وەك «مەخموور، شێخان، زیلکان، فایدە» دروست کرا، کە دەبوو پێش ئەنجامدانی سەرژمێریی ئەزموونی ئەو کێشانە یەکلایی بکرانایەتەوە.

ئاشکرایە کە بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی فیدراڵیدایە، بەڵام زۆر گرنگیشە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە هەماهەنگی و هاوکارییەکی تۆکمە لە نێوان دەستەی ئاماری هەرێم و دەستەی ئاماری فیدراڵیدا هەبێت، بۆ ئەوەی هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، لە هەرێمی کوردستان سەرژمێریی گشتی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت، بەڵام بەداخەوە لە هەندێك پرسدا هەستمان کرد کە ئەو هەماهەنگییە تۆکمەیە نییە و کاڵ بووەتە، هەر بۆ نموونە: زۆر جار بڕیار لە دەستەی ئاماری فیدراڵی دەدرێت، دەستەی ئاماری هەرێم ئاگادار ناکەنەوە، یان درەنگ ئاگادارمان دەکەنەوە، یان گۆڕانکاری لە هەندێك بڕیاردا دەکەن، ئێمە درەنگ لەو گۆڕانکارییانە ئاگادار دەکرێینەوە. بۆیە ئەمە ئێمە ناچارمان دەکات،

**دوای بینینی ئەزموونەکانی سەرژمێریی ئەلیکترۆنی لە هەر دوو وڵاتی میسر و ئوردن، بۆمان ڕوون بووەوە کە سەرژمێریی ئەلیکترۆنی چەند ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی بێ کێشە و گرفت لە عێراق بکرێت**

**ئێمە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٤ لە کاتێکدا سەرژمێریی ئەزموونیمان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام دا، کە هێشتا چەندین هەنگاوی گرنگی ئامادەکارییەکان مابوون کە تەواو نەکرابوون**

**ئێمە سەرژمێریی ئەزموونیمان ئەنجام دا، هێشتا لە بەغدا «ژینگەی گواستنەوە و هەڵگرتنی داتاکان»، یان ئەوەی پێی دەڵێن «داتا سەنتەر» بە شێوەی ١٠٠٪ ئامادە نەبوو**

**زۆر جار بڕیار لە دەستەی ئاماری فیدراڵی دەدرێت، دەستەی ئاماری هەرێم ئاگادار ناکەنەوە، یان درەنگ ئاگادارمان دەکەنەوە، یان گۆڕانکاری لە هەندێك بڕیاردا دەکەن، ئێمە درەنگ لەو گۆڕانکارییانە ئاگادار دەکرێینەوە**




**قەزا و ناحیەكانیان لە پارێزگایەكەوە گواستووەتەوە سەر پارێزگایەكی دیكە، بۆ ئەوەی ڕێژەی كورد لە پارێزگاكانی دیكە بە شێوەیەكی كەمینە دەر بكەوێت**

چەند هەنگاوێك بگەڕێینەوە دواوە، بۆ ئەوەی كارەكان بەپێی ئەو گۆڕانكارییانە ڕێك بخەینەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دواكەوتنی پرۆسەكە لە هەرێمی كوردستاندا.

پرۆسەی سەرژمێری یەكێكە لە پرۆسە سەختەكان، بۆیە نەتەوە یەكگرتووەكانیش ١٠ساڵ جارێكی بۆ ئەنجامدانی دیاری كردووە، پرۆسەیەكە «دەبێت بوودجەیەكی گەورەی بۆ تەرخان بكرێت، كاتێكی زۆری دەوێت، هەتا ئامادەكاریی تەواوی بۆ دەكەیت، سەرچاوەیەكی مرۆیی گەورەی پێویستە و ماندووبوونی زۆری دەوێت، تا سەرچاوەی مرۆیی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە ڕادەهێنێت و ئامادەیان دەكەیت».

لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتی و بە ڕێگەی ئەو پرسیارە جیاوازانەی لە ناو فۆڕمی سەرژمێرییەكەدا دانراون، كۆمەڵێك داتا و زانیاریی گرنگ لەسەر تاكەكان و واقیعی كۆمەڵگە تۆمار دەكرێن، ئەم داتا و زانیارییانە دوای تەواوبوونی سەرژمێرییەكە دەبنە هاوكارێك بۆ حكومەت، تا لەسەر بنەمای ئەم داتا و زانیارییانە پلان بۆ كێشەی سەرجەم سێكتەرەكانی ژیانی كۆمەڵگەدا دابڕێژێت و بەرنامەی جێبەجێكردنیان بۆ ئامادە بكات.

لایەنێكی دیكە كە باس لە گۆڕانكاریی دیمۆگرافی و كەمكردنەوەی ڕێژەی دانیشتووانی كورد لە پارێزگاكانی «نەینەوا، كەركووك، دیالە» دەكرێت، وێڕای ئەو هۆكارانەی باس كران، وەك «ڕاگواستن و بەعەرەبكردن و ڕێگریكردن لە ئاوەدانكردنەوەی ناوچە كوردنشینەكان»، هۆكارێكی دیكەی گرنگ ئەوەیە كە حكومەتە یەك لە دوای یەكانی عێراق بە مەبەستی سەرخستنی سیاسەتی بەعەرەبكردن و سڕینەوەی ناسنامەی كوردستانییەتی ئەو ناوچانە، جێگۆڕكێیان بە قەزا و ناحیەكانی



ئەو پارێزگایانە کردووە و لە پارێزگایەکەوە گواستووەتەوە سەر پارێزگایەکی دیکە، بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لە پارێزگاکانی دیکە بە شێوەیەکی کەمینە دەر بکەوێت.

ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی دروست، واقیعی خۆمان (واتە عێراق و هەرێمی کوردستان) بخوێنینەوە، دەبینین کۆمەڵێك کێشەی تایبەت بە ژمارەی دانیشتووان و دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێممان هەیە، کە هێشتا ئەم پرسانە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا یەکلایی نەکراونەتەوە، بۆیە دەبوو پێش ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە گشتییە، تەواوی ئەو کێشانە یەکلایی بکرانایەتەوە، بۆ ئەوەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی بپێکێت و، مەترسیی ئەوە دروست نەبێت کە ڕەنگە ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە بەکار بهێنرێن.

سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان کاتێك ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت و سەرکەوتن بەدەست دەهێنت، کە زۆرترین سەقامگیریی ئاسایش و سیاسی لەو وڵاتە هەبێت کە سەرژمێریی تێدا دەکرێت، ئەمە پرۆسەیەکە لە کاتی ئاشتی و ئارامی جێبەجێ دەکرێت، نەك ئاڵۆزی و پشێوی، لە ئێستای عێراقدا لەوانەیە بتوانین بڵێین تا ڕاددەیەك سەقامگیریی ئاسایش هەیە، بەڵام یەکێك لەو فاکتەرانەی کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاکامی ئەم سەرژمێرییە گشتییە دەبێت، ئەوەیە کە متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا لاوازە و گومانی ئەوە هەیە دوای ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییە، حکومەتەکانی داهاتوو داتا و زانیارییەکان بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکار بهێنن.

**سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان کاتێک ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت و سەرکەوتن بەدەست دەهێنت، کە زۆرترین سەقامگیریی ئاسایش و سیاسی لەو وڵاتە هەبێت کە سەرژمێریی تێدا دەکرێت**



د.چنار موحسین

تایبەتمەند لە سەرژمێریی دانیشتووان لە زانکۆی دهۆک:

# لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەو داتا و زانیارییە دروستانەمان لەبەر دەست نییە، کە بتوانین پلانی ستراتیژی لەسەر دابرێژین

د.چنار موحسین حەسەن، مامۆستایە لە زانکۆی دهۆك و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە «جوگرافیا، جوگرافیای دانیشتووان، نەخشەکان» و، چەندین دیراسەت و توێژینەوەی زانستی لەسەر گەشەی دانیشتووان و قەبارەی دانیشتووان و کاریگەرییەکانی ڕاگواستن لەسەر دیمۆگرافیای ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە و، وەك کەسێکی ئەکادیمی زۆر بە قووڵی لەسەر جوگرافیای دانیشتووان و مەترسییەکانی گۆڕانی دیمۆگرافی توێژینەوەی کردووە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی»، بە شێوەیەکی زانستییانە هەڵوەستەی لەسەر مێژووی کۆی سەرژمێرییە گشتییەکانی عێراقی کرد و بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

پرۆسەی سەرژمێریی گشتی ڕاشکاوانە واتە دیاریکردنی جوگرافیای دانیشتووان، یان ڕاشکاوانەتر بۆ ئەوەی بزانرێت لەم جوگرافیایەدا چەند پێکهاتە و نەتەوە و ئایینی جیاواز دەژین و، هەر یەکەیان قەوارەیان چەندە و تایبەتمەندیی هەریەك لەو پێکهاتانە چین، ئەمەش بۆ ئەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو داتا و زانیارییانەی لەو سەرژمێرییە کۆدەکرێنەوە، توێژینەوە و دیراسەتی زانستیی هەمە لایەنە بکرێت، بۆ ئەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەم گفتوگۆیەی ئامادەکردووە و دەرفەتی بۆ ڕەخساندووین گفتوگۆی لەسەر بکەین.

بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤، ڕێککەوتن لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە هاریکاری و هەماهەنگیی نێوان هەردوولا بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، ئەو سەرنج و تێبینیانەشی لەم گفتوگۆیە خرانەڕوو، دەبێت پێش ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە کە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێت، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

وەك ئەکادیمییەك لەم بوارە دەڵێم: بەبێ بوونی داتا و زانیاریی دروست کە لە پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریە گشتیی دانیشتووان کۆدەکرێنەوە و تۆمار

دەکرێـن، هیـچ دەوڵەتێـك ناتوانێت پلانـی سـتراتیژی بـۆ ئاینـدەی وڵاتەکـە و چارەسـەرکردنی کێشـەی سـێکتەرە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەی خـۆی دابڕێژێـت، بـەڵام بەداخەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئێمە ئەو داتا و زانیارییـە دروسـتانەمان لەبـەر دەسـت نییـە، بـۆ ئـەوەی توێژینـەوەی زانسـتی لەسـەر بکەیـن، یـان پلانی سـتراتیژی لەسـەر دابڕێژیـن.

لـە عێراقـدا مـاوەی ٢٧ی سـاڵە سـەرژمێری گشـتی ئەنجـام نـەدراوە، لـە هەرێمـی کوردسـتانیش مـاوەی ٣٧ سـاڵە، بۆیـە ئـەو داتـا و زانیارییانـەی ئێسـتا ئێمـە کاریـان لەسـەر دەکەیـن، هەموویـان بەرەنجامـی «مەزنـدە و خەمڵاندنـن» و ئەمـەش لەڕووی زانسـتییەوە بە داتـای دروست لـە قەڵـەم نادرێـن و جێگـەی گومانـن و ناتوانرێـت بـە داتـا و زانیاریـی تـەواو هەژمـار بکرێـن.

هۆکاری ئەنجامنەدانی سـەرژمێریی گشـتی بەتایبەتی لـەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ سـەد لەسـەد هـۆکاری سیاسـی لەپشـت بـووە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە لـە دوای ٢٠٠٣وە عێـراق ئـەو ئیمکانیەتـە مـاددی و مرۆییـەی هەبـووە، کـە بتوانێـت سـەرژمێریی گشـتیی دانیشـتووان ئەنجـام بـدات. حکومەتەکانـی پێشـووی عێـراق هـەر لەسـەردەمی پاشایەتییەوە تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٣ هەر ماوەی ١٠ساڵ جارێـك سـەرژمێریی گشـتیی دانیشـتووانیان ئەنجـام داوە.

بـۆ ئێمـە وەك نەتـەوەی کـورد و تـەواوی کوردسـتانییان کـە لـەم جوگرافیایـە پێکـەوە دەژیـن، هەمـوو ئـەو داتـا و زانیارییانـەی لـە کـۆی ڕاپرسییەکانی عێـراق سـەبارەت بـە جوگرافیـای کوردسـتان و دانیشـتووانەکەی کۆکراونەتـەوە و تۆمـار کـراون، جێگـەی گومانـن و ناتوانرێـت وەك داتـا و زانیاریـی دروسـت مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت، یـان بکرێنـە بنەمایـەك بـۆ ئـەوەی توێژینـەوەی زانسـتییان لەسـەر بکرێـت.

هـۆکاری سـەرەکی بـۆ گومـان لەسـەر داتـای سـەرژمێرییە گشـتییەکانی عێـراق تایبـەت بـە کوردسـتان و دانیشـتووانەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی هـەر لـە سـاڵی ١٩٤٧ – ١٩٩٧ کـە دوایین سـەرژمێریی گشـتی لـە عێراقـدا کـراوە، بارودۆخـی سیاسـی لـە کوردسـتاندا سـەقامگیر نەبـووە. لـە ناوچەکانـی کوردسـتان شـۆڕش و بەرخـۆدان هەبـووە. زۆر شـوێنی کوردسـتان ئـەو پرۆسـانە نەیگرتووەتـەوە، هـەر بـۆ نموونـە: لـە سـاڵی ١٩٦٥ سـەرژمێریی گشـتی لـە عێراقـدا کـراوە و هەمـوو ئـەو ناوچانـەی لـە بەردەسـتی شـۆڕشی ئەیلـول بـوون، سـەرژمێری تیـا نەکـراوە. لـە سـاڵی ١٩٧٧ سـەرژمێری کراوە، جیـا لـەوەی ئێمـە زۆربەی گوندەکانمان ڕاگوێزران و لە ئۆردگای زۆرەملێ نیشـتەجێ کران و بە سـەدان هەزار کەسیشـمان ئـاوارە بـوون و سـەرژمێری نەکـراون. لـە سـاڵی ١٩٨٧ کە سـەرژمێری کراوە، نزیکەی ٥٠٠٠ گوند و شار و شارۆچکەی کوردستان کاول کرابوون. لە ساڵی ١٩٩٧ بەهـۆی ئـەوەی ئێمـە لـە عێـراق دابڕابوویـن، سـەرژمێری لـە هەرێمـی کوردسـتان نەکـراوە، هەمـوو ئەمانـەش ئەگـەر پێکـەوە گـرێ بدەینـەوە، هـۆکاری سیاسـی بـووە و بەداخـەوە هەتـا ئێسـتاش ئـەو هـۆکارە سیاسـییە بوونـی هەیـە.

لـەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ و پاشـان لـە نووسـینەوەی دەسـتووری عێراقـدا، سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان هەوڵـی دا، پرسـی سـەرژمێریی دانیشـتووان لـە چوارچێوە سیاسـییەکەی دەربهێنێـت و لـە چوارچێـوەی ماددەیەکـی دەسـتووری (١٤٠) چارەسـەری بـکات، بڕیـار درا، لـە سـاڵی ٢٠٠٧ سـەرژمێریی گشـتی بکرێـت، بـەڵام دواخـرا، لە ٢٠١٧ش هـەر لەبـەر هـۆکاری سیاسـی نەتوانـرا ئەنجـام بدرێـت.

سـەرژمێریی گشـتیی ئەمجـارە کـە بڕیـارە لـە ٢٠ی ١١ی ئەمسـاڵ ئەنجـام بدرێـت، لەسـەر بنەمـای ئامانجـی پەرەپێـدان ئامـادەکاری بـۆ کـراوە و هـۆکاری سیاسـی لـە پشـتەوە نییـە. بۆیـە ئومێـدی ئـەوەی لێدەکرێـت، کـە داتـا و زانیاریی دروست کۆبکرێتـەوەو تۆمـار بکرێـن، کـە ببێتـە بنەمـای توێژینـەوەی زانسـتی و پلانـی سـتراتیژی بـۆ نیشـتمانەکەمان. بـەڵام دانەنانـی بڕگـەی تایبـەت بـە «نەتـەوە، زمـان، ئاییـن» لە فۆرمی ڕاپرسییەکە، هەروەها جێبەجێنەکردنـی مـاددەی ١٤٠ چەنـد ڕاسـتییەکەمان بـۆ ئاشـکرا دەکات، کـە بریتیـن لـە:

١- هەمـوو ئـەو گومانانـەی لەسـەر پرۆسـەی سـەرژمێریی گشـتیی دانیشـتووانی عێـراق دروسـت بـوون، هەموویـان لـە جێگـەی خۆیـدان، ئەمـەش نـەك تەنیـا سـەبارەت بـە کەمکردنـی ڕێـژەی دانیشـووانی نەتـەوەی کـورد، بەڵکـو لەسـەر کـۆی پرۆسـەکە.

٢- زۆڵـم و دەسـتدرێژییەکی گـەورەی «بەعەرەبکـردن، کۆچکردن، ڕاگواستن»، لە دژی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێـم کـراوە، ئـەو ناوچانـەی ئێسـتا پێیـان دەگوترێـت ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان.

٣- ڕێژەی ڕاسـتەقینەی دانیشـتووانی کـوردی ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان لـە تێڕوانینـی حکومەتـە یـەك لـە دوا یەکەکانی عێراق هێندە بە گـەورە و مەترسـی سـەیر کراوە، کـە هەمـوو جـۆرە فشـارێکیان گرتووەتەبـەر بـۆ ئـەوەی ڕێـژەی ڕاسـتەقینەی دانیشـتووانی کـوردی ئـەو ناوچانـە وەك خـۆی دەرنەکەوێـت.

لـە دوماهیـدا جارێکـی دیکـە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەمـەوە، هەتـا مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری عێـراق بـە هـەر سـێ قۆناغەکەیـەوە (ئاسـاییکردنەوە، سـەرژمێری، ڕاپرسـی) نەیەتـە جێبەجێکـردن، بـە تەواوەتـی نازانرێـت ڕێـژەی دانیشـتووانی کـورد لـە عێراقـدا چەنـدە، بۆیـە سـەبارەت بـە ڕێـژەی ڕاسـتەقینە، ئێمـە وەك کـورد هـەر گومانمـان لەسـەر داتـاکان دەبێـت و ئـەم سـەرژمێرییەش ئیشـکالیەتی ڕێـژەی ڕاسـتەقینەی کـورد لـە عێراقـدا چارەسـەر نـاکات.

**ئەو داتا و زانیارییانەی ئێستا ئێمە کاریان لەسەر دەکەین، هەموویان بەرەنجامی «مەزندە و خەمڵاندنن» و ئەمەش لەڕووی زانستییەوە بە داتای دروست لە قەڵەم نادرێن و جێگەی گومانن و ناتوانرێت بە داتا و زانیاریی تەواو هەژمار بکرێن**

**حکومەتەکانی پێشووی عێراق هەر لەسەردەمی پاشایەتییەوە تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٣ هەر ماوەی ١٠ساڵ جارێك سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانیان ئەنجام داوە**

**لە ساڵی ١٩٦٥ سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا کراوە و هەموو ئەو ناوچانەی لە بەردەستی شۆڕشی ئەیلوول بوون، سەرژمێری تیا نەکراوە**

**لە ساڵی ١٩٧٧ سەرژمێری کراوە، جیا لەوەی ئێمە زۆربەی گوندەکانمان ڕاگوێزران و لە ئۆردگای زۆرەملێ نیشتەجێ کران و بە سەدان هەزار کەسیشمان ئاوارە بوون و سەرژمێری نەکراون**



د.سیروان حوسێن مەخمووری

پسپۆڕ لە جوگرافیای سیاسی و ناوچە دابڕێندراوەکان:

# بەو واقیعەی ئێستا لە ناوچە دابڕێندراوەکاندا دەیبینین و تێیدا دەژین، هەرگیز ئەم سەرژمێرییە لە بەرژەوەندیی دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانەدا نابێت

سیروان محەمەد د.سیروان حوسێن مەخمووری، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە جوگرافیای سیاسی و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، «گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی قەزای مەخموور» ناونیشانی ماستەرنامەکەیەتی و «پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان» ناونیشانی دکتۆرانامەکەیەتی، بەردەوامیش وەك ئەکادیمیست و نووسەرێك وتار و توێژینەوەی زانستی لەسەر گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی ئەو ناوچانە و کاریگەیی ئاکامەکانی سەرژمێریی گشتی لە میدیاکانی کوردستاندا بڵاو دەکاتەوە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتیی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییە ترسناکانە کە لەو ناوچانە ڕوویان داوە، بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

پرسی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە دەوڵەتی عێراقدا پرسێکی سیاسیی ئاڵۆز بووە، لە توێژینەوەیەکمدا بە ناونیشانی «سەرژمێرییەکانی دانیشتووان لە عێراق و ڕەهەندەکانی»، گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەشت پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئەنجام دراون، هەر هەموویان هۆکار، یان ڕەهەندێکی سیاسی لە پشتیانەوە بووە. هەر بۆ نموونە: لە ساڵی ١٩٦٥ لە عێراقدا سەرژمێری کراوە، لەم ساڵەدا شۆڕشی ئەیلوول ناوچەیەکی زۆری کوردستانی لە بەردەستدا بووە، بۆیە لەو سەرژمێرییەدا ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش تۆمار نەکراون، لە ساڵی ١٩٧٧یش جیا لە داگرتنی گوندەکانمان، بە دەیان هەزار کەسیشمان ئاوارە بوون، ١٩٨٧یش دوای پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران، پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان کراوە و لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی ١٩٩٧یش هەرێمی کوردستان بەشداریی نەکردووە.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئومێدی ئێمەی کورد بەگشتی و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی، بەوجۆرە لە عێراقی تازەی دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریمان دەڕوانی، کە چیدی ڕەهەندە سیاسییەکان ڕۆڵیان نامێنێت و دەتوانین پێکەوە بڕیار بدەین و کێشەکان چارەسەر بکەین، هەر بۆیە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کران، کە بریتی بوون لە «ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی دانیشتووان، ڕیفراندۆم»، بەرنامەکە بەو جۆرە بوو کە لە کۆتایی مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٧ سەرژمێریی دانیشتووان لەو ناوچانەدا بکرێت و لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ ڕیفراندۆم لەسەر چارەنووس و یەکلاکردنەوەی ئەو ناوچانە بکرێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە بەرواری خۆیدا ئەم پرۆسەیە پەک خرا بە بیانووی ئەوەی عەرەبی سوننە بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی لەو سەردەمەدا کرد، دواتریش وەك ئاماژەمان پێ کرد لە ساڵی ٢٠١٠ بە بیانووی سیاسی دووبارە ڕێگەیان نەدا پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا ئەنجام بدرێت، ئەم باکگراوەندە مێژووییە ئەوەمان پێ دەڵێت: «هەر کاتێك ئەوان بیانەوێت دەبێت سەرژمێری بکرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە داوای ئەوە بکەین پێش سەرژمێری کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکرێت، ئەوا سەرژمێرییەکە دەکەن و گوێمان لێ ناگرن.»

لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی ئەم جارەشدا کە بڕیارە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ بەڕێوە بچێت، دیسان زۆر پرس هەیە ڕوون نییە، ئەو داتایانەی لە بەردەستی مندان، داتای دەستەی ئاماری ناوەندیی عێراقییە و بۆ من جێگەی گومانن، هەر بۆ نموونە: وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە ڕێگەی مەزندە و خەملاندنەوە ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی لە عێراقدا بە ٢,٦٪ داناوە، بەپێی ئەم ڕێژەیە ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە یەك ساڵدا لە سەرووی یەك ملیۆن کەس زیاد دەبێت، ئەگەر سەیری ڕێژەی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ساڵی ٢٠٢١ بکەین، دەبینین بەپێی ئەو داتایانەی بە مەزندە و خەملاندن دانراون، ژمارەی دانیشتووانی عێراق ملیۆنێك و ١٠٠ هەزار کەس زیادی کردووە، ئەمە بە حیساب لەو ساڵەدا پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەتەوە و بە سەدان هەزار هاووڵاتی لە خۆشك و برایانی ئێزدی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەندراون و لە کەمپەکاندا دەژین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە عێراقدا شیرازەی خێزان بەرەو لەبەریەکهەڵوەشان دەچێت. بەپێی ڕاپۆرتێك کە ئەمساڵ بڵاو کراوەتەوە، تەنیا لە هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵ نزیکەی ٤٨ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان هەبووە، جیا لەمەش لە ئێستادا بە ملیۆنها کەس لە عێراقدا ناژین و لە وڵاتانی دیکە و لە ئەورووپان، بۆیە پێکەوە گرێدانەوەی ئەم واقیعە بە داتاکانی دەستەی ئاماری ناوەندیی عێراقەوە، گومانی گەورە لای ئەکادیمیست و توێژەرانی زانستی دروست دەکات. چۆن دەکرێت واقیعی سیاسیی وڵاتێك بەم جۆرە بێت و گەشەی دانیشتووانیش لەو ئاستە بەرزەدا بێت. بە مەزندەی من بڵاوکردنەوەی ئەو داتایانە لەسەر بنەمای مەزندە و خەملاندن ڕەهەندێکی سیاسی

**٢٠١٠ بە بیانووی سیاسی دووبارە ڕێگەیان نەدا پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا ئەنجام بدرێت**

**ئەو داتایانەی لە بەردەستی مندان، داتای دەستەی ئاماری ناوەندیی عێراقییە و بۆ من جێگەی گومانن**

**وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە ڕێگەی مەزندە و خەملاندنەوە ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی لە عێراقدا بە ٢,٦٪ داناوە، بەپێی ئەم ڕێژەیە ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە یەک ساڵدا لە سەرووی یەک ملیۆن کەس زیاد دەبێت**

**بڵاوکردنەوەی ئەو داتایانە لەسەر بنەمای مەزندە و خەملاندن ڕەهەندێکی سیاسی لە پشتەوەیە و دەیانەوێت ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەی بە هۆکاری سیاسی دروستیان کردووە، لەو سەرژمێرییەدا بیچەسپێنن**

**دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و هێرشی هێزەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان، ناوەندی قەزای مەخموور کەوتەوە دەستی هێزەکانی عێراق، ئەمەش واتە ئێمە گەڕاینەوە چوارگۆشەی یەکەمی پێش نووسینەوەی دەستوور و ماددەی ١٤٠**

**لە سنووری قەزای مەخموور ١٤ هێزی جیاواز هەیە، کاتێک لە مەخموورەوە دێیتە هەولێر، وەک ئەوە وایە لە وڵاتێکەوە چوویبیت بۆ وڵاتێکی دیکە**

**کە قەرەبوو درا بە عەرەبە هاوردەکان و نێردرانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئێستا جارێکی دیکە هەموویان دەگەڕێنەوە و حکومەتی عێراق چاوپۆشییان لێ دەکات**

**هیچ دوور نییە کە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە گشتییە بەکار بهێنرێت بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە و دابڕاندنی هەتا هەتاییان لە هەرێمی کوردستان**

لە پشتەوەیە و دەیانەوێت ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەی بە هۆکاری سیاسی دروستیان کردووە، لەو سەرژمێرییەدا بیچەسپێنن، لەبەر ئەوەی ئاکامەکانی سەرژمێری کاریگەریی دەبێت لەسەر بودجە و کورسییەکانی پەرلەمان و.. هتد.

من لە قەزای مەخموورەوە هاتووم بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە دەکەم. هەڵوەستەکردن لەسەر واقیعی ئێستای مەخموور یارمەتییەکی باشمان دەدات، بۆ ئەوەی لە واقیعی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەك خۆی تێبگەین، کە واقیعی ئێستای قەزای مەخموور بەم شێوەیە:

• ماددەی ١٤٠ی دەستوور لە کاتی خۆیدا جێبەجێ نەکرا، بۆیە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و هێرشی هێزەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان، ناوەندی قەزای مەخموور کەوتەوە دەستی هێزەکانی عێراق، ئەمەش واتە ئێمە گەڕاینەوە چوارگۆشەی یەکەمی پێش نووسینەوەی دەستوور و ماددەی ١٤٠.

• سنووری ئەم قەزایە نیوەی لە بەردەستی حکومەتی عێراقدایە و نیوەکەی دیکەی لە بەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە.

• لە ناوەندەکەی چیایەك هەیە تیرۆریستانی داعشی لێیە، بەشێکی دیکە پەکەکەی لێیە.

• لەم ناوچەیە ٤٧٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە بۆشایی ئەمنی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی هەیە.

• لە سنووری قەزای مەخموور ١٤ هێزی جیاواز هەیە، کاتێك لە مەخموورەوە دێیتە هەولێر، وەك ئەوە وایە لە وڵاتێکەوە چوویبیت بۆ وڵاتێکی دیکە.

• لەو شوێنەی پێی دەگوترێت «بۆشایی ئەمنی» و ئێستا هیچ کەسی تێدا ناژی، لە پرۆسەی «گەماڕۆدان و ژمارەپێدان» لە ساڵی ٢٠٠٩ وەك ئامادەکارییەك بۆ سەرژمێریی گشتیی ساڵی ٢٠١٠، تەنیا لەو ناوچەیە ٢٥ گوند کە دانیشتووانەکەی کە ١٨٦٠٠ کەس بوون، تۆمار نەکراون.

• ناحیەی قەراج کە یەکێکە لە ناحییەکانی سەر بە قەزای مەخموور لە پرۆسەی «گەماڕۆدانان و ژمارەدانان» لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ناوەندی ئەو ناحییەیە ١٦٠٠ کەس دانیشتووی کوردی تۆمار کردووە، ئێستا لە ناوەندی ئەو ناحییەیە یەك کوردیشی تێدا نییە.

• لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ تەنیا یەك خێزانی عەرەب لە ناوەندی قەزای مەخموور هەبووە، پێش کارەساتەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ٦٠ خێزانی عەرەبی لێ بووە، ئێستا لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەی دواییدا ژمارەی خێزانی عەرەب لە ناوەندی قەزای مەخموور گەیشتووەتە ٧٥٠ خێزان و هیچ دوور نییە لەمەش زیاتر ببێت.

ئەم واقیعەی ئێستای قەزای مەخموور وێنایەکە بۆ کۆی واقیعی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکانی دیکەش کە هەر لە شنگالەوە تا مەندەلی بەو شێوەیەیە، ئەم ناوچانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، ئێمە هەتا ئێستاش لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور لە قۆناغی یەکەمداین. ڕاشکاوانەتر هێشتا بارودۆخی ئەو ناوچانە نەك هەر ئاسایی نەکراوەتەوە، بەڵکو ئەگەر هەنگاوێکیشمان هەڵگرتبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، بەتایبەتی کە قەرەبوو درا بە عەرەبە هاوردەکان و نێردرانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئێستا جارێکی دیکە هەموویان دەگەڕێنەوە و حکومەتی عێراق چاوپۆشییان لێ دەکات و، جارێکی دیکە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی داهاتوو لە چوارچێوەی سەرژمێریی گشتیدا وەك هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە دووبارە ناویان تۆمار دەکرێتەوە، وەك برادەرانیش جەختیان لەسەر ئەو مەترسییە کردەوە، هیچ دوور نییە کە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە گشتییە بەکار بهێنرێت بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە و دابڕاندنی هەتا هەتاییان لە هەرێمی کوردستان.

بۆیە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، دەبێت ئێمە وەك کورد پێداگری بکەین کە ئەم سەرژمێرییە گشتییە دوا بخرێت، یان مەرجدار بکرێت، بەوەی پێش سەرژمێری دەبێت هەر سێ قۆناغەکەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ بکرێت، لای هەموو لایەکیش ئاشکرایە کە قۆناغی دووەمی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەنجامدانی سەرژمێرییە،



سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە ژینگەیەکدا سەرکەوتوو دەبێت، کە سەقامگیری ئەمنی و سیاسیی هەبێت، بەڵام ئێستا بارودۆخی ئەمنی و سیاسیی ناوچە دابڕینراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئاسایی و سەقامگیر نییە، تەنانەت کاتی خۆی ئەو عەرەبانەی دەیانهێنان کورد و ناوچەکانی پێ دەکرد بە عەرەب، کە هەموویان عەرەبی شیعە بوون، ئێستا ئەمانە هەموویان بوونەتە چەکدار و لە ناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدان و بە چەك بەرگری لە خۆیان دەکەن، بۆیە لەم بارودۆخەدا هەر سەرژمێرییەکی گشتی بکرێت، بێجگە لە سەپاندنی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی دیمۆگرافی کە بە مەست دروستیان کردووە، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ نادوورینەوە.

با پەند لە مێژوو وەربگرین و حەویجە بە نموونە بهێنینەوە، بێگومان هەموو بەڵگە مێژووییەکان ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن، کە هەتا ساڵی ١٩٣٦ یەك کەس لە حەویجە نەژیاوە و لە دوای ساڵی ١٩٣٦ دروستکردنی پڕۆژەیەکی لەو ناوچەیە کۆمەڵێك ماڵی عەرەب هاتن لەو شوێنە نیشتەجێ بوون، لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ تۆمارکران و بوون بە کەرکووکی، ئایا ئێستا دەتوانین بڵێین حەویجە قەزایەکی عەرەبی نییە سەر بە پارێزگای کەرکووك، بەڵام ئایا نەبووەتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکووك و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە شارەکەدا؟

لە دوماهیدا جەخت لەسەر دەکەمەوە، ئێمە وەك ئەکادیمیست و تایبەتمەند لەم بوارەدا، ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بە کارێکی نیشتمانی و پیرۆز دەزانین، بەڵام گرنگە لەسەر بنەمایەکی دروست ئەم پرۆسەیە بەڕێوە بچێت و ئەو داتا و زانیارییانەی لەم پرۆسەیەدا کۆ دەکرێنەوە، داتا و زانیاریی دروست بن و ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بێت، بەڵام بەو واقیعەی ئێستا لە ناوچە دابڕێندراوەکاندا دەیبینین و تێیدا دەژین، هەرگیز ئەم سەرژمێرییە لە بەرژەوەندیی دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانەدا نابێت، بەپێچەوانە واقیعێك دەسەپێنێت کە زەحمەتە دواتر بتوانین بیگۆڕین، یان ڕاستی بکەینەوە.



# کێشەی سەرەکیی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا لاوازیی متمانەی هاووڵاتیان و پێکهاتە جیاوازەکانیەتی بە خودی پرۆسە سیاسییەکە

شڤان حەمدی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە و، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی)، ڕاشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر ئەو مەترسی و نیگەرانییانە کرد کە دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم سەرژمێرییە گشتییە هەیانە و، بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

خاڵی هاوبەشی کۆی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی بەڕێزانی پسپۆڕ و تایبەتمەند و بەرپرس لە ئامادەکاریی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی کە لەم گفتوگۆیەدا خرانە ڕوو، هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕا بووین، کە خودی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا ئیشکالییەتی گەورەی ئەوە بووە کە ئەو داتا و زانیارییانەی لەو پرۆسەیەدا لەسەر «هەیکەلییەتی تەمەنی دانیشتووان، باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات» هەمیشە جێگەی گومان بوون و نەتوانراوە وەك داتا و زانیاریی دروست بکرێتە بنەمای شرۆڤە و توێژینەوەی زانستی و لەبەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوە زانستییانەدا پلانی زانستی بۆ ئایندەی وڵات دابنرێت و، بوێرانە کێشەکان دەستنیشان بکرێت، پاشان هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بە گیانێکی نیشتمانپەروەرانەوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوجا وێڕای بوونی ئەم ئیشکالییەتە گەورەیە بە شێوەیەکی گشتگیر لەسەر کۆی پرۆسەکانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا، ئەوا لەو جوگرافیایەی لە ناو نەخشەی عێراقدا پێی دەگوترێت کوردستان و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئیشکالییەتی گەورەی ئێمە لە تەواوی پرۆسەکانی سەرژمێریی دانیشتووان لە عێراقدا ئەوەبووە ئەم پرۆسە مەدەنی و شارستانییە کراوەتە ئامرازێکی سیاسیی و دژی

کوردبوون و کوردستانبیوونی تەواوی دانیشتووانی ئەم جوگرافیا بەکار هێنراوە، بۆ گۆڕینی دیموگرفیای تەواوی ئەو ناوچانەی کە «کورد و تورکمان، کلد و سریان و ئاشووری و ئەرمەن و.. هتد» لێی نیشتەجێن، بۆیە کاتێك جەخت لەسەر تێبینی و نیگەرانییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە بەرامبەر ئەم سەرژمێرییە گشتییە، نابێت وا لێك بدرێتەوە کە خەڵکی کوردستان نایەوێت سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئەنجام بدرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوەوە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەتا ئێستا کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەتدا بەشێکین لە حکومەتەکەی بەرێز محەمەد شیاع سودانی، چارەسەری هەموو کێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە سێ بنەمادا کۆ کردووەتەوە، کەبریتین لە «هاوسەنگی، پێکەوەسازان، هاوبەشی» بۆ ئەوەی ئەم سێ بنەمایە ببنە بناغە بۆ بونیادنانەوەی ئەو عێراقەی کە لە دەستووردا بە «فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی» پێناسەکراوە، ئەوا دەبێت لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیارییانە هەنگاوی بۆ هەڵبگرین کە لە سەرژمێرییەکی گشتیی دانیشتوواندا بە دروستی کۆ دەکرێنەوە و پاشان شرۆڤەی زانستیی لەسەر دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بکرێتە بنەما بۆ پلانی ستراتیژی و، ئایندەی ئەم نیشتمانەی بۆ ١٠ ساڵی داهاتوو لەسەر بونیاد بنرێتەوە.

بەرێز وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی کە لەم گفتوگۆیە لەگەڵماندا بەشدارە، لە وەڵامی ئەو نیگەرانییانەی خەڵکانی پسپۆڕ لە لێدوانیان بۆ ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی بازنەی گفتوگۆ دەریان بڕیوە، ئاماژەی بەوە کرد، ئامانجی ئەم سەرژمێرییە گشتییەی دانیشتووانی عێراق کە بڕیارە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت، تەنیا بۆ گەشەی پەرەپێدانە لە سەرتاسەری عێراقدا و هیچ پەیوەندییەکی بە «سیاسەت، نەتەوە، مەزهەب»ـەوە نییە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵ و ماندبوونی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی و هەرێم بەرز دەرنرخێنین کە هەوڵێکی زۆریان خستووەتە گەڕ بۆ ئامادەکاری و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم پرۆسە گرنگەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، بەڵام پرسیاری لۆژیکی ئەوەیە ئایا سیاسەت و پەرەپێدان وەك دوو جمك لە یەکتری جیا دەکرێنەوە؟ ئەزموونی تەواوی دەوڵەتەکانی جیهان ئەوەیان سەلماندووە کە پرۆسەی پەرەپێدان لە ناو هەناوی پرۆسەی سیاسیدا لەدایك دەبێت، سیاسەت پرۆسەی پەرەپێدان ئاراستە دەکات نەك پەرەپێدان سیاسەت ئاراستە بکات، باشترین نموونە لەسەر ئەوەی سیاسەت پرۆسەی پەرەپێدان ئاراستە دەکات، نموونەی «کۆریای باکوور و کۆریای باشوور»ـە، کۆریای باکوور لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی و کۆکۆژ «ڕۆکێتی کیشوەربڕ و کڵاوەی ئەتۆمی، ژێردەریایی ئەتۆمی و...هتد» کێبرکێی زلهێزەکانی جیهان وەك ئەمریکا و هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی دەکات و گەلەکەی خەریکە لە برسان دەمرێت، لە تەنیشتیەوە کۆریای باشوور پەرەپێدان لە سێکتەرەکانی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و کۆی سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا دەکات، بۆیە دەبین لە دوای حەوت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان، کۆریای باشوور یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بە ئاستی سێیەم و چوارەم ڕیزبەندن دەکرێت، بۆیە کاتێك پرۆسەی پەرەپێدان سەرکەوتوو دەبێت و وڵات دەتوانێت هەنگاو بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام هەڵبگرێت کە پرۆسەی سیاسیی لەو وڵاتانەدا لەسەر بنەمایەکی پتەوی تەواوی هاووڵاتیان و کۆی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو نیشتمانە بە پرۆسە سیاسییەکەی خۆیان هەبێت.

بەداخەوە کاتێك واقیعی پرۆسەی سیاسیی عێراق وەك خۆی دەخوێنینەوە، ناچارین دەست بخەینە سەر ڕاستییەکان و ڕاشکاوانە دەست بخەینە سەر برینەکان و بڵێین: «کێشەی سەرەکیی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا لاوازیی متمانەی هاووڵاتیان و پێکهاتە جیاوازەکانیەتی بە خودی پرۆسە سیاسییەکە»، بۆیە کاتێك لە ناو ئەم واقیعەوە خەڵکی کوردستان سەیری بەڕێوەچوونی پرۆسە سیاسییەکە، بەتایبەتی سەیری بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکات کە تا ئێستاش پرۆسەی بەعەرەبکردنی خاك و دانیشتووانەکەی بە شێوازی جۆرا و جۆر بەردەوامیی هەیە، ئەوا لەبری ئەوەی پێشوازی لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق بکات، ئەو ترس و گومانەی لادروست دەبێت کە سبەی ئەو داتا و زانیارییانەی لەم پرۆسە مەدەنی و شارستانییەدا کۆ دەکرێنەوە، بە هۆکاری سیاسی دژی ناسنامەی کوردبوون و کوردستانیبوونمان بەکار بهێنرێتەوە.

**پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا ئیشکالییەتی گەورەی ئەوە بووە کە ئەو داتا و زانیارییانەی لەو پرۆسەیەدا لەسەر «هەیکەلییەتی تەمەنی دانیشتووان، باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات» هەمیشە جێگەی گومان بوون**

**ئیشکالییەتی گەورەی ئێمە لە تەواوی پرۆسەکانی سەرژمێریی دانیشتووان لە عێراقدا ئەوەبووە ئەم پرۆسە مەدەنی و شارستانییە کراوەتە ئامرازێکی سیاسیی و دژی کوردبوون و کوردستانبیوونی تەواوی دانیشتووانی ئەم جوگرافیا بەکار هێنراوە**

**ئەزموونی تەواوی دەوڵەتەکانی جیهان ئەوەیان سەلماندووە کە پرۆسەی پەرەپێدان لە ناو هەناوی پرۆسەی سیاسیدا لە دایک دەبێت**



پ.د. نەزاکەت حوسێن

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# پرسی سەرژمێریی گشتیی عێراق پرسێکی نیشتمانییە و دەبێت بە تەوافوقی گشت پێکهاتەکان شێواز و ڕێکارەکانی ئەنجام بدرێت

پ.د.نەزاکەت حوسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کوردیش گلۆپ»ـە و لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی) بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

سەرژمێریی دانیشتووان پرسێکی گرنگی نیشتمانییە و پێویستە لە هەر وڵاتێکدا بەپێی ڕێکارە یاسایی و دەستوورییەکان لە کاتی پێویستدا ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی بە جەنگ و کارەساتی مرۆییدا دەڕۆن، کە دەرەنجامەکانی جەنگ کاریگەریی دەبێت لەسەر کەمبوونەوە و ونبوونی خەڵك. عێراق وەك وڵاتێك کە خەریکە نیو سەدەیەك تێدەپەڕێنێت کە بە جەنگ و ململانێی یەك لە دوای یەکدا ڕۆێشتووە و، مێژوویەکی درێژیشە سەرژمێری تێدا نەکراوە، ئەمە جگە لە زیادبوون و کەمبوونەوەی سرووشتیی ژمارەی دانیشتووان کە بە لەدایکبوون و مردن ڕوو دەدات، ئەم وڵاتە تووشی فەوتان و لەناوچوون و ونبوونی ڕێژەی بێشوماری خەڵك بووەتەوە لەو جەنگ و ململانێیانەدا، ئەمە جگە لە کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات و هاتنە ناوەوەی خەڵکانێکی زۆر چ لە دەرەوەی وڵات بۆ عێراق، یان لە ناوخۆی عێراقدا لە نێوان ناوچەکانیدا



جێگۆڕکێ بە دانیشتووانەکەی کراوە، ئایا بە خواستی خۆیان بوویێت، یان بە زۆرەملێی وەك ڕاگواستن و تەعریبکردن. لێرەدا باسەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم سەرژمێرییە بۆ ڕێکخستنەوەی وڵاتە دوای ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوانە و زانینی ژمارەی دانیشتووان و نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانە؟ یان باسەکە ئەجێندا و بەرنامەیەکی دیکەی لە پشتە؟ لە هەر حاڵەتێکدا بێت، دەبێت ڕەچاوی نەتەوە، شوێنی جوگرافی، ئایین، زمان و تەنانەت ڕەنگی پێستیش بکرێت، چونکە ئەمە پێوەرێکی جیهانییە و ناکرێت سڕینەوە بە ڕێژە و ژمارەی هیچ بابەتێکی دیمۆگرافیی مرۆڤەکان بکرێت. ئەم پرسە پرسێکی نیشتمانییە و هەموو پرسە نیشتمانییەکانیش لەم وڵاتەدا لەسەر بنەمای تەوافوق ئەنجام دراون و دەستووری وڵاتیش بنەمای تەوافوقی بۆ ئەنجامدانی هەر پرسێکی نیشتمانی داناوە، چونکە کۆی سیستمە ئیداری و سیاسییەکە تەوافوقییە، ناکرێت پرسە نیشتمانییەکان تاك لایەنە لەلایەن گرووپێك، یان مەزهەبێك، یان بەرەیەکەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

بە بۆچوونی خۆم ئەنجامدانی ئەم پرسە بەو شێوەی کە فۆڕمەکەی بۆ ئامادە کراوە لەم ساتەوەختەی عێراقدا کە سەقامگیرییەکی سیاسی نییە و کۆدەنگی لەسەر شتەکان نەماوە، دەرفەتێك دۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی تەواوکاریی بۆ ئەو ئەجێندای سڕینەوەیە بکات، کە دەیانەوێت بە یاسا تاکڕەویی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لەم وڵاتەدا دروست بکەن و، تەواوی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و پێکهاتەکان لە ناو بازنەیەکی یەك مەزهەبی و یەك نەتەوەییدا بسڕنەوە، کە ئەمە جیاکاریی ڕەگەزییە جگە لەوەی پێچەوانەی بەیاننامە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤە، سەرەتایەکیشە بۆ دروستبوونی پشێوی و ئاژاوەنانەوە و یەکتربڕینی دیکە و وڵات خستنەوە بەر مەترسی و جەنگی ناوخۆیی، بۆیە ئەوەی گرنگە بکرێت، ئەوەیە کە هەموو هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بە نیشتمانی بکرێت و لە شێوازی فۆڕمەکەوە تا ڕێکارەکانی ئەنجامدانی، بە تەوافوقی کۆی پێکهاتەکان بکرێت. ئەگەر بەو شێوەیە نییە و گومان هەیە لە شتەکان، هەرچی زووترە ڕاگەیاندن بخرێتە گەڕ بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك و پێکهاتە و ئایین و نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان، تاکو بەرچاوڕوون بن، لە مەترسیی ئەم کارە بەم شێوەیە و، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ئاگادار بکرێنەوە کە چاودێرن بە سەر مافەکانی مرۆڤەوە بۆ بەرگرتن لەم سڕینەوە و تاکڕەوی و وڵات بەرەو هەڵدێر بردنە، لە هەمان کاتدا دەبێ کۆی پێکهاتەکانی وڵات هەڵوێست وەرگرن لەسەری و نەهێڵن مافی هیچ نەتەوەیەك پێشێل بکرێت و هیچ سڕینەوە و جیاکارییەك دروست ببێت.

**دەرفەتێك دۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی تەواوکاریی بۆ ئەو ئەجێندای سڕینەوەیە بکات، کە دەیانەوێت بە یاسا تاکڕەویی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لەم وڵاتەدا دروست بکەن**

**دەستووری وڵاتیش بنەمای تەوافوقی بۆ ئەنجامدانی هەر پرسێکی نیشتمانی داناوە**



**د. جەلال ئەحمەد**

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# سەرژمێری لە عێراقی نوێدا پرسێکی بە سیاسی کراوە و دەرەنجامەکانی هێندەی سیاسی دەبن، هێندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نابن

**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستایە لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی) بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان لە عێراقدا، لەمساڵ و لەم کات و ساتە هەستیارەدا، کە ناوچەکە لە دۆخێکی ناهەموار و ناسەقامگیری سیاسیدایە، هێندەی ئەجێندایەکی سیاسییە، هێندە ئەجێندایەکی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی نییە. نیازێك هەیە سەرژمێری بکرێتە باشترین میکانیزم بۆ تەوزیفکردنی بەرنامەی حکوومیی کابینە وەزارییەکەی سەرۆکی ئێستای حکومەتی عێراق، کەواتە سەرژمێری لە عێراقی نوێدا پرسێکی بە سیاسی کراوە و دەرەنجامەکانی هێندەی سیاسی دەبن، هێندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نابن و ڕەنگە ململانێ مەزهەبی و تائیفی و ئێتنییەکانیش قووڵتر بکاتەوە. هەر خۆی دەبوایە پانزە ساڵ پێش ئێستا ئەم پرسە یەکلایی بکرابایەتەوە، بەڵام بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی عێراق لەژێر کاریگەریی بەردەوامی سیاسەتی شۆڤێنی و ئەجێندای بەشێك لە وڵاتانی هەرێمیدا، بە ئەنقەست و بە پیلان خۆیان لە ئەنجامدانی سەرژمێری دزییەوە، لەبەر ئەوەی لایان ڕوون بوو، ئەنجامەکان بە تایبەت لە ناوچە دابڕێندراوەکان بە دڵ و مەرامی ئەوان نابێت، ئێستا کە ئەو ناوچانە لەژێر هەیمەنەی ئەواندان و دوای شەڕی داعشیش هەڵمەتێکی چڕی بەعەرەبکردنیان لەو ناوچانە بەڕێوە بردووە، بێگومان ئێستا مکوڕن لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری و دەشیانەوێ بیکەنە بەدیلی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧یش.

بۆ کورد لە چەند ڕوویەکەوە مەترسی هەیە و مایەی نیگەرانییە، بەتایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو ناوچە کوردستانییانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە بە تەواوەتی چۆڵ کراون، پرۆسەکە خەرقی دەستووریشە

که له ماددەی ١٤٠ وەك هەنگاوی پێش ئەنجامدانی سەرژمێری و ڕیفراندۆم، دەبوو بارودۆخی ئەو ناوچانە لە ڕووی ئێتنی و ئیدارییەوە ئاسایی بکرێتەوە و نەکرا، کەواتە ئێستا چ ڕێکارێکی دەستووری و یاسایی گیراوەتەوە بەر بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە تا سەرژمێری لەو ناوچانەدا ئەنجام بدرێت. ئەمە سەبارەت بە ئێتنۆگرووپەکانی دیکەی وەك تورکمان و کریستیانەکان و پێکهاتە ئاینییەکانی دیکەش هەر ڕاستە.

هەڵبژاردن و پشکی هەر ناوچە و پارێزگایەکیش لە پێکهاتەی پەرلەمان بەشە بودجەی ساڵانەش، لەو پرسانەن کە نیگەرانییان دروست کردووە لای ئێتنۆگرووپەکانی غەیرە عەرەب، بەتایبەت کە مەترسیی ئەگەری دەسکاریکردنی بەئەنقەستی داتا و زانیارییەکان هەیە، بەو پێیەی سەرژمێرییەکە لە ڕێی ئامێری ئەلیکترۆنییەوە ئەنجام دەدرێت و زانیارییەکانیش بە ئۆنلاین کۆ دەکرێنەوە، بە دوور نازانرێت هاوشێوەی ئەنجامی هەڵبژاردن گەمەی سیاسییان پێوە نەکرێت.. هیوادارم ئەم نیگەرانییانە ببنە پەیام بۆ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سەردەم و قورسبوونی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانەوە، بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی کورد پەیڕەوی لە سیاسەتی ڕێکخستن و سنووردارکردنی وەچەخستنەوە دەکەن، لە دواهەمین ڕاپۆرتە پزیشکیەکاندا هاتووە، کە کەرستە و دەرمان و چارەسەرییەکانی ڕێگریکردن لە سکپڕی و منداڵبوون، لە هەرێمی کوردستاندا بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر بەکار دەهێنرێن، کەواتە سیاسەتێکی خۆگونجاندن لە ڕێی ڕیگریکردن لە خستنەوەی وەچە و ڕێکخستنی خێزان لە لایەن هاوسەرانەوە گیراوەتەبەر، بۆیە وەك لە هەندێك ڕووپێو و ڕاپۆرتی ئامارییدا هاتوو کە تێکڕای ناوەندی ئەندامانی خێزان لە هەرێمی کوردستاندا زۆر کەمترە لە تێکڕای ناوەندی ئەندامانی خێزان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، ئەگەر ئەم ڕەوش و پلان و سیاسەتە بەو شێوەیە بەردەوام بێت، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا بەزیانی ئاسایشی نەتەوەییمان تەواو دەبێ و خەتاباری سەرەکییش لەمەدا بەردەوامیی قەیرانی دارایی و سیاسەتی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانە، کە لە زۆر ڕووەوە بارگرانیی بۆ هاووڵاتیانی هەرێم دروست کردووە و بە پێداویستییەکانی ژیان و پەروەردە و پێگەیاندنێکی تەندروستی منداڵەکان ڕاناگەن.

هاوکات هەندێ ڕێکار و یاسا هەن کە سەرباری ڕەهەندی لۆژیکی و مافدۆستی و سەردەمیبوونیان، بەڵام بە حوکمی بارودۆخ و ژینگەی سیاسی لە زۆر ڕووەوە بە زیان دەشکێنەوە. ڕاشکاوانەتر دەمەوێ بڵێم، کە هەرچەند وەك خۆم لەگەڵ فرەژنی و زۆری و بۆریدا نیم، بەڵام مەرجدارکردن و قەدەغەکردنی فرەژنی و یاسای توندوتیژیی خێزانی لە هەندێ ڕووەوە لە هەرێمدا بە زیانی ئاسایشی نەتەوەییمان شکاوەتەوە، لە کاتێکدا ئێمە لە وڵاتێکدا دەژیین، کە هێشتا هەوڵی سڕینەوەمان دەدرێ و پێشتریش جینۆساید و ئەنفال و دەربەدەر کراوین. بۆیە دەبوایە لە جاران زیاتر هەوڵی فراوانکردنی خێزان و وەچەخستنەوەمان دابا. لە بەرانبەردا عەرەبەکانی عێراق بە ژن و پیاوەوە هێشتا سادەتر لە ژیان و پێداویستییەکانی دەڕوانن و فرەژنییش هێندە بە لایانەوە کێشەیەکی ئەوتۆ نییە، بۆیە گرنگە پەرلەمانی داهاتووی هەرێم بە هەندێ لە پرۆژە یاساکاندا بچێتەوە، لە نووسینەوەی هەر پرۆژە یاسایەکی نوێشدا، لە ڕەهەندی جیاوازەوە خوێندنەوەیان بۆ بکات و پێش لەبەرچاوگرتنی لایەنە ئەرێنییەکان، ئەو ئاکامە نەرێنییانە بە هەند وەربگیرێت کە ڕەنگە یاساکە بە دوای خۆیاندا بهێنێ و زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بگەیەنن.

لە لایەکیترەوە کۆچکردن بە تایبەت کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات، یەکێکی دیکەیە لە ئالنگارییەکان و مەترسیی جددی لەسەر لاسەنگبوونی ژمارەی دانیشتووان دروست دەکات، لە کاتێکدا لە زۆر باردا ژمارەی دانیشتووان کە کراوەتە بنەما بۆ زۆر پرسی سیاسی و ئابووری. مەبەستمە بڵێم کە ئەم دیاردەیە پێدەچێ لە هەرێمی کوردستاندا پتر هەبێت بەراورد بە پارێزگاکانی تری عێراق، بەتایبەت کە قەیران و تێکچوونی ڕەوشی دارایی و کەمبوونەوەی دەرفەتی کارکردن و دامەزران لە هەرێمدا وای لە گەنجانمان کردووە بیر لە کۆچکردن بکەنەوە، لەم ساڵانەی دواییشدا ژمارەیەکی زۆریان بەو هۆیەوە کۆچیان کرد، لە کاتێکدا لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور دۆخەکە لەم بارەیەوە زۆر باشترە و خەڵکی ئەوێ لە چاوەڕوانی هەواڵی هات و نەهاتی مووچەدا نین. ئەم کۆچکردنەی گەنجان جگە لە سستکردنی گەشەی دانیشتووانی هەرێم، ژمارەیەکی زۆری کچانیش بێ هیوا لە چاوەڕوانی هاوسەرگیریدا دەهێڵێتەوە و بە دووریش نازانرێ لە داهاتوودا قەیرانی هاوسەرگیری سەرهەڵبدات و گەشەی دانیشتووانی هەرێم زیاتر بەرەو کەمی بچێت، بەتایبەت ئەگەر قەیرانی دارایی و بە دوایدا قەیرانی سیاسییش بەردەوامییان هەبێت و ئاراستەی گۆڕانی ڕەوشی سیاسی و ئابووری هەڵنەگەڕێتەوە.

**نیازێک هەیە سەرژمێری بکرێتە باشترین میکانیزم بۆ تەوزیفکردنی بەرنامەی حکوومیی کابینە وەزارییەکەی سەرۆکی ئێستای حکومەتی عێراق**

**بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی عێراق لەژێر کاریگەریی بەردەوامی سیاسەتی شۆڤێنی و ئەجێندای بەشێک لە وڵاتانی هەرێمیدا، بە ئەنقەست و بە پیلان خۆیان لە ئەنجامدانی سەرژمێری دزییەوە**

**بۆ کورد لە چەند ڕوویەکەوە مەترسی هەیە و مایەی نیگەرانییە، بەتایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو ناوچە کوردستانییانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە بە تەواوەتی چۆڵ کراون**

**بەو پێیەی سەرژمێرییەکە لە ڕێی ئامێری ئەلیکترۆنییەوە ئەنجام دەدرێت و زانیارییەکانیش بە ئۆنلاین کۆ دەکرێنەوە، بە دوور نازانرێت هاوشێوەی ئەنجامی هەڵبژاردن گەمەی سیاسییان پێوە نەکرێت**



فەرهاد محەمەد

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# لووتکەی گەشەی دانیشتووان لە وڵاتێکدا دروست نابێت، کە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی تێدا نەبێت، یان زۆر کەم بێت

**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە و لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکان و ئاکامەکانی) بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

بەپێی ئەو مەزندە و خەملاندنانەی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بۆ گەشەی دانیشتووان کردوویەتی، لە ساڵی ٢٠١٧ ژمارەی دانیشتووانی عێراق بە ٣٧ ملیۆن کەس خەمڵێندراوە، ئێستا کە بەرەو ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی دەچین، بەپێی ئەو مەزندە و خەمڵاندنانەی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بۆ ڕێژەی دانیشتووانی عێراق کراوە، بە زیاتر لە ٤٣ ملیۆن کەس خەمڵێندراوە، ئەم ئامارە خەمڵێندراوە، پێمان دەڵێت گەشەی دانیشتووانی عێراق ساڵانە لە سەرووی یەك ملیۆن کەسەوە زیاد دەبێت و ڕێژەی گەشەی دانیشتووان بە ٢,٦٪ لە ساڵێکدا حیساب کراوە.

بەپێی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی عێراق لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو (٢٠١-٢٠٢٤) پیایدا تێپەڕیوە، ئەو داتا و زانیارییانەی بە مەزندە و خەمڵاندن بۆ گەشەی دانیشتووان دەخرێنە ڕوو، جێگەی گومانن و ناتوانرێت بکرێنە بنەمای توێژینەوەی زانستی و پلانی ستراتیژیی بۆ ئایندە لەسەر دابڕێژرێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەی ڕابردوو لە عێراقدا سەقامگیریی سیاسی نەبووە، لە ئایاری ساڵی ٢٠١٨ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەنجام درا، بەڵام شەش تا حەوت مانگی پێچوو هەتا حکومەتیان پێك هێنا و حکومەتەکەش بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی کەمتر لە ساڵێکی پێ نەچوو، ناچاری دەست لەکارکێشانەوەیان کرد و لە ساڵی ٢٠١٩وە تا ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٢ حکومەت لە عێراقدا حکومەتی کاربەڕێکەر بووە.
- لە ماوەی ساڵانی نێوان ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢ لە عێراقدا بێجگە لەوەی پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەوە، لە هەمان کاتدا بەردەوام خۆپیشاندان و توندوتیژی هەبووە و تەنانەت سەقامگیریی ئەمنیش لە عێراقدا نەبووە.
- بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دادی عێراقی،

ڕێژەی تەڵاق و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزان لە عێراقدا ساڵانە ٧٥٠٠٠ حاڵەتی تێپەڕاندووە، ئەم ئامارە فەرمییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و خێزان لە کۆمەڵگەی عێراقدا نەك هەر نییە، بەڵکو لە حاڵەتێکی مەترسیداریشدایە.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە و زیاتر ڕێژەی گەشەی دانیشتووان دەخاتە خانەی گومانەوە، ئەوەیە کە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی ئاماژەی بە هیچ ڕاپۆرتێکی وەزارەتی تەندروستی نەکرد بۆ ئەوەی بزانرێت ڕێژەی مردن لە عێراقدا چەندە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕێژەی گەشەی دانیشتووان بە جیاوازیی ڕێژەی لەدایکبوون و ڕێژەی مردن بە دروستی دیاری دەکرێن، بەڵام دیارە ڕاپۆرتی وەزارەتی تەندروستی وەك پێویست بەردەست نییە، هەر بۆیەشە لەو ڕێژەیەی بۆ گەشەی دانیشتووان دەخرێتە ڕوو لە نیوان (٢,٣٪ تا ٢,٦٪) گەمە دەکات.

ئامانجێکی دیکە لە پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان ئەوەیە کە پێکهاتەی تەمەنی کۆمەڵگە بە دروستی دیاری بکات، بەپێی خەمڵاندن و مەزندەکانی وەزارەتی پلاندانان ئەوانەی تەمەنیان لە خوار ١٥ساڵییەوەیە ڕێژەی ٤٠٪ دانیشتووانی عێراق پێك دەهێنن، ئەمە لەکاتێکدا وەك د.ئەمین ئیدریسی جەختی لەسەر کردەوە، بە ڕێژەی ١٤٪ لە سەرووی ستاندەری جیهانییەوە و، خاتوو نیدا ئەم جیاوازییەی ناو لێناوە «لووتکەی گەشەی دانیشتووان»، یان وەك بە عەرەبی پێ دەڵێن «الهبة الديموغرافية»، بەڵام لووتکەی گەشەی دانیشتووان لە وڵاتێکدا دروست نابێت، کە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی تێدا نەبێت، یان زۆر کەم بێت.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەم لایەنەی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، لەبەر ئەوە بوو، فۆڕمی سەرژمێریی دانیشتووان لەسەر بنەمای ئامانجی پەرەپێدان ڕێك خراوە و بڕگە بۆ «نەتەوە، ئایین، مەزهەب» تەرخان نەکراوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئامانجی ئەم سەرژمێرییە ئەوەیە کە داتا و زانیارییە مەزندە و خەملێندراوەکانی وەزارەتی پلاندانانی فیدڕاڵی بکاتە ڕاستی و دیکۆمێنت لە ئاکامی ئەم سەرژمێرییە گشتییەدا؟ بەداخەوە بەشێك لە بۆچوونەکان بەو ئاراستەیە بوون کە بە ئامانجی سیاسی ئاکامی ئەم سەرژمێرییە گشتییە داتا و زانیارییە مەزندەکراو و خەملێندراوەکان دەکاتە دیکۆمێنت و ڕاستی و، لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیارییانە پلانی پەرەپێدان بۆ ئایندەی وڵات دادەڕژێرێت، کە پێناچێت لەسەر بنەمای داتا و زانیاریی بە گومان پلانی ستراتیژیی سەرکەوتوو دابڕێژرێت.

جیا لەم لایەنە، لە ڕوانگەی هەرێمی کوردستان و دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەم سەرژمێرییە گشتییە بۆ ئەوەیە نەزانرێت ڕێژەی دانیشتووانە کوردستانییەکەی ناوچە دابڕێنراوەکان چەندن، تا ئەوەی بکرێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی کێشەی ئەو ناوچانەی لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ پێ یەکلایی بکرێتەوە و، پاشان ڕیفراندۆم بکرێت بۆ ئەوەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بڕیار بدەن، دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، یان هەر لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەمێننەوە، بۆیە لابردنی بڕگەی دیاریکردنی «تەمەن، نەتەوە، مەزهەب» بە هۆکارێکی سیاسی سەیر دەکرێت، بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ جێبەجیکردنی ماددەی ١٤٠ دروست بکرێت و کێشەی ئەو ناوچانە هەر بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠١٠ کە هەموو ئامادەکارییەکان و بوودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی تەرخان کرابوو، بەڵام لە دوایین قۆناغدا بەو پێشنیارەی وەزارەتی پلاندانان پرۆسەکە پەکی کەوت، کە لە فۆڕمی ئەو کاتی سەرژمێرییە گشتییەکەدا هەوڵێك درابوو، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لە ناو هەرێمی کوردستان و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە سەر «کورد، کوردی ئێزدی،کوردی شەبەك» دابەش بکرێت، کە ئەمەش بە تەواوەتی لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانەوە ڕەت کرایەوە کە نەتەوەی کورد دابەش بکرێت، سەرەنجامیش پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراق پەك خرا.

ماوەتەوە بڵێین: هەست بە جۆرێك لە هاوکاری و هەمانگی لە نێوان وەزارەتی پلاندانانی فیدڕاڵی و وەزارەتی پلاندانانی هەرێم و دەستەی ئاماری فیدڕاڵی و دەستەی ئاماری هەرێم دەکرێت و، هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەو تێبینی و سەرنجانەی هەرێمی کوردستان لەسەر کۆی پرۆسەکە و ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەکە هەیەتی، بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەسەر و یەکلایی بکرێنەوە، بەڵام کاتێك سەیری ئەو ماوە کورتە دەکەین کە لە بەردەممانە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی و هەتا ئێستا قۆناغی «گەمارۆدانان و ژمارەدانان» کە قۆناغی پێش کۆتایی پرۆسەی سەرژمێریی گشتییە و هێشتا لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ نەکردووە، لەمەش زیاتر سەنتەری داتای هەرێم تەواو نەبووە، ئەوا ناتوانین بەو ئاستە گەشبین بین، کە لەو کاتەی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیی گشتی دانراوە، بەسەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت.

**ئەو داتا و زانیارییانەی بە مەزندە و خەملاندن بۆ گەشەی دانیشتووان دەخرێنە ڕوو، جێگەی گومانن و ناتوانرێت بکرێنە بنەمای توێژینەوەی زانستی و پلانی ستراتیژیی بۆ ئایندە لەسەر دابڕێژرێت**

**لە ماوەی ساڵانی نێوان ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢ لە عێراقدا بێجگە لەوەی پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەوە، لە هەمان کاتدا بەردەوام خۆپیشاندان و توندوتیژی هەبووە و تەنانەت سەقامگیریی ئەمنییش لە عێراقدا نەبووە**

**ڕاپۆرتی وەزارەتی تەندروستی وەک پێویست بەردەست نییە، هەر بۆیەشە لەو ڕێژەیەی بۆ گەشەی دانیشتووان دەخرێتە ڕوو لە نیوان (٢,٣٪ تا ٢,٦٪) گەمە دەکات**

**لە ڕوانگەی هەرێمی کوردستان و دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەم سەرژمێرییە گشتییە بۆ ئەوەیە نەزانرێت ڕێژەی دانیشتووانە کوردستانییەکەی ناوچە دابڕێنراوەکان چەندن**

١٩٠
لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

## بواری سیاسی

### کار دەکەین لە پێناو:

پێکەوە لەگەڵ حزب و هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەین لەپێناو هاتنە ئارای (دەستووری هەرێمی کوردستان)، دەستوورێك کە زامنی ماف و ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بکات بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و، لە لایەن گەلی کوردستانیشەوە پەسەند بکرێت و، وەك گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی پێگیر ببێتە مەرجەعی چارەسەری هەموو گرفتە یاسایی و سیاسییەکان.

پشتیوانیکردنی تەواوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی سەروەریی یاسا و پاراستنی یەکێتیی خاك و گەل و بەردەوامبوونی لە هەڵمەتی گەشەپێدانی وەك یەکی هەموو ناوچە و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

جەخت دەکەینەوە لەسەر ئازادیی هزری و سیاسی لە سەرانسەری کوردستاندا و، دژی پاوانکاریی سیاسی و ئیرهابی فیکری دەوەستینەوە.

دژی هەر نەهجێکی تیرۆریستی توندڕەوی و توندوتیژیین، کە لەسەر بنەمای نەژاد و ئایین و ئایینزا و ڕەگەز، جیاکاریی لە نێوان هاووڵاتیاندا دەکات، یان دژی ئازادیی کوردستان و ماف و ئازادییە گشتییەکان بێت.

وەك هەمیشە کاردەکەین لەپێناو قووڵترکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی، ڕێ لە هەموو ئەو هەوڵ و خەونە نەزۆکانەش دەگرین، کە دەبنە هۆکاری بێئومێدی و ڕەشبینی، تایبەت لە نێو گەنجان و نەوەی تازەدا.

ڕۆشنبیریی سیاسی کە بنەمایە بۆ پێکەوەژیان، یەکترقبووڵکردن و دیالۆگی بەرهەمهێن، لە ژێر هەژموونی پۆپۆلیستی و زمانی تانەتەشەر و خراپ بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا، لە قەیراندایە، بە ڕێگە یاسایی و ئەکادیمی و میدیاییەکانەوە، کار بۆ چارەسەرکردنی دەکەین.

لەپێناو زامنکردنی ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و چەسپاندنی مافە دەستوورییەکان، پێکەوە کاردەکەین بۆ بەدیهێنانی کۆدەنگییەکی کوردستانی و ڕێککەوتنی سیاسی.



## لەسەر پرەنسیپە نەگۆڕە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان

چەسپاندنی پتری سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە دادگە و دەسەڵاتی دادوەری کە بەشێکە لە ڕوانگەی نەگۆڕی پارتی.

پتەوکردنی پێوەندی سیاسی لەگەڵ هێزە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان.

جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق کاری لەپێشینەی پارتی-یە.

لە ڕێی هاوئاهەنگی و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا، کار دەکەین بۆ پابەندبوونی پەرلەمان، حکوومەتی فیدراڵی عێراق و دامەزراوە فیدراڵییەکان بە بنەماکانی: هاوبەشی، سازان، و هاوسەنگی.

کاردەکەین بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی شنگال، کە لە نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا واژوو کراوە، تا شنگال سوودمەند بێت و خەڵکە ئازیزەکەشی سەربەرزانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

١٩٠ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان



پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك هەمیشـە دژی سیاسـەتی گۆڕینـی دیمۆگرافـی و ڕاگواسـتن و دەرکردنـی کـورد و نەتـەوە ڕەسـەنەکانی دیکەیـە لـە زێـدی خۆیـان.

جەخـت کردنـەوە لەسـەر جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی فیـدراڵ و گەڕاندنـەوەی تێکـڕای ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم کـە بڕگەکانـی ئـەو مـاددە دەسـتوورییە دەیانگرێتـەوە.

بـەردەوام دەبیـن لـە هەوڵەکانمـان بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـی ئـاوارەکان، باشـترکردنی ژیـان و گوزەرانیـان، هەروەهـا بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ حکوومەتـی فیدراڵـی عێـراق کار دەکەیـن بـۆ گەڕانەوەیەکـی ئارەزوومەندانـە و سـەربەرزانەی ئـاوارەکان بـۆ زێـدی خۆیـان و قەرەبووکردنەوەیـان.

هەوڵدانـی بـەردەوام بـۆ ئـەوەی حکوومەتـی فیدراڵـی عێـراق قەرەبـووی قوربانییانـی جینۆسـاید، لـە نێویانـدا جینۆسـایدی شـەڕی داعـش بکاتـەوە.



## کارگێڕی و ئابووری و چاکسازیی گشتی

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکات لە پێناو:**

دابینکردنی مووچە گرنگترین کاری لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەو پێناوەدا هەموو هەوڵەکان دەخەینە گەڕ و بە هەر جۆرێك بێت نابێت مووچەخۆرانی کوردستان بێبەش بکرێن لەو مافە بنەڕەتییە.

بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی عێراقدا، هەوڵ دەدەین مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان هاوتای مووچەی حکوومەتی فیدراڵ بێت.

بەردەوامبوون لە پرۆسەی چاکسازی، دەرچوواندنی یاسا و ڕێنماییی پێویست لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی کارگێڕی و ئابووری و بەهەدەردانی سامانی گشتیدا.

١٩٠
لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

لەپێناو تۆکمەکردنی پایەکانی حوکمڕانییەکی باش، بەردەوام دەبین لە پرۆسەی چاکسازیی کارگێڕی و ئابووریی سەرتاسەری، بە جۆرێك کە هەموو جومگەکانی حوکمڕانی و کایەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە.

بەردەوامبوون لەو چاکسازییانەی لە کەرتی ئابووریی کوردستاندا دەکرێت، بەرەو زیادکردن و جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نێوخۆ و پشتنەبەستن تەنیا بە کەرتێکی دیاریکراو. هەروەها بووژاندنەوەی زیاتری کەرتەکانی؛ کشتوکاڵ و ئاودێری، پیشەسازی و پیشەگەری و گەشتیاری، هەروەها ئاسانکاری و هاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی نێوخۆ و دەرەوە.

هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هەژاری، لە ڕێی خزمەتکردنی پتر بە کەمدەرامەت و کرێچی و بێسەرپەرشتان، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ دەزگا و دامەزراوە پێوەندیدارەکان هاوکار و هەماهەنگ دەبین.

بەردەوامبوون لەسەر هەموو ئەو یاسا و ڕێنمایی و ڕێوشوێنە یاساییانەی گیراونەتەبەر لە پێناو بوونی شەفافییەت و بەرچاوڕوونی لە بواری داهات و خەرجییەکاندا، هەموارکردن و دەرچوواندنی یاسا و ڕێنمایی پێویستی دیکەش بۆ زامنی شەفافییەتی زیاتر.

هەوڵدانی یاسایی و کردەیی بەردەوام بۆ کەمکردنەوەی بیرۆکراسییەت، ڕۆتین و ڕێگرتن لە قۆرخکاری.

بە ئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگە، کار بۆ گشتگیریکردنی دەکەین.

سووربوون لەسەر دابینکردنی مووچە و خەرجکردنی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان و تێکڕای شایستە داراییەکان.

بەردەوامبوون لە پرۆژەکانی گەشەپێدان لە هەموو بوار و سێکتەرەکاندا، بە ڕەچاوکردنی ئەولەوییات و عەدالەت لە گەشەپێدانی شار و شارۆچکە و گوند و ناوچە دوورەدەستەکاندا.

هاندانی زیاتری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی نێوخۆ، هاوشانی وەبەرهێنانی دەرەکی و دابینکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ بووژاندنەوەی بازاڕ و سێکتەرە ئابوورییەکانی کوردستان.

## کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار

**کار دەکەین لە پێناو:**

پشتگیری و هاندانی زیاتری جووتیاران و پیشەوەران و دابینکردنی پێداویستییەکانی: پرۆژە، کارگە، کێڵگە، سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵیی، لەپێناو بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمەکانیان و بە بازاڕکردنیان، تا بگەنە ئاستێك، پێویستییەکانی نێوخۆ دابین بکەن و دەرفەتی هەناردەکردنیشیان زیاتر بێت.

بەردەوامبوون و باشتر جێبەجێکردنی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی، کە بەرهەمی خۆماڵی لە کێبڕکێی بەرهەمی هاوردەکراو دەپارێزن.

هەوڵ دەدەین بۆ پتر پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەدا، ماف و پێویستییەکانیشیان دابین دەکەین.

ژینگە، پاکڕاگرتن و سوود وەرگرتن لێی یەکێکە لەو پرسە ژیانی و ژیارییانەی، کە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان شێلگیرانە کاری لەپێناودا دەکات.

بایەخدان بە بەنداوەکانی کوردستان، کە ببێتە سەرچاوەیەکی لەبار بۆ ژیان و خزمەتی هاووڵاتییان.

دارستانەکان پێویستییان بە بایەخی زیاترە، لیستی پارتی لەو پێناوەدا کار دەکات و لەگەڵ دامەزراوە پێوەندیدارەکان هەماهەنگ دەبێت.

بەردەوامیدان بە پاراستن و گلدانەوە و ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی ئاو و سەرچاوەکانی ئاودێری، زیادکردنی بەنداوەکان، کە ڕۆڵی دیار دەبینن لە ژیاندنەوەی زیاتری کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری، گەشتوگوزار، جوانکردن و پاکڕاگرتنی ژینگەدا.

گرنگیدانی باشتر بە گەیاندنی تێکڕای خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ بۆ گوندەکان و هاندانی زیاتری گوندەواری و بووژاندنەوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

دروستکردنی سایلۆی زیاتر و ساردخانە و فراوانکردنی پرۆژەکانی پیشەسازیکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی، ئاژەڵی، پەلەوەری و کارگە خۆماڵییەکانی قوتووبەندی.

## خزمەتگوزاریی گشتی

**لیستی پارتی کار دەکات لە پێناو:**

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی یەکێکە لە ڕوانگە و کار و ئەرکەکانمان، لەو پێناوەدا هەموو هەوڵەکان دەخەینەگەڕ و، هاوئاهەنگ دەبین لەگەڵ دامەزراوە پێوەندارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

هەوڵدەدەین خزمەتگوزارییەکانی ڕێگەوبان و شارەوانی بگاتە هەموو شوێن و دەڤەرێکی هەرێمی کوردستان.

بەردەوام دەبین لە گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك: ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا، کە بە سیستمێکی هاوچەرخانە ڕێك بخرێنەوە و، بە یەکسانی بگەیەنرێنە هاوولاتیان و، ڕێ لە خەرجی زیادە و بەهەدەردانیان بگیرێت.

ڕێکخستنی هاوچەرخانەی کەرتی گواستنەوەی گشتیی و پەرەپێدانی زیاتری.

بایەخدانی زیاتر بە کەرتی نیشتەجێکردن کە هاوولاتیان لێی سوودمەند بن، وەك مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤ.

هاندانی وەبەرهێنەرانی یەکەکانی نیشتەجێبوون، لە نێویاندا گوند و شارە هاوچەرخەکان (سیتی)، لە ڕووی کوالێتی، نرخ، تاپۆکردن، پارەی خزمەتگوزاری و نەخشەی بنەڕەتییەوە لە دروستکردنی باخچە و قوتابخانە و بنکەکانی وەرزش و چالاکی کولتووری.

کەرتی گواستنەوەی ئاسمانیی لە ڕووی پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پتر، جێی بایەخی پارتییە.

کەرتی گەیاندن، ئینتەرنێت، مۆبایل و هەموو ئامرازەکانی دیکە لەم بوارەدا، پێویستە هاوچەرخانە ڕێکبخرێنەوە و بە کوالێتی بەرز و نرخی گونجاو بگەنە هاوولاتی.

## پێشمەرگە و شەهیدان و ئەنفالکراوان

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کاردەکات لە پێناو:**

پشتگیریی پرۆسەی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە سوپایەکی بەهێز و پڕمەشق و پڕچەکدا دەکەین.

بەردەوام دەبین لە پرۆسەی چاکسازی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕووبەڕووی هەر تەگەرەیەک دەبینەوە کە دەکەوێتە بەردەم ئەم پرۆسەیە.

سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ و هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لەو بوارەدا هەن وەربگیرێت، تایبەت بە ئەکادیمیکردن و بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

لیستی پارتی، کار دەکات کە حکوومەتی عێراق هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە مەنزومەی سەربازیی عێراق هەژمار بکات و بە کردەیی لە بوارەکانی چەك، مەشق و ڕاهێنان، دابینکردنی ماف و شایستەکانییان بەهرەمەند بن.

پشتگیریی لە لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستان، عێراق و هاوپەیمانان دەکەین سەبارەت نەهێشتنی تیرۆر و شەڕی تیرۆرستان.

هەوڵدانی بەردەوام بۆ وەرگرتنەوەی ماف و شایستەکانی پێشمەرگە لە حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانیان و، هاوتاکردنی مووچەکانیان.

خزمەتی زیاتر بە خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراوان و، بایەخدانی زیاتر بە خانەوادەکانیان لە بوارەکانی: نیشتەجێبوون، خوێندن، خزمەتی تەندروستی، دەرفەتی کار و ژیانێکی شایستەتر.

جەخت دەکەینەوە لەسەر قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و زیانلێکەوتووانی ئەنفال، فەیلییەکان، جینۆسایدکراوانی بارزانییەکان، کیمیابارانکراوانی هەڵەبجە، جینۆسایدکراوانی شنگال، هەروەها قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و زیانلێکەوتووانی هەموو ئەو پرۆسە بەدناوانەی، کە لە مێژوودا بە نێوی: تەهجیر و تەرحیل و تەبعیس و هەر ناوێکی دیکە دەرهەق بە گەلەکەمان کراون.

کاری بەردەوام دەکەین کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی شەڕی داعش قەرەبوو بکرێنەوە.

## دامەزراوە ئەمنییەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

ئاسایشی تاك، گرووپ- کۆمەڵگە و تەواوی کوردستان بەشێکە لە پڕەنسیپە گەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، لیستی ژمارە (١٩٠)ی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ و دامەزراوە ئەمنییەکان و ئاسایشی ناوخۆ دەکات.

دڵنیایی تاك، پاراستن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، سەقامگیری و ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ ژیان و کار و کەسابەت، بە یەکێك لە ئەرکەکانمان دەزانین.

پارتی، دامەزراوە ئەمنییەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە دامەزراوە و هێزی هەمووان دەزانێت و بەردەوام دەبین لە پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی هەمووان.

دامەزراوە ئەمنییەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هەواڵگریی کوردستان ڕۆڵێکی مەزنیان لە پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و بەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان گێڕاوە، کاردەکەین بۆ پتەوترکردنی ئەم دامەزراوە فەرمییانە و پەرەپێدان بە تواناکانییان.

## تەندروستیی گشتی

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکات لە پێناو:**

ڕوانگەی پارتی بۆ کەرتی تەندروستی، ڕوانگەیەکی ژیاندۆستییە و مرۆڤ تیایدا سەنتەرە، بۆیە هەموو هەوڵێك دەخەینەگەڕ بۆ پێشکەوتنی ئەم کەرتە ژیانییە.

کار دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی تەندروستیی گشتی باشتر لە نێو چین و توێژەکاندا بڵاوبکرێتەوە.

چاو بە تەواوی سیستمی تەندروستیدا بگێڕدرێتەوە بە شێوازێك خزمەتگوزاریی چاکتر و خێراتر پێشکەش بە هاووڵاتییان بکرێت.

چڕترکردنی کۆنترۆڵی چاودێریی بازرگانیی دەرمان و کەرەستەی پزیشکییەکان.

لیستی پارتی، کار بۆ دەرچواندنی یاسایەکی هاوچەرخانەی بیمەی تەندروستی دەکات.

190

لیستی پارتی

دیموکراتی کوردستان

# پرۆسەی یەکگرتنەوەی
# هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان
# پێشینەی کارەکانمانە



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# لەپێناو حکوومەتێکی بەهێز و خزمەتگوزاردا تێدەکۆشین



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# پارتی وەک هەمیشە
# کار دەکات لەپێناو پتەوکردنی
# پایەکانی دیموکراسی



١٩٠

لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

# پارتی، شەهیدانی کوردستان، بە سیمبوولی قوربانیدان و چرای ڕێی ڕزگاری دەزانێت و هەمیشە یادیان بەرز ڕادەگرێت



**١٩٠**

**لیستی پارتی**
**دیموکراتی کوردستان**

# پارتی هانی دیالۆگی نێوان پێکهاتەکان و قووڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و لێکگەیشتن و یەکترقبووڵکردن دەدات

